نووسینی : بەرزانی مەلا تەها

# ئەدەبی فەلسەفی و
# ئەزموونە زیندووەکانی سەردەم

ناوی کتێب: ئەدەبی فەلسەفی‌و ئەزموونە زیندووەکانی سەردەم
بابەت: لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبی
نووسەر: بەرزانی مەلا تەها
تایپ: بەرزانی مەلا تەها
نەخشەسازی بەرگ: کەیوان عەبدوڵڵا
ژمارەی سپاردن:
چاپ: یەکەم . 2008
چاپخانە: شڤان
تیراژ:500 دانە

پێشکەشە بە:

باوکم (مامۆستا مەلا تەها)                    دایکم (زەینەب حەمەعەلی).

هاوسەرو خۆشەویستم (مەهاباد).

# پێشەکییەکی کورتو پێویست

خوێنەری زێدە ئەزیزو هێژا...

ئەم کتێبەی وا بەدەستەوەیە بەشێکە لە چەندین لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبی کە ماوەی سێ چوار ساڵە نووسیومەو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّوبۆتەوە، وام بە باشزانی هەندێکیان لە دوتوێی کتێبێکدا بە چاپیان بگەیەنم تا هیچ نەبێ سووکە سوودو کەڵکێکی هەبێو بەرچاو ڕۆشنییەکیش بێ بۆ هەمووان، لەم ڕووەوە ڕەنگە کارێکی خراپم نەکردبێ، خۆشتان دەزانن لەم قۆناغە نوێیەی واقیعی ئەدەبیدا فرە زەرورە لا بکرێتەوە لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەی کە لە قۆناغێ لە قۆناغەکاندا ڕچەیان شکاندووەو تازەگەرییان وە ئەنجام گەیاندووە، هەروەتر وەك سیمبولێك خۆیان پێشکەشی واقیع کردووەو پێشەنگ بوونە، بۆ ئەم مەبەستە ئامازێم داوەتە چەندین کەسایەتی نێودارو نوێگەری ئەدەبی عەرەبیو جیهانی کە دەنێو میللەتانی خۆیاندا بە گەورەیی هاتوونو ڕۆشتوون، مرۆڤانە باسیان لە ئاخو ئۆفو دەردی سەریەکانی مرۆڤ کردووە بە شێوەیەکی گشتی، کورتو موختەسەر کاریان بۆ مرۆڤ وداهێنان کردووەو بەرهەمەکانیان لە قالبێکی تەسکی نەتەوایەتیدا نەبووە، بەڵکو هەوڵیان داوە مرۆڤانە بیر بکەنەوەو لە پێناوی ئایندەی ئازادی مرۆڤیشدا بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن، سەرپاکی بەرهەمەکانیان هونەرینو لە شێوەی فۆرمی جوانو سەرنجراکێشدا پێشکەشیان کردوون، خاوەنی جیهانبینیو تێڕوانینی بەرز بەرز بوونەو مەژگیان لە هەڵکشانو جووڵەو گەشەی بەردەوامدا بووە، سا لێرەوە توانیویانە پەیامو وێژدانیان وەدەرخەنو شتە بەرپێوارەکان بۆ ئێمەمانان شرۆڤە بکەن، بەهەرحاڵ نەختێك دەبارەی ئەدەبی فەلسەفی دواومو دواتر هەر بۆ ئەم مەبەستە

باسم لە چەند کەسایەتییەکی نێودار کردووە کە تا ڕادەیەکی زۆر گومناونو خوێنەری کورد نائاشنایە پێیان، لەوانە (موحەممەد ئیقباڵ، جوبران خەلیل جوبران، نازك ئەلمەلائیکە، مەحمود دەروێش...)

گەر بەوردی چاوێ بخشێنین بە ڕۆژانی ڕابردووی نەتەوەکەماندا، دەبینین دەیان کەسایەتی گەورەو ناسراو ڕۆڵی کاریگەرو زیندوویان بینیوە لە پرینگانەوەی ئەو مێژووەدا، هەقوایە شانازییان پێوە بکرێو لە لاپەڕە پرشنگدارو زیندووەکانی مێژوومان‌دا بە خاسی باسیان بکرێ، لێرەکانەوە وا پێویست دەکا قۆڵی مەردایەتی لێهەڵماڵینو ئەو کەسایەتییانە لە شەپۆلی فەوتانو لە نێوچوون ڕزگار بکەین، منیش لەم ڕوانگەیەوە کارم لە سەر چەندین کەسایەتی نێو ئەدەبی کوردی کردووە، لە دڵەوە هیوام وایە بەم هەوڵەوە توانیبێتم چەند زانیارییەکی بەکەڵك بە شێوەیەکی دروست بخەمە پێشچاوی بەڕێزتان، بمەوێو نەمەوێ ناتەواویو نوقستانی تێدایە، بمانپۆشنو بمانبەخشن، ئیدی هەر ئەمەم لە دەسدێو گلەییم لێمەکەن ...

**شادیتان ئاواتمە**

**بەرزانی مەلا تەها**

**سلێمانی** 2008/11/8

# ئەدەبی فەلسەفی

## موحەممەد ئیقباڵ‌و جوبران خەلیل جوبران بەنموونە

**(ئەدەب بەگشتی بابەتی سەرەكی فەلسەفەیەو بەشێكە لەو حەقیقەتانەی فەلسەفە بەدوویدا وێڵە)                    رەخنەگرو بیریاری ئەمەریكی (پۆڵ دی مان)**

**(كاری ئەدەب گوزارشتە لە مرۆڤ و سەرپاكی پێداویستی‌و ئەو حاڵەتانەی بەسەریدا دێن بە شێوەیەكی جوان، تا ڕاستگۆیانە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ تێگەیشتن لە خۆیی‌و تێگەیشتن لە ئامانجی دروستبوونی، یان هیچ نەبێ ڕێگە خۆشكەر بێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە... ئازادی —ئازادی نووسین- پێویستە بۆ فیكرو دڵ‌و ئەدەب، هاوشێوەی هەواو ئاوو خۆراكە بۆ گشت لاشەیەكی زیندوو، هەركاتێ ئازادی بووە زیندانی ترس‌و شتە باوو بیروباوەڕەكان، ئەوا ئەو هەوایەی هەڵدەمژرێ‌و ئەو ئاوەی دەخورێتەوەو ئەو خۆراكەی دەخورێ بۆگەن دەكەن...)**

**میخایل نەعیمە**

**( كاری هونەری یاخود ئەدەبی‌و فەلسەفی پێوەستن بە كەسێتی مرۆڤەكان، بەرهەمی یەك كەس‌و یەك ژیانی سایكۆلۆجین، لەڕاستیدا هەمەجۆرن وەلێكان هەر یەك شتن، یەكێتی كەسێتی‌و یەكێتی ژیانی مرۆڤەكان لە كاتێكدا دەگەنە لوتكە كەلە قووڵایی پێوەندیدا بن لە نێوان ئەدەب بەتەنێ‌و فەلسەفەو زانست‌و دین‌و ئەخلاق‌و سیاسەت‌و بابەتە دەروونییەكان، لەلایەكی دیكەوە ئەدەب بەبێ فەلسەفە ناكاتە هیچ‌و ڕواڵەتی بێناوەرۆكە...)**

**دكتۆر موحەممەد شەفیق شیا**

هەڵبەتە ئەو زمانەی لە هەر کارێکی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ زۆر جیاوازە لەو زمانەی کەلە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێ، زمانی ئەدەب ڕازاوەو فرە ماناو فرە ڕەهەندە، هەڵگری مانای دوورو قووڵە، لێوانڕێژە لە تێڕوانینو جیهانبینی، سا لێرەدا زمانی ئەدەبو ئەو زمانە ڕۆژانەیە لێکدەترازێن، ئەدەب.. شیعر یاخود چیرۆكو ڕۆمان پتر پێوەستن بە ئاخو ئۆفو ئازارو ژانی مرۆڤەکان، واتە ئەم جۆرەی ئەدەب سەرچاوەکەی ناخو مەژگی مرۆڤ و ئەو پرسیارانەیە کە مرۆڤ بەدوویدا وێڵەو هەمیشە عەودالی گەڕانە بە دووی وەلامەکانیدا، ئیدی قەوەتو بەهاو چێژی ئەم ئەدەبە بوون (**الوجود**)ە و بەردەوامیو نەمری هەر لێرەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، مەنزورمان لەم وتانە ئەوەیە ئەدەبی ئەوڕۆکە دوورە لە داواخوازیو ویژدانی کۆمەڵگە، گومانیش لەوەدا نییە کە کۆنترین هونەرەکانی زمان هونەری شیعرە، پێوەندی نێوان شیعرو فەلسەفە پەیوەندییەکی کۆن کۆنەو مێژوویەکی پرشنگداریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکردووە، شیعرو فەلسەفە، کتومت لە ڕووی چاوگەو کەرەستەوە یەك شتن، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە بوونی دەیەها چەمكو زاراوەی فەلسەفییانەیە لە شیعری شاعیرانی گشت گەلاندا، ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسوفە کەتوانی شیعر بگەیەنێتە لوتکە لە نێو جیهانی فەلسەفەدا، لە گفتوگۆو دەمەتەقێیەکانیدا تەنهاو تەنها پەنای دەبردە بەر شیعرو هەر لەم ڕێیەوە بیرە فەلسەفییەکانی پێشکەش دەکرد، چونکە پێکهاتەی شیعر تێکەڵەیەکە لە وشەی ڕازاوەو ماناو ڕەهەندی دوورو قووڵ، شیعر دەبێ بە وشەی بەقەوەتو کاریگەر پێشکەش بە خوێنەر بکرێ، وشەیەك لە یەك کاتدا دەیان ماناو بیری فەلسەفییانە لەخۆ بگرێ ئەوجا شیعرە، شیعری فەلسەفیو پێشکەوتوو بە قەوەت ئەوەیە کە بتوانێ شانبەشانی ڕووداوو بیروباوەڕە فەلسەفییەکان بڕواتو لە واقیعدا بەرجەستەی بکا، شیعری فەلسەفی لە ڕووی فۆڕمو نێوەرۆکەوە لە لوتکەدایەو بۆ هەتا هەتایە حساوی نووسراوەیەکی زیندووی بۆ دەکرێو هەر بە تەڕو تازەیی دەمێنێتەوە، هەرچی شاعیرە فەیلەسوفو نوێخوازەکانە خۆیان خەریك نەکردووە بە یەك ڕێبازی

دیاریکراوو تایبەتەوە، بەڵکو تێکڕای شیعرەکانیان هونەریانەو لە شێوەی فۆڕمی جوانو سەرنجڕاکێشو فرە مانادا دەربڕیوەو گوزارشتیان لە مەبەستو فیکرە تایبەتەکانی خۆیان کردووە، هەموو ئەم هەولأنەش بە تەنێ لە ڕێی فەلسەفەوە ئامانجو نیشانەی خۆی پێکاوە.

شاعیران لە هەموو بژاردەکانی دیکەی کۆمەڵگە نێزیکترن لە بارودۆخو دەوروبەریان، لەم ڕێیەوە قاڵ دەبنەوەو قووڵ دەبنەوە، زۆر بە هاسانی دەتوانن لە بوارە زیندووەکانی کۆمەڵگە نێزیك ببنەوەو چاکسازیو نوێگەری ئەنجام بدەن، ئەو شاعیرانەی کە فەلسەفە لە مەژگیاندا دێو دەچێ بەرچاوترو کاریگەرترن لەو شاعیرانەی کە شیعری بێ نێوەرۆك دەنووسن، ئیدی لە مێژووی ئەدەبی مرۆڤایەتیدا بە نەمری دەچنە نێو لاپەڕە پرشنگدارەکانی ئەدەبی گەلانەوە، شاعیرێ کە فەلسەفە کاریگەری ڕاستەوخۆی تێکردووە لە میانەی بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە زێدەتر لە شیعر نووسیندا شێوازی جۆراوجۆرو ڕیتمی سەربەخۆو تایبەتی پێدەبەخشێ، بەشکەم بتوانێ بەڕێگەیەکی گونجاوو دیاریکراو فیکرە فەلسەفییەکانی تەرح بکاو وەرچەرخان بخوڵقێنێ، کەوابێ ئەو شاعیرانەی شیعرەکانیان فەلسەفەیەکی تایبەت لە خۆ ناگرێ شاعیری بێ جەماوەرو بێناون، شاعیر بە تەنێ ڕووی دەمی ناکاتە کۆمەڵگە، بەڵکو کۆمەڵگەش کاریگەری گەورە لە شاعیر دەکاو هەڵیدەپێچێ هزرو بیرکردنەوەی بە جۆرێ لە جۆرەکان بگۆڕێ، واتە تایبەتمەندیو سیفەتگەلێکی نایابی پێدەبەخشێ، ئیدی پەیامی شیعر دەرخستنی بەها فەلسەفییەکانە، لێرەکانەوە بەهیچ کلۆجێ ناتوانین شیعرو فەلسەفە لەیەکتری دابڕێنین، هەر کاتێ شاعیر زاناو خاوەن جیهانبینی بوو، ئەقڵی لە جووڵەو گەشەدا بوو، ئەوا زۆر بە هاسانی دەتوانێ پەیامەکانی لە ڕێی شیعرەوە تەرح بکاو بیگەیەنێ، گومانی تێدا نییە شاعیران دەگەڵ کۆمەڵدان، ئاخو ئۆفەکانی کۆمەڵ بە هی خۆیان دەزانن، بۆیە گرنگە شاعیران خاوەن پەیامی ڕەسەن بنو بە پێی بارودۆخ ڕیتمو شێوازەکانی شیعر نووسین بگۆڕنو کار بکەنە سەر تاکەکانی کۆمەڵ، سەرەنجام شیعرە

فەلسەفییەکان نهێنییەکانی ژیان دەردەخەن و وەڵام حازر دەکەن بۆ ئەو پرسیارانەی تا ئەوڕۆکە وەڵام نەدراونەتەوە، بە دووی هەموو ئەو شتانە دەکەون کە لای مرۆڤ گریٚ گریٚ و ئاڵۆزە، خەون و شتە نادیارو بەرپێوارەکان دەکەنە واقیع و ئاشکرای دەکەن، شیعری فەلسەفی زمانێکی سەربەخۆو کاریگەرو تایبەتی هەیەو بە وشەی مانادارو دڵڕفێن و ناسکەوە خۆی دەنوێنیٚ و لە جەماوەر نێزیک دەبێتەوە.

ڕەنگە هوروژاوترین و کۆنترین پرسیاری فەلسەفییانە لە مێژوودا ئەوەبێت ئایا سەرچاوەو چاوگەی شیعر لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟، هونەرە یاخود ئیلهامی خواییە؟، بەڕای ئەفلاتون ئیلهامی خواییە، گەر بە وردی تەماشای مێژووی گشت داهێنانە مەزنەکان بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئەدەب وفەلسەفەدا هەیە، فەیلەسوفانیش لەم سۆنگەیەوە داهێنان و چاکسازییان ئەنجامداوە، لەوانە نیتشە، جیۆ، جیبیریل مارسیل، ژان پۆڵ سارتەر، ئەلبێر کامۆ، گۆتە، باشلار، ئیبن توفەیل، ئەبو حەییانی تەوحیدی، ئیبن ڕوشد، ئیبن سینا، فارابی، غەزالی، ئیبن عەرەبی...، فەیلەسوفی ئینگلیزی هوایتهد پێی وایە زەرورە شاعیران پەناببەنە بەر فەلسەفە تاوەکو گوزارشت لە مانا فەلسەفییەکان بکەن، بە واتایەکی دیکە شیعر هاوکاری فەلسەفە دەکا تاوەکو مرۆڤ لە نامۆیی و دڕدۆنگی و گریٚ دەروونییەکان قوتاری بکا، شیعری فەلسەفییانە بابەت و وێنەی وادەهوروژێنیٚ کە ڕاستەوخۆو بەڕاست و چەپدا کاریگەری لەسەدا سەد فەراهەم دێنیٚ، شیعری ڕەسەن و بەرزو فازیل خاڵی نییە لە ئاڵۆزی و ناڕوونی و تەمومژ، بەسروشت نێزیکە لە فەلسەفەو فیکر، بەڵام ئەو ناڕوونی و گریٚ گریٚ و ئاڵۆزییە دەبیٚ مرۆڤانەو هونەراوی بیٚ تاوەکو حساوی دەقێکی نەمری بۆ بکریٚ، ئالێرەدا شیعرو فەلسەفە ئاوێزانی ئەکتر دەبن، فەیلەسوفان لە ڕێی شیعرەوە زیاتر لە دەرگای فەلسەفەو فیکریانداوە، چونکە هەر هونەریٚ بگری بە جۆریٚ لە جۆرەکان خاڵی نییە لە فەلسەفە، شیعر بە نمونە، شاعیر ئەو کەسەیە لە ڕێی ئەزموونی

مرۆڤانەی خۆیەوە دەگاتە ئەزموونی مرۆڤایەتی بە گشتی، کەواتە شیعر پێش هەر شتێکی دیکە تەجروبەی شاعیر خۆیەتی، جاوەرە ئەو شیعرە لێوانڕێژ بێ لە هەستی بەرزی مرۆڤانەو ئامانجی گەیشتن بێ بە کونهی حەقیقەت، لەواقیعی نوێدا پرسیارگەلێك هاتۆتە گۆڕێ کە گوایە وەخت و باوی شیعر نەماوەو توشی مەرگ هاتووە، دکتۆر موحەممەد عەبدولموتەلیب- مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبی لە زانکۆی عەین شەمس- لە ژمارە 26ی گۆڤاری (**دبي الثقافية**)دا باس لەوە دەکات کە وەخت وەختی شیعرەو تا نهۆ لە زەمەنی شیعرداین و هونەری شیعرییەت بوون لەتەك گشت گۆڕانکارییەکاندا بووە، هەر لە قۆناغی سەرەتایی، کشتوکاڵی، پیشەسازی، تاوەکونێ قۆناغی تەکنۆلۆجیا هەنگاوی هەڵناوەو خۆ ڕێخەر بووە، شیعر تاقە گوزارشتکەری سروشتو سیڕی مرۆڤانەیە، پێوەستە بە مرۆڤەوەو هەتا مرۆڤ بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ، شیعری بەرزو ڕوسور ئەو شیعرەیە ئاڵۆزو گرێ گرێو لوغزاوی بێو داهێنان لە پشتییەوە هەڵبخاتەوە، نەك ئاڵۆزییەکی پووچ و بەتاڵ و بێسەروبەری وەك ئەوەی لەشیعری ئێستای کوردیدا بۆتە دیاردە.، تاوەکو ئەوڕۆ خوێنەری دەقە شیعرییەکان شیعری کلاسیکیان پێ بەرزترو نایابترە، شیعری کۆن چ لە ڕووی یاسای شیعری، حەقیقەت، فەزیلەت لە لوتکەدایە، شیعری شاعیرانی ئێستا بەدەوری تاقە شتێکدا خولدەخۆن، زەمەنیان یەك زەمەنە، کاتو شوێن دوو ڕەگەزی سەرەکی شیعرییەتبوونی دەقن، جوگرافیاو گەڕانو دەرو ژوورکردن بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرە لە فازیل بوون و نەمریی شیعردا، بۆ نمونە قەسیدەکانی مەحمود دەروێش، ئەدۆنیس، واتە شوێن کار لە فەلسەفاندنی دەق بە گشتی دەکات، هەموو ئەو شتە پروپوچ و بێبایەخانەی لە ئێستادا بەناوی شیعرەوە دەنوسرێن-ناڵێین هەموویان- بەیاساکانی شیعرییەتبوندا هەڵیانبکێشە لە سیفەتی شیعرییەتبوون دەکەونو قیروسیای لێدەکەن، تەنانەت خاڵین لە خودی شیعر خۆی نەخاسمە فەلسەفەو فیکریش! ، دۆناڵد هۆڵ لە کتێبەکەیدا بەناوی ( **أفضل الشعر الامريكي**-ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە لە باشترین شیعرەکانی ئەمەریکا

لە ساڵی 1988)، هۆڵ ڕای وایە زیندوویەتی شیعر لەوەدایە خوێندنەوەی چڕوپڕو تێروتەسەلی لە بارەوە ئەنجام بدرێ، مەنزوری شیعری فەلسەفییە، بەڵێ تاقە سیحرو موعجیزەی شاعیر زمانی نووسینەکەیەتی، چەندە پڕاوپڕبێ لە حەقیقەت، فەزیلەت، واتای فەلسەفییانە قەدروبەهای زیاتر دەبێ، شاعیر دەبێ زانا بێ ئینجا دەتوانێ مەعریفەی نوێ ببەخشێ‌و واقیع‌و تەجروبەش ئەمیانە سەلماندووە، ئەبوتەمام گووتەنی (**الشاعر العالم أفضل من الشاعر غير العالم**).

دەقەکانی قورئانی پیرۆز یاخود بە شێوەیەکی گشتی کتێبە ئاسمانییەکان ئینجیل، تەورات... ڕەگەزی فەلسەفییانەی ڕوون‌و ئاشکرا لەخۆ دەگرن، پەیوەندییان بە خوداو کەون‌و کائینات‌و ئایندەی مرۆڤەوە هەیە، گشت دەقە ئاسمانییەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان شیعرییەت بوونیان تێدا بەرجەستەبووە، ئەگین بەو ڕێژەیە کاریگەر نەدەبوون‌و مرۆڤ بەدویاندا عەودال نەدەبوو، لە قورئانی پیرۆزیشدا نمونە گەلێکی زۆروزەوەندمان هەیە، بۆ نمونە (**قل انظروا ماذا في السموات والارض وما تغني الايات والنذر عن قوم لايؤمنون**) یۆنس/105، (**وكأين من اية في السموات والارض يمرون عليها وهم عنها معرضون**) یۆنس/105، ( **ولقد ذرانا لجهنم كثيرا من الجن والانس لهن قلوب لا يفقهون بها ولهم أعين لايبصرون بها ولهم اذان لا يسمعون بها**...) ئەعراف/179، ئەم چەند ئایەتەی کە بەندە بە نمونە هێناویەتییەوە سەعید حەوا لە کتێبی (**الله**) دا لە ژێر ناونیشانی (**ظاهرة الحكمة**) دا باسی کردووە.

فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییەو لە دوو وشە پێکهاتووە (فیلا–سوفیا) بە واتای خۆشویستنی حیکمەت، دواتر ئەم چەمکە بەتەواوەتی واتای حیکمەتی بەبەرداکرا، بەکورتی فەلسەفەی یۆنانی بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێ، یەکەم: قۆناغی گەڕان‌و سۆراخکردنی سروشت بۆ زانینی بناغەو بنەمای گشت شتەکان، لە گرنگترین فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە تالیس (624–646)، ئینیکسیمەندریس (610–547)، ئینیکسیمانس (588–524)، فیساغۆرس (572–497)، دووەم: لەم قۆناغەدا فەلسەفە بایەخ‌و گرنگی دایە تێڕامان

ووردبوونەوەی بیرکردنەوەو ئیرادەی مرۆڤ، لەگرنگترین فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە سـوقرات (466-399)، پرۆتـاگۆراس((480-410)، جۆرجیـاس(480-375)، سێیەم: لەم قۆناغەدا هـەردوو قۆناغەکـەی پێشـو گەشـەی پێدراو فراوانتر کرا لـە سەردەستی دیمقراتیس (470-361، ئەفلاتون (427-347)، ئەرەستۆ (384-322).

ئـەدەبی فەلسـەفی ئەدەبـە ئینجـا فەلسـەفە، چیرۆك و شـانۆو شـیعر هونـەری بەرزبەرزن و هەڵگری دەیان ڕەهەندی دوورو قووڵو فەلسـەفییانەن، ئاوێتـەبوونی فەلسـەفەو ئـەدەب مانـای خـاڵی بـوونی ئـەدەب نییـە لـە جوانییـە خـوایی و سروشتییەکەی، بەڵکو ڕەونەقدارو قەشەنگترو جوانتری دەکات، هەڵبەتە ئەدەب و فەلسەفە وەك دوو زانست و تێڕوانینی گەورە گەورە هەمیشە کاریـان لـە یـەکتر کـردووەو زیـاتر لـەدەوری ئەزموونـەکانی مـرۆڤ خڕدەبنـەوەو مانـای دەکـەن و بەرجەسـتەی دەکـەن لـە واقیعـدا، ئەمـەیش وایکـردووە هـەردووکیان دوانـەبن و یەکەناسبن، هـەر مـرۆڤێکیش بۆخۆی لە ژیاندا جۆرە ڕێگـاو ڕیتمێکـی تایبـەتی هەیەو مامەڵـە لەتـەك ژیـان دەکات، تەنانـەت بەلای هەندێ لـە بیریارانـەوە هـەموو مرۆڤێك بەشبەحاڵی خۆی فەیلەسوفە، هـەر لەسـەرەتای مێـژووی مرۆڤایەتییـەوە تاوەکو ئێستا کەمترین کـەس خۆیـان ئاوقـای فەلسـەفە کردووە، ئەرەستۆ دەڵێ خۆ خەریککردن بە فەلسەفەوە هاوشێوەی مەشقکردنە لە سەر مەرگ، تێگەیشتن لە فەلسەفە مانای قوووڵ بوونەوەو تەکاندانی مرۆڤە بۆ وەلامدانەوەی پرسیارە بێ وەلامەکان، فەیەلەسوفانیش لەسەر گشت ئاستەکانی ژیـان ڕۆڵـی سیمبول و ڕێبـەرو پێشـەوایان بینیـوە، بـەدایمیش پەیوەنـدیان بەگشـت گۆڕانکارییەکانـەوە هەبووە، خـودی فەلسـەفەش کاریگـەری لەسـەر ژیـانی مـرۆڤ دروسـتکردووە بگـرە ئەگەر ناوی فەلسەفەشی نەبیستبێ، سا لـەم خاڵـەدا فەلسـەفە بـاز بەسـەر فیکـردا دەدات و پێشی دەکەێ.

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا شیعرو فەلسەفە ئاوێتەی یەکترن و کتومت لـە ڕووی چـاوگەو کەرەسـتەوە یـەك شـتن، ژیـان ومـەرگ، خێـرو شـەڕ، خۆشـی و

ناخۆشی بابەتی شاعیرو فەیلەسوفن، ئەوەتا موعەڕڕی گەورە و عەبقەری و شاعیرو فەیلەسوفی عەرەب لەم دوو دێڕە شیعرەدا باس لە ناخۆشی و دەردیسەری و لەشبەباری و نەگبەتی خۆی دەکات و ئاهو حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشێ و بەندبوون و زەلیل بوونی خۆی نیشان دەدا، لەتەك ئەوەی بە درێژایی ژیانی دونیای ڕووناکی نەدیوەو هەر لە ماڵێدا زیندان بووە، پڕە لە هەڵوێستی فەلسەفییانەو مەعریفییانە دەربارەی خود( **الذات**) :

**أراني في الثلاثة من سجوني**
**فلما تسأل عن النبأ الخبيث**
**لفقدي ناظرى ولزوم بيتي**
**وكون النفس في الجسد الخبيث**

نامۆبوون یەکێکە لەو سیفەتانەی کە لە نێوان فەیەلەسوف و شاعیردا بنەماو بناغەی فەلسەفییانەی هەیەو ڕەگ ڕیشەی داکوتیوە لە مەژگیاندا، جوبران خەلیل جوبران (1883–1931) شاعیری مەزنی لوبنانی بەم شێوەیە گوزارشت لە غوربەت و ونبوون و نامۆبوونی خۆی دەکات و جۆرێك سیفەتی تاکایەتی دەداتە پاڵ خۆی، لەم شیعرەدا بەمانا شاعیر مەنزوری گەڕانەوەیە بۆ لای خود (الرجوع الى الذات)و قاڵبێکی فەلسەفییانەی وەرگرتووەو دەچێتە ژێر خانەی فەلسەفەی خود، لە کاتێکدا ئەمسەراو ئەوسەری عەرز گەڕاوە مەنزڵی لەدایك بوونی خۆی نەدۆزیوەتەوەو بگرە تاقە کەسێکی نەناسیوەو کەسیش گوێی پێنەداوە:

**أنا غريب في هذا العالم**...
**أناغريب.. وقد جبت مشارق الارض و مغاربها فلم أجد مسقط رأسي**
**ولا لقيت من يعرفني ولا من يسمع بي !.**

سەرەنجام گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە فەلسەفەو ئەدەب پێوەندی نێوانیان پێوەستە بە دیدو تێڕوانینیان بەرامبەر بە خوداو ئەزموونەکانی مرۆڤ و جیهان، و کاریان گەڕانە بە دووی ڕاستییەکانداو لە ڕووی کەرەسەو ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەو جیهانبینی یەك شتن.



**موحەممەد ئیقباڵ (1877-1938)**

لة نيَوان شيعرو فةلسةفةدا

" ئیقبالٚ پیاوی دین و دونیا، ئیمان و زانست، عەقلٚ و هەست، فەلسەفەو ئەدەب، عیرفانو سیاسەت، خواو خەڵك، باوەڕو فەرهەنگ، پیاوی دوێنیٚو ئیمڕۆکە، خواپەرستی شەوو شمشێری ڕۆژ بوو.. ."

**دوکتۆر عەلی شەریعەتی: پێشەکی کتێبی (ما وإقبال).**

" گەورەترین بەڵگە بۆ گەورەییو عەبقەریەتی ئەم شاعیرە مەزنە (موحەممەد ئیقبالٚ) ئەوەیە هەرگیز ئێرانی نەبینیوە، لەتەك ئێرانییەکانیشدا نەژیاوە، کەچی ئێرانییەکان بەیەکێك لە گەورەترین شاعیرانی فارسی دادەنێن، ئەدیبانو شاعیرانی ئێران ستایشی شیعرو ئەدەبیاتی ئیقباڵیان کردووەو پیایاندا هەڵداوە... شیعرەکانی حیکمەت و فەلسەفەو زانستن..."

**دوکتۆر ئیحسان حەقی**

# ئیقباڵ شنەبایەک لە ڕۆژهەڵاتەوە

موحەممەد ئیقباڵی لاهوری، فەیەلەسوفو بیریارو شاعیرو زاناو عەبقەری، لە مێژووی فەلسەفەی جیهانو مێژووی فیکرو بیرکردنەوەی مرۆڤایەتیدا تا نهۆ بەرهەمە فەلسەفیو فیکریو ئەدەبییەکانی وەك گوڵێکی گەشاوەی بەشەوق بە زیندوویەتی ماوەتەوەو وەك سیمبولێکی ڕۆژهەڵاتیو جیهانی حساوی بۆ دەکرێ، بەیەکێك لە ناوە دیارو درەوشاوەکانی ڕۆژهەڵات نێوزەد دەکریٚو بەرهەمەکانی مایەی سەرنجو تێڕامانی لێکۆڵەرەوان و شارەزایانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایە، خاوەنی بیری قووڵو دوورو فەلسەفەو فیکرو جیهانبینی تایبەتە بەرامبەر بەخوداو مرۆڤ و کەونو کائیناتو مەرگو ژیانو عیشق، دیسانەوە خاوەنی تێڕوانینێکی قووڵە بەرامبەر بە نوێکردنەوەی فیکری ئایینیو لەم پێناوەشدا کتێبێکی بەقەدرو بەهای پێشکەشکردووە بە نێوی (**تجديد الفكر الديني في الاسلام**)، خاوەنی دیدو بۆچوونی ئامانج شکێنە دەربارەی فەلسەفی دەروونو خود (**الذات**) گەڕانەوە بۆ لای خود(**الرجوع الي الذات**)، شیعرو قەسیدەکانی قابیلی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە و ڕەهەندی تازەن، ئیدی لەم ڕێیەوە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەچنە نێو خانەی ئەدەبی فەلسەفی (**الادب الفلسفي**)، پڕاوپڕن لە حیکمەت، فەزیلەت، حەقیقەت، فەلسەفەو حیکمەت بە کونو کەلەبەری دەقە شیعرییەکانیدا دەگەڕێو خوێنەر والێدەکا حاڵ و جەزبە بیگرێ، خوێنەری دەقە شیعرییەکانی هەڵدەپێچیٚ بە خەیاڵ تازە تازەوە لە دەوری خود بخولێنەوەو عاشقی خۆیان بن، پەروەردەکردنی خودو حەقیقەتی خود لە سیما دیارو پڕشنگدارەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئیقباڵن، شیعرەکانی لە عاست و پلەیەکی تەواو پتەوو بیٚ خەوش و خاڵ و لێوانڕێژن لە وێنەی شیعری جوان جوانو سروشتی سیحراویو وشەی ناسكو نازدارو پڕ مانا، ئیقباڵ وەك شاعیرێکی هەست جوانو زەوق سەلیمو هونەرمەند دیوانەکانی پڕ کردووە لە تابلۆی جوانو قەشەنگ و نیگاری سەرنجڕاکێش و وێنەی هونەری مەزنو لەزەت بە خوێنەر دەبەخشن، گەر ئیقباڵی لاهوری لە نێو ئەدەبیاتی

ڕۆژهەلاّتدا دەربێنی بێگومان ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاّت نوقوستان دەبیّ، لەو خالاّنەی وا پێویست دەکا قسەو باس و مشتومڕی لەسەر بکریّ کاریگەری فیکرو فەلسەفەی ئیقباڵە لەسەر گەورە بیریارانو فەیلەسوفانی ڕۆژئاوا، سارتەرو هێرمان هیسە بە نمونە، ئەمەش مانای وایە بەرهەمەکانی لە نێو یەك جوگرافیادا نەقشیان نەکێشاوە، بەڵکو جوگرافیایەکی گشتی مرۆڤانە بوون کاریگەری لەسەداسەدی لە مەژگی کردووە، سەرباری هەموو ئەم خەسڵەتانە خاوەنی فیکری کۆمەلاّیەتیو سیاسیو ئیختیسادی بووە، دەیەها ڕای پەسەندی هەنە دەربارەی واقیعی کۆمەلاّیەتی و سیاسی هیند و ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا، بەلاّم ئەوەی جێی داخ و سەرنجە لە نێو واقیعی ڕۆشنبیری کوردیدا هیچ جۆرە گرنگییەکی پێنەدراوە جگە لە چەند نووسینێکی کورت کورت کەبە ڕاستی شایەنی فیکرو فەلسەفەی ئیقبالّ نین، بەو ئاواتەی لای لێبکرێتەوەو خوێنەرانی کورد بگەڕێنەوە سەر بەرهەمەکانیو لە جوگرافیای پان و بەرینی فیکرو فەلسەفەی ئیقبالّدا ببنە کۆڵەمبۆس و کیشوەری تازە تازە لە جیهانبینیو فەلسەفەی ئەو بدۆزنەوە، ئیقبالّ لە ڕێی فەلسەفەو شیعرو دەرونزانییەوە دەچێتە نێو فەلسەفەی ڕۆژئاواوەو پێیوایە لەسەر بنەمای فیکریو فەلسەفییانە دەکریّ تەوفیق لە نێوان فیکری ئیسلامیو فیکری رۆژئاوا بکریّ، لەم پێناوەشدا پەنا دەباتە بەر جەدەلێکی مەنتیقیانەو فەلسەفییانەو مرۆڤانە نەوەك جەدەلی هێگلیانە، بیرکردنەوەو جیهانبینی ئیقبالّ هەمان شێوەی بیرکردنەوەو جیهانبینی هێگلّ و نیتشەو کانت و برگسۆنە، لە قۆناغی بیرکردنەوەو موتالاّکردنی لە ڕۆژئاوادا خوێندنەوەی تێرو تەسەلی لە بارەی گۆتەو شیعرەکانییەوە کردووەو زۆریش ستایشی دەکاو تەنانەت بە گەورەترین شاعیری ڕۆژئاوایی دادەنیّ، بەستایشەوە باس لە کەسایەتی فاوست دەکا، فاوست تراژیدیای مرۆڤە لەنێوان خوداو شەیتان، عەرزو عاسمان، بەهەشتو دۆزەخ، ئەوەتا لەم چەند دێڕە شیعرەدا بە ستایشەوە باس لە بارەیەوە دەکاو دەیکاتە گفتوگۆی نێوان ڕۆمی و گۆتە و دەلیّ :

**شـــاعر يشبه ذا العـــالي الجنـــاب**
**مـــا نبيا هو لـــكن ذا كتـــ،ـــاب**

قضي العارف بـــالــــسر القديـــم
مـــاوعي ابليس والشيخ الحكيـــم
فأجـــتاب الشيخ يارب العـــلا
انت صيـــــاد ولكن في السمـــاء
قد خلا فكرك في القلب السلـــيـــم
فأجد الـــروح في الكـــون القديـــم
فرأيت الــــدر في قـــاع البـــحر
ودبيب الروح مني خلف الستـــار
ليس كل قد تجلي العشـــق لـــــه
ليس كـــل أهـــل هذي المنزلـــة
قـــــد تجلى لـــسعيد ألمـــعـــي
مكـــــر إبليــــس وشق الادمــــي

## موحەممەد ئیقباڵ کێیە؟

موحەممـەد ئیقبـاڵ، لـە سـاڵی 1877 لـە سـیالکوت لـەدایك بـووە، خێـزانو بنەماڵەکـەیان زۆر ڕەسـەن بوونـە، لـە قوتابخانەیـەکی ئینگلیزیدا خوێندوویـەتی، دواتـر دەچێتە لای مامۆستایەکی زمـانی فارسـیو فێـری دەکا، زۆر بـە زوویـی دەسدەکا بە نووسینی شیعر بە زمانی فارسی، ساڵی 1891 لـە زانکۆی بـەنجاب وەرگیراوە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆی بە پلـەی نایاب بڕیوە، هـەر لـە هـەمان زانکـۆدا بۆتـە مامۆسـتای زمـانی عـەرەبی، سـاڵی 1897 ماجسـتێری بەدەسـت هێنـاوەو لای ڕۆژهەلاّتناسـی ئینگلیـزی تۆمـاس ئارنۆڵـد بەتـەواوەتی ئاشـنا بـووە بـە ئـەدەبیاتی ڕۆژهـەلاّتیو ڕۆژئـاوایی، زمانـەکانی ئینگلیـزیو فەڕەنسیو ئەڵەمانیو فارسیو ئۆردیو عەرەبیو سەنسکریتی بە باشی زانیوە، فەلسـەفەو یاسـای لـە زانکـۆی کمبریـدج خوێنـدووەو دواتـر دوکتـۆرای بەدەسـت هێناوە بە نێو نیشانی ( **تطـور الفلسفة الميتافيزقيـة في بـلاد الفـارس**)، مۆسـۆلینی پێی سەرسام بووە، لەم پێناوەدا داوەتی کردووەو چاوی بە ئیقباڵ کـەوتووە، لـە زۆربەی زانکۆ بە نێوبانگەکانی ئۆروپاو ولاّتانی عەرەبیدا سیمیناری تیبـەتی بـۆ سـازدراوە، بەهـەڵگێڕو وەرگێڕکردنـی فیکـرە فەلسـەفییەکانی دەگەیتـە ئـەو

ئەنجامەی کە خواستی سەرەکی ئیقبالٚ دووبارە گێڕانەوەی یەکسانی بووە لە نێوان دین و دونیا، ڕۆح و ماددە، تەنها مەبەستیشی نوێکردنەوەی فیکری دینی بووە، هەممو ئەم فیکرانەش بە ڕوونی لە کتێبی ( **تجدید الفكر الدینی في الاسلام**)دا دەردەکەوێ، هەر لەم کتێبەیدا داواخوازی چاکسازی فیکریو کۆمەلأیەتی دەکاو بە زرەرورەتێکی سەردەمی نێو دەبات، فەلسەفەی ئیقبالٚ تەنهاو تەنها لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم ئەوەیە چۆن جەستەی مرۆۋ داواکاریو ڕەغبەی هەیە بەهەمان شێوە ڕۆحیش هەمان مەبەستو مەنزوری هەیە، دووەم ئاشتیو سەلامەتی جیهان دەبەستێتەوە بە پێکەوە لکاندی ژیاری ڕۆژهەلأتیو ڕۆژئاوایی، ئیقبالٚ بۆ هەق و جوانیو هونەرو خێر ژیا، خاوەنی چەندین کتێبی بەقەدرو بەهاو بالأیە لەوانە ( **علم القتصاد** 1903، **تطور علم ماوراء الطبیعة** 1908، **الافكار المختلفة** 1961، **اسرار خودی** 1915، **اسرار بي خودی**1918، **بیام مشرق**1923، **بانك درا** 1924، **زبور عجم**، **تجدید الفكر الدینی في الاسلام**1930، **جاوید نامة**1932، **مسافر**1934، **بال جبریل**1935، **بس جباید كرداي اقوام مشرق**1936، **ضرب كلیم**1936، **ارمغان حجاز**1938، **سرود رفتة**1959 ،**مراسلات اقبال**1967 .

## ئیقبالٚ و سۆفیزم

فیکری سۆفیگەری یاخود (سۆفیزم) بنەماو بناغەیەکی بەهێزو پتەوی لە ڕۆژهەلأتدا هەیەو لێوانلێوە لە فەلسەفەو حیکمەتو فەزیلەت، سۆفیزم کاریگەری گەورەو مەزنی هەبووە لە سەر ئەدەبو کەلتورو فەرهەنگی گشت گەلان، سۆفیزم فەلسەفەیەکی ڕووتی ئەخلاقیو ڕۆحیو کرداری مرۆڤە، پێوەستە بەناخ و کرداری باوەڕیارانو شوێنکەوتووانی، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دروستو بێ پێچوپەنایە بە مەبەستی گەیشتن بە خودا، مانای خاوێن بوونەی دلٚو دەروونەکانە لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، مانای گەڕانە بە دووی خودو کردنەوەی گرێ کوێرەکانی بەردەم گەیشتنە بەخودا، سورەوەردی ڕای وایە تەسەوف بۆخودا ژیانە بەبێ هیچ واسیتەیەك، ئیقبالٚی لاهوری وەك

سۆفییەکی پایەبڵندی ڕۆژهەڵات لە شیعرو قەسیدەکانیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری مەولانا جەلالوددینی ڕۆمیو لە زۆرێ لەشیعرەکانیدا فیکرە فەلسەفیو سۆفییەکانی پشت ڕاستدەکاتەوەو دانیان پیادەنێ، ئیتر لێرەدا دەتوانین بڵێین جەلالوددینی ڕۆمی پێشەواو ڕێبەری ڕۆحی ئیقباڵە لە بواری سۆفیگەرێتیدا، ڕۆمیو ئیقباڵ بە عانی ئاشکرا باس لە وەزیفەی عەقڵ دەکەنو دەگەنە ئەو حەقیقەتەی کە مرۆڤ ناتوانێ بگاتە حەقیقەتە غەیبییەکان، کانتیش هەمان ڕای هەیە دەربارەی عەقڵ، بەڵێ ئیقباڵ ڕۆمی وەك پێشەوای خۆی تەماشادەکاو دەڵێ:

صير الرومي طيني جوهـــرا
من غباري شاد كـونا اخـــر
ذرة تصعد من صحرائــهـــا
لتنا الشمس في عـــليائهـــا
انني في لجـــة موج ســـرى
لاصيب الـدر منه نيـــــرا

هەر کاتێ تەماشای دەقە شیعرییو قەسیدەکانی ئیقباڵ بکەی لێوانڕێژە لە فیکری ڕۆحیو سیفەتی سۆفیانە لای جەلالوددینی ڕۆمی، دیسانەوە تێڕوانینی ڕۆمی دەربارەی خوداو مرۆڤ و عیشقو جوانی.

(**وحدة الشهود- وحدة الوجود**) دوو چەمکی فەلسەفیانەن لە بواری سۆفیزمدا مشتو مڕو دەمەقاڵێو جەدەلو مونازەرەی زۆری لێکەوتۆتەوە، (وحدة الشهود) چەمکێکی فەلسەفیو سۆفیانەیە تایبەتە بە حاڵ و تەجروبەی سۆفیگەراو عاریفان بۆ گەیشتن بە پایەی شهود، ئەویش بە بینینی خودا، بگرە هەندێ جاریش سۆفیگەراو عاریفان والێدەکا سیفەتی خودایانە بدەنە پاڵ خۆیان، لە زانستی کەلامی ئیسلامیدا (**رؤية اللة**) باسێکی قورسو گرانو سەختە، زۆرێ لە زانا کەلامییەکان ڕای تایبەتیان لەم بارەیەوە هەیەو سەرەنجام هەموویان یەك ڕایان هەیە کە بینینی خودا حەقیقەتەو ئەوەتا مەولەوی سۆفی و عاریف بە حەقیقەتێکی موتڵەقی دەبینێو دەڵێ:

**ڕوئیەتی دانـــای خەفی و ئاشکـــــــار**
**(في ذه النشـــــاة أو دار الـــــقرار)**
**جائیزە لە لای قـــەولەکەی موختـــار**
**ئەر جائیـــز نییە حەزرەتی مووســـا**
**لەبەر چی فەرمووی(أرني)؟، ئەوسـا**
**هیـــچ لە جواودا (خالق الــــوری)**
**فەرمووی (لن أريك) یاخۆ (لـــن أرى)**
**بە (لـــن ترانی) جـــواوی دایـــەوە**
**نـــاوینی تۆ وابەم ئـــیمــــــــاوە**
**ئێستا تۆتۆی بەم وەصفە کە هـــەی**
**من قائیم بەخۆم سەرمەدیم و مـــەی**
**ڕوێس ئەو نەشئە بـــا تەشریف بێریٚ**
**بە چـــاوی فـــانی نـــاوینیە بـــــاقی**
**باقـــی دەوێنیٚ بـــاقی وەتـــاقـــــی**
**(ولا سيـــمـــا لدى ذي اســـتمـــــاع**
**لايـــدل النفي على الامـــتنـــتـــاع)**

**عەقیدەی مەرضیة: سەیید عەبدوڕڕەحیمی مەولەوی، بەغدا،** 1988، لا266.

**لەم چەند دێڕە شیعرەدا مەولەوی زانا ئاماژە بەوە دەدا کە خودا زانایە بە هەموو شتێکی ئاشکراو پەنهان، جا ئەو کەسە خەوتوو بیٚ یا بێدار، بینینی خودا حەقیقەتێکی موتڵەقەو ئەگەر وانییە بۆچی مووسا پێغەمبەر داوای بینینی کرد، خوداش وەعدی خوایانەی پێدەدا، لە قورئانیشدا هاتووە( وجه يومئذ ناظرة الى ربها ناضرة) القيامة/23 مەنزورمان لە هێنانی ئەم چەند دێڕە شیعرە بەڵگە بوو بۆ چەسپاندی بینینی خودا، (وحدة الوجود) سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆنی وێنانی، بەمانای یەکێتی زات دیٚ لە نێوان خوداو گشت شتەکان.**

# ئیقبالٚ و عیشق و جوانی

ئیقبالٚ وەك عاشقێکی مەستو شاعیرێکی سۆفی وجوانپەرست عیشقو جوانی ئاوێتەو ئاوێزانی یەکتر کردووە، سەرەنجام لە شیعرەکانیدا وەك فیکرێکی فەلسەفییانە دەربڕیوە. عیشقو جوانی دوو چەمکی فرە ڕەهەندو فرەمانان، پانتاییەکی بەرفراوانو بێسنووریان لەشیعرەکانی ئیقبالٚدا بەرجەستە کردووە، عیشقو جوانی لەفیکری ئیقبالٚدا تەنها پێوەست نییە بە ڕوواڵەتی ژیانەوە، بەڵکو ئالاٚوە بەهەستو سۆزی نێوەخنی مرۆڤەوە، هەربۆیە دەستەوسانی خۆی ڕادەگەیەنیٚ لەپێناسەکردنو وێناکردنی عیشقو جوانیو سنووردارکردنی. قەسیدەکانی پڕاوپڕە لەسیڕ و نادیارییو ناڕوونی، بەهەمانشێوەی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی کەدەڵێت هەرچەند دەمەوێت باس لەعیشق بکەم، شەرمەزاریی دەمگریٚ. عیشقو جوانپەرستی درێژەپێدەری ژیانو ئالێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی ژیان یەك ژیان نییە، سەعید نوورسی واتەنی هەر مرۆڤێك بۆخۆی ژیانێکی سەربەخۆی هەیەو فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەیە، عیشق سیفەتێکی ڕۆحیو مەعنەوییانەیەو عاشقیش نەمر دەکاو هەمیشە وایلێدەکا بەدایم بڵیٚ من هەم، زیندووم، عیشقو ئەقلٚ پێکەوە گرێدراون هەر یەکێکیان بگریت دەستی مرۆڤ دەگرێت بۆ قاڵبوونەوە و قووڵبوونەوە بەنێو خوددا، هەر یەکەشیان وەزیفەیەکی تایبەتیان هەیەو نەمریی "الخلود" دەبەخشن بەمرۆڤ، ئیقباڵیش بەمشێوەیە گوزارشت لەپێوەندی نێوان ئەقلٚو عیشق دەکاو دەڵیٚ:

**كلاهمـــــا يسرع نحو المنزل**
**وكـــــلاهما امير القافلـــة**
**العقـــــل يقود بالحيلـــة**
**والعشـــق يـدفع القـــوة**

شیعرە عیشقاوییەکانی ئیقبالٚ مرۆڤ والێدەکا عیشق بکاتە ئامرازی بەهێزکردنی خود، لەزەتو مەعریفەی تایبەتی پێدەبخشنو وایلێدەکەن هەمیشە

ئارامو لەسەرخۆو جوانپەرست و خەیاڵاوی و خۆشحاڵ بێ، گیانی برایەتیو تەباییو مرۆڤپەرستی بەبەردا دەکەنودەیگەیەننە پلەیەکی مرۆڤانەی بەرزترو سیفەتە سروشتیو خواییەکان لە ناخیدا زیندووتر دەکەنەوە، ئیدی عیشق نامرێ و نەمرەو عاشیق مەرگ یەخەی پێناگرێو با بە جەستەش تووشی مەرگ بێ، عیشقو جوانی وەك چاوگەیەكی ڕوون و سازگار دایمەن جوانییان لێ هەڵدەقوڵێ، جوانییان لێ دەتکێ و خەیاڵی مرۆڤ دەتەقێنن و لەزەتی سروشتیانەی پێدەبەخشنو ڕۆحی بەبەردا دەکەنو مرۆڤ حەیران دەکەن، هەموو ئەو وێنە جوان جوانانەی ئیقباڵ کێشاونی هەرگیز ناژاکێنو دایمەن قەشەنگترو جوانترو تەڕتر دەرەکەون.

## ئیقباڵ و فەلسەفی خود

بەنی ئادەم هەر لە سەرەتای ژیانەوە تا ئەوڕۆکە عەوداڵی ناسینی خۆی بووەو هەرگیزاو هەرگیز نەگەیشتۆتە کونهی حەقیقەتی خودی خۆی، ئیدی بۆیە سەرسوڕماوو داماوو سەرگەردان بووەو ون و وێڵی دەشتان بووە، بیرکردنەوە لە خود و گەڕانەوە بۆ لای خود لە شیعرو قەسیدەکانی ئیقباڵی لاهوریدا لێوانلێون لە فیکرەی بەرز بەرزو تەکاندەدەن بەخوێنەر بۆ هەوڵدان و تەقەللادان لە پێناو ناسینی خود و مەشقکردن لە سەر ئەو ناسینە، دوکتۆر عەلی حەسسون لە کتێبەکەیدا بە نێوی (**فلسفة اقبال**) بە فەیلەسوفی خود (**فيلسوف الذات**) نێو دەبات، ڕام وایە ئەو شیعرانەی ئیقباڵ وتوونی دەربارەی فەلسەفەی خود کەمترین کەس لێیان حاڵی دەبێ، چونکە تەمومژاوییو ئاڵۆزکاون، شیعرەکانی ئیقباڵ وەك یۆسف پێغەمبەرجوانن، بەرزن، بەقەدرو بەهان، ئیقباڵ لەم چەند دێڕە شیعرەدا فیکرەی ناسینی خۆی دەباتەوە سەر جەلالوددینی ڕۆمی و فەریدوددین عەتتار هەر ئەمەش وایکردووە عاشقی خۆی بێ و دەڵێ:

**أنا في ظلمـــة الليـــل أنار**
**في طريقة الملة البيضاء الغـــبار**
**أمـــة دوت بأفاق الـــورى**
**لحنهافي القلب نارا قد ســـرى**

درة ألقـــت و شمسـا حصـدت
ألــــف رومي و عطار جنت
اهتي الجرى سمت فوق العنان
عترتــي النار وان كنت دخـان

یـەکێکی دی لـە بـەرزترین‌و ڕازاوەتـرین‌و فەلسـەفاویترین قەسـیدەکانی ئیقبـاڵ قەسیدەی (**أسرار خودی**)ە، لەم قەسـیدەیەدا بـە شـێوەیەکی جـوان‌و مانابەخشـانەو فەلسەفییانە گوزارشت لە خـود دەکـاو بـە سـەرچاوەی بـوون‌و سـیڕی بـوون و بـە یاسای جیهان وەسـفداری دەکـا، ڕای وایـە هەرچـەند جـۆرو ڕوواڵـەتی لـە ژمـاردن نایە بەڵام حەقیقیەتیان یەك حەقیقەتە.

هيكــل الاكوان من اثـارهـــــا
كـــــــل ما تبصر من اثـارهـا
نفسها قد أيقضت حتى ا نجـلى
عالـــــــم الافكار مابين المـلا
ألـــــف كون مختف في ذاتهـا
غيرهــــا يثبت في اثبـاتهـا
تبتلـــــــي في نفسها قوتهـا
لتـــــــرى من نفسها قدرتهاا

بـەڵێ بـە خوێندنـەوەی شـیعرەکانی ئومێـد بـە خوێنـەر دەبەخشـێ‌و بەختـەوەرو دڵساف‌و ڕووسووری دەکا، ئومێدبوون بە ژیانیش سـەرمایەی مرۆڤـە، برگسـۆن پێیوایـە ڕۆح سـەرچـاوەی ماددەیـە، نـەوەك مـاددە سەرچـاوەی ڕۆح بـێ، چـاو سەرچاوەی بینین نییە، بەڵکو بینین سەرچاوەی چاوە، لێرەدا ئیقبـاڵ‌و برگسـۆن ڕاکانیان یەکانگیردەبن

رأس مال في الحيـــاة الامــل
وكذاك العقــل منه ينســـــل
كيف فينا أعين قد ظهـــــرت
لــــذة الرؤية فينا صـــورت
من مني التخطار رجل الحجلة

**من مني التغريد حلق البلبل**

مرۆڤ بە سروشت نەمرە، وەلێکان سوننەتی کەونی وایە کە بە قۆناغی مەرگدا تێپەڕیّو ئەو جیهانە پڕلە سەیرو سەمەرەیە بە چاوی خۆی ببینیّو پێی ئاشنا ببیّ، لەم چەند دێڕە شیعرەدا بە ڕوونی دان بە حەتمییەتی مەرگو جیهانەکەیدا دەنیّو دەڵیّ:

في الكوخ والقصر والصحــــــراء
والمن المنيعـــة الشمـــــــاء
وفي رياض البلبل الرنـــــــان
يقتحم المــوت بجيش القـــدر
حصون فخفور وبطش القيــصر
اذا رأيت المـوت في البحر سكـن
فالموت كأمن الاغراق السفـــن
لا نغم العود ولا شكوى الحزيـن
ولا أبتسام البشر أو دفع الانيـن

جەلالوددینی ڕۆمی لەمەسنەوییدا دەڵیّ گەر خانوویەك ئەڕووخێنرا، یان تێکەدرا، بزانە هێمایە، مەبەستێك لەپشتییەوە هەیە، کە مەبەستی نویّ بوونەوەو نۆژەن بووەنەوەیە، مەرگیش لای ئیقبالْ چاکسازییکردنە لەخودداو بەرزبوونەوەی ڕۆحەو مژدەی هاتنەکایەی ژیانێکی لێوانڕێژە لەبەختەوەریی و شادمانیو دڵشادیی، ماوەتەوە بڵێین ئیقبالْ شاعیرێکی مرۆڤپەروەرو ئاشتیخواز بووە، بە شیعرەکانی هەوڵیداوە هەردوو ژیاری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بە یەك بگەیەنیّ، بۆیە هەقوایە لای لێبکرێتەوەو شادبین بەو ئەزموونە زیندووەی ڕۆژهەڵات.



لە چەپەوە بۆ ڕاست: (نسیب عەریزە، جوبران خەلیل جوبران، عەبدولمەسیح حەداد، میخایل نەعیمە).

# جوبران خەلیل جوبران(1883-1931)
# جوانپەرستێک لە ڕۆژهەڵاتەوە

(1)

جوبران خەلیل جوبران، ئەدیبو فەیلەسوفوهونەرمەندو عەبقەری، دەنگێكی لێوانلرێژە لە حیكمەت، فەزیلەت، حەقیقەتی ڕۆژهەلاٌتی، هەلٌقولاٌوی دونیایەكە لە جوانی سروشتو وێنەی تازە تازەی ئەوتۆ مەگەر ئەو توانیبێتی وێنای بكاو بینەخشێنیٚ، شیعرەكانی خوێنەر دەلاوێنن، شیعرەكانی بەقەدرو بەهان، زیندوون، تەڕن، دلٌڕفێن ودلٌفینككەرن، وەك یۆسف پێفەمبەر جوانن، هەلٌقولاٌوی ناخێكی لێوانلێون لە نامۆبوون، فەلسەفەو حیكمەت بەنێو دێڕە شیعرەكانیدا دێنو دەچنو جەزبەو حالٌ لە خوێنەر دێنن، مایەی شانازی هەموو تاكێكی ڕۆژهەلاٌتیو ڕۆژئاواییە، ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا هەزار هێندەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاٌت ئاشنان بە فیكرو فەلسەفەو بەرهەمەكانی، بەداخەوە لە نێو واقیعی ڕۆشنبیری كوردیدا لای لێنەكراوەتەوەو ڕەنگە خەلٌكانێكی زۆر هەبن تەنانەت ناویشیان نەبیستبیٚ، نەخاسمە فیكرو فەلسەفەی، زەرورە خوێنەری كوردی زۆرترو زیاتر لا لە نووسینو بەرهەمەكانی بكەنەوەو باسو لێكۆلٌینەوەی تایبەت لە بارەیەوە ئەنجام بدەن، پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێن كە كتێبخانەی داماوو سەرگەردانی كوردی خالٌییە لەم كەسایەتییە گەورانەو هەقوایە پێداگری لەسەر ناساندنیان بكریٚ، چونكە پڕاوپڕن لە جیهانبینیو خەسلٌەتی بەرزی مرۆڤانە بوون، بەهەلٌگێڕو وەرگێڕكردنی دەقە شیعرییەكانی دەگەینە ئەو قەناعەتەی كە فەلسەفە كاریگەری لە سەداسەدی لەسەر دروست كردووەو هەر لەم ڕێیەشەوە بەرهەمە ئەدەبییەكانی دەچنە نێو خانەی ئەدەبی فەلسەفی (**الادب الفلسفي**)، شیعرو فەلسەفە ئاوێتەی یەكترنو كتومت لە ڕووی چاوگەو كەرەستەوە یەك شتن، ژیان ومەرگ، خێرو شەڕ، خۆشیو ناخۆشی، بابەت و مەبەستی شاعیرو فەیلەسوفن، شیعری فەلسەفاوی بابەتو وێنەی وەها دەهوروژێنیٚ كە ڕاستەوخۆو بەڕاست و چەپدا كاریگەری لەسەداسەد فەراهەمدێنیٚ، شیعری بەرز، زیندوو، ڕەسەنو فازیل خالٌی نییە لە ناڕوونی و تەمومژ، بەسروشت نێزیكە لە فەلسەفەو فیكر، بەلاٌم ئەو ناڕوونیو ئالٌۆزییە

دەبیٚ مرۆڤانەو هونەراوی بیٚ، تاوەکو حساوی دەقێکی نەمری بۆ بکریٚ، شیعری بەرز و ڕوسوور ئەو شیعرەیە ئالۆزو لوغزاوی بیٚو داهێنان لە پشتیەوە هەڵبخاتەوە، نەوەك ئالۆزییەکی پووچو بەتاڵ وەك ئەوەی لە شیعری ئێستای کوردیدا بۆتە دیاردە، شیعری فەلسەفی بە سروشت ئالۆزکاوو تەمومژاوییو ناڕوون و بەیەکدا چووە، هەموو ئەم سیفەتانە بایەخو خەسڵەتی بەرز بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن، مەژگی خوێنەر دەبزوێنن، وای لێدەکەن زیاتر خەیاڵو گرنگی بداتە ئەو دەقانە، فەلسەفە پێوەستە بەمرۆڤەوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەلە قالو بەلاوە مرۆڤ خەونی پێوە دیوەو دەیبینیٚ، فیکرە فەلسەفییەکان کاتێك ئاوێزانی ئەدەب دەبن زاتییەتی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ سروشتە خواییەکەیو بەهێزی دەکەن، فیکر لە ئێستادا وەك ئەوەی موحەممەد عابد ئەلجابری باسی لێوە دەکا دوو بەشە، یەکەم: زانستو تەکنۆلۆجیا، دووەم فەلسەفەو ئایدۆلۆجیا، گومانیشی تێدا نییە ئایندەی مرۆڤایەتی مەحکومە بە زانست و تەکنۆلۆجیا، مرۆڤ لەم واقیعە نوێیەدا سۆزە مرۆڤانەکانی لەدەست داوە، یان با بڵێین زاتییەتی لە دەست داوە، بۆیە وا پێویست دەکات ڕۆڵی بەشی دووەم کاراترو بەهێزتر بکریٚو دووبارە ئەو سۆزانە بگەڕێنرێنەوە، ڕاموایە جوبران کاری لە سەر ئەم فیکرە مەزنە کردووەو کردوویەتیە پێشەنگی کارەکانی، بەرهەمەکانی جوبران پڕن لە لە داهێنانی گەورە گەورەی هونەری، ئەدەبیو فەلسەفی، بەتایبەت دەقە شیعرییەکانی دڵو عەقڵی خوێنەر داگیر دەکەن و وەك دەقانێکی زیندوو هەمیشە لە ناخیاندا زیندوویەتی دەبەخشن، کاری هونەری، ئەدەبیو فەلسەفی پێش هەر شتێکی دیکە بەرهەمێکی مرۆڤانەنو زادەی تێفکرینی دوورو قووڵن، ئیدی لەم ڕێیەوە کاریگەری ڕاستەوخۆو کاریگەر لە ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەکەن.

(2)

جوبران خەلیل جوبران، ساڵی 1883 لە ناوچەی بوشرای لوبنان لەدایك بووە، خێزانەکەیان سەر بە بنەماڵەیەکی مارۆنی ڕەسەن بوونە، بابی پیاوێکی وشکەفرۆش بووە، داکیشی لە مێردی یەکەمی کوڕێکی هەبووە بە نێوی (پیتەر)، جوبران دوو خوشکی بە ناوەکانی (ماریانا – سوڵتانە) هەبووە، باوەڕی مارۆنی لە سەدەی پێنجەمی زایینی لە سەر دەستی قەشە مارۆنی سەری هەڵداو لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا پەرەی سەند، بە پێچەوانەی کاسۆلیکەکانەوە قەشەی مارۆنی دەتوانیٚ ژن بخوازیٚ و خێزان دروست بکا، بە سروشت خێرلەخۆنەدیو و لەشبەبار بوونەو تەنانەت لە دەستیاندا نەبووە جوبران بخەنە بەر خوێندن، زۆر بە زوویی زیرەکی تێدا بەدی کراوەو لای کاهینی گوندەکەیان فێری خوێندنو نووسین بووە، دوای شالاٚوی عوسمانییەکان بۆ سەر ناوچەکەیان بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کردووەو لە شاری بۆستن گیرساونەتەوە، ساڵی 1985 بابی جوبران لە ناوچەی بوشرا دەگیریٚ و توند دەکریٚ لە زیندان، کامیلای داکی جوبران لە بەر هەژاریو کەمدەستی بەرەو شاری بۆستنی ئەمریکا کۆچ دەکەن، دواتر ڕێکخراوێکی خێرخوازی هاوکاری جوبران دەکەنو دەیخەنە بەر خوێندن، لەوێندەر دەبێتە جێی سەرنجی مامۆستایانی قوتابخانەکەو بە وێنە جوانەکانی سەرسام دەبن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەم پێناوەدا بانگی وێنەکێشی بەناوبانگ هۆلاند دای دەکا تاوەکو وانەی تایبەتی هونەری پێبڵێتەوە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ تێکەڵبوونی جوبران بە ناو دونیای هونەر، زۆری نەبرد وێنەکانی کرانە بەرگی کتێبو لە نێو شاری بۆستندا دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە بە تایبەت نێوەندە ئەدەبی و هونەرییەکان، لە ساڵی 1898 گەڕاوەتەوە لوبنان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبیو بۆ ئەم مەبەستەش چۆتە قوتابخانەی حیکمەتو لە ماوەیەکی ئێکجار کەمدا شارەزاییەکی باش پەیدادەکا، یەکەمین کاریشی دەرکردنی گۆڤاری ئەلمنارە بووە بە هاوکاریو دەستگیرۆیی کردنی یوسف حویك، پاشان گەڕاوەتەوە شاری بۆستن بۆ فێربوونی زمانو نووسینی ئینگلیزی، ماری هاسکڵ وەك دۆستو خۆشەویستی جوبران هانی ئەدا بۆ

فێربوونی زمانی ئینگلیزی، لە ساڵی 1908 بۆ باشتر شارەزا بوون لە بوارە هونەرییەکان سەردانی پاریس دەکاو لەوێکانیش ماوەیەك دەمێنێتەوە، دوای بەڕێکردنی تەمەنێکی کورت ساڵی 1931 لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی نیۆرك سەرینایەوەو عەمری خوایکرد، کتێبانێکی ئێکجار زۆری هەنە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بدەمە هەندێ لە بەرهەمەکانی (**الارواح المتمردة** 1908، **الاجنحة المتكسرة** 1912، **دمعة وابتسامة** 1914، **المواكب** 1918، **المجنون** 1918، **السابق** 1920،**النبي** 1923، **البدائع والطرائف** 1923، **رمل وزبد** 1926، **يسوع ابن الانسان** 1928، **الهة الارض** 1931، **التائه** 1932، **حديقة النبي** ،1933 )، هەموو بەرهەمەکانی جوبران بە ڕۆحێکی ڕۆژهەڵاتیانە نووسراون، زۆربەی نووسراوەکانی بۆ دەیەها زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون، کتێبی (**النبي**) هەوێنی فیکرە فەلسەفییەکانی جوبرانەو بە فیکرەی ورد ورد ،دوورو قووڵ، ئامانج شکێن مەبەستە فەلسەفییەکانی پێکاوە. ئەمین مەعلوف نووسەری لوبنانی ڕای وایە کتێبی (**النبي**) ناچێتە خانەی باس، چیرۆك، ڕۆمان‌و قەسیدە بەڵکو کیشوەرێکی تازەیەو تا نهۆ نەدۆزراوەتەوە.

کاتێ باسی جوبران دەکەی یەکسەری نێوی ماری هاسکڵ دەگەڵیدا باسدەکرێ، ماری هاسکڵ کاریگەری گەورەی کردە سەری‌و ژیانی بەخشیە جوبران، تا مردنی هاوڕێ‌و خۆشەویستی بوو، کاتێ جوبران لە پاریس خوێندکار بوو کاری لە هونەردا دەکرد ماری یارمەتی دارایی دەدا و بوو بە خێرو بەرەکەت و ڕژا بەسەر جوبراندا، دواتر جوبران خواستی، ماریش داواکەی ڕەتکردەوە، لەکاتێکدا ماری ڕێك دە ساڵ لە جوبران گەورەتر بوو، ماری پێداچوونەوەی بە گشت کتێبەکانی جوبراندا دەکردو ئاڕاستەی دەکرد بۆ کارو بەرهەمی پتر، بە دایکی هەنێ لە کتێبەکانی نێوزەد کردووە، جوبران جگە لە ماری هاسکڵ یازدە ئافرەتی دیکەی خۆشویستووە، هەندێ لەوانە بە دە ساڵ و یازدە ساڵ گەورەتر بوونە، ئەمەش ناوەکانیانە ( حەلا زاهیر، سوڵتانە تابت، جۆزفین بیبۆدیە، میشلین، شارلوت تیلەر، ماری قەهوەجی، ماری خوری، ماری زیادە، کۆرین ڕۆزفلت- خوشکی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا-، مسز ماسۆن، بەربارە یۆنگ).



# ماری هاسکلْ

لەو لایەنە گرنگانەی دیکە کە پێویستە لای لێبکرێتەوەو باسو لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەنجام بدریْ خۆشەویستی نێوان جوبرانو ماری زیادەی شاعیرو چیرۆکنووسی فەلەستینییە، ئەو خۆشەویستیە لە ئاسمانەوە سەرچاوەی گرتووەو دیاری ئاسمانیش بووە، زیاد لە بیست دانە ساڵی ڕەبەق ئەو خۆشەویستییە بەردەوام بووە بەبیْ ئەوەی تەنها جارێکیش یەکتر ببینن، جوبران بە دلْ عەشقو خۆشەویستی دەکرد، نامەکانیان فیکرو ئەدەبی لێدەچۆڕیْ، لە ڕێگەی نامەونامەکارییەوە سۆزی دڵیان دەرخستووە، ئەم نامەو نامەکارییە دێتە نێو خانەی ئەدەبی نامە، بەتەنیْ لە ڕێی فیکر، ڕۆح، خەیاڵەوە بەیەکتر گەیشتوون، ماری زیادە خاوەنی چەندین دیوانە شیعرو چیرۆکی بەقەدرو بەهایە، بە زمانەکانی ئەڵەمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی بەرهەمەکانی پێشکەش کردووە لەوانە (**باحثة البادية، المساواة، بين الجزر والمد**...).



# ماری زیادە

-3-

جوبران پتر وەك ئەدیبێکی عەبقەریو مەزن نێوبانگی جیهانی هەیە، لەتەك ئەمەشدا هونەرمەندێکی بەسەلیقەو جوانی پەرستە، هونەرمەندێتی جوبران لە تابلۆو وێنەکانیدا زۆر بە ڕوونی دەرەکەویٚ، بەبینینی دڵەکان تێراو دەبن، چێژێکی لە ڕادەبەدەر دەبەخشنە چاوی بینەر، دڵەکان ڕامدەکەن بۆ خۆیان، داك، باب، ژنو سروشت ڕاستەوخۆ کاریان تێکردووە، لە وێنەو تابلۆکانیدا خوڵقاندنو داهێنانی پێوە دیارەو ڕۆحی گەورە گەورەی تێیاندا بەرجەستە کردووە، هونەرن لە پێناو هونەر، جا ئەو هونەرە شیعر بیٚ یاخود چیرۆك، ڕۆمان، پەیکەرو تابلۆ بیٚ، مەرجیش نییە هەر تابلۆیەك جوانو سەرنج ڕاکێش بیٚ پڕاوپڕ بیٚ لە هونەراندن، تەنانەت هونەرمەندیٚ گوتوویەتی دەمەویٚ تابلۆیەك بنەخشێنم کەس قێزی نەیە تەماشای بکا، هەڵبەتە هەموو شتێك لە دونیادا هەڵگری هونەرە، تابلۆو وێنەکانی ناسکن، قەشەنگن، نازدارن، ژیان لە تابلۆکانیدا دەبینی، بیرە هونەریەکانی جوبران هەڵقوڵاوی نێوەخنی مرۆڤێکی پاكو زەوق سەلیمە، کاتیٚ لێیان دەڕوانی سەرسامت دەکەن، دەتلاوێنن، لە

ڕۆژئاواشدا زیاتر وەك هونەرمەند نێوبانگی دەرکردووە، بەمانا هونەرمەندێکی بەدیمەن و هەست ناسك و زەوق سەلیمە، تەماشاکەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشیٚ، تابلۆکانی سروشتین، ڕەنگینن، خەیاڵی تەقیوی ڕۆژهەلاٚتن، خەیاڵی شاعیرێکی نامۆیە، لە ڕێگەی تابلۆکانیەوە گوزارشت لە خێرو شەڕ، جوانی و ناشرینی، خۆشی و ناخۆشی دەکاو قەیرانەکانی کۆمەڵ نیشاندەدا، عیشقی ڕاستەقینەیان تێدا بەدی دەکریٚ، سۆزە سروشتییەکان بۆ مرۆڤ دەگێڕنەوە، جارێکی دیکە زیندوویەتیو بوونی بەبەردا دەکەنەوە، لە قەیرانەکانی سەردەم دووری دەخەنەوەو چێژی تایبەتی دەبەخشن.

**نمونەیەک لە تابلۆکانی جوبران خەلیل جوبران**









-4-

نامۆبوون... یەکێکە لەو سیفەتانەی کە شاعیرو فەیلەسوف لە دەوری خۆی خڕدەکاتەوە، بنەماو بناغەی فەلسەفیانەی هەیەو ڕەگوڕیشەی داکوتیوە لە ناخیاندا، نامۆبوون (الاغتراب) سیفەتێکی مرۆڤانەیەو لە خۆڕا دروست نابێ، بەڵکو پێوەستە بە ئاستی خوێندەواری و جیهانینی هەر تاکێکی خوێندەوار، ئیدی پێش ئەوەی گرفتێکی سایکۆلۆجی بێ گرفتو گرێیەکی فەلسەفییەو ڕەگی لە قووڵایی فەلسەفەدایە، سەرچاوەی نامۆبوون هەستکردنە بە دوورکەوتنەوە لە حەقیقەتی خودو بابەتە دەروونییەکان، دەروونناسان پێیانوایە چەمکێکی فرە ماناو گرێ گرێیە پتر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو پچڕانی پێوەندی نێوان مرۆڤ و جەوهەری بوونە، بەڕای هێگڵ ڕۆشنبیری گرنگییەکی زێدە کاریگەرو ڕاستەوخۆی هەیە لە دیاریکردنی پێگەو قورسایی تاك دەنێو خودی خۆیداو گەشە بە ڕۆح دەدا، ڕۆشنبریی پێوەستە بە خودەوە، کاتێ ڕۆح شکست دێنێ لە پێناسەکردنی خوددا ئیدی سەردەکێشێ بۆ نامۆبوون،

نـامۆبوونی جـوبران زیـاتر فەلسـەفییانەیە بـە شـێوەیەکی زۆر جـوانو پڕمانـا گوزارشتی لەبارەیەوە کردووەو دەڵێ:

**أنا غريب في هذا العالم**
**أنا غريب**
**وقد جبت مشارق الارض ومغاربها**
**فلم أجد مسقط رأسي**
**ولا لقيت من يعرفني**
**ولا من يسمع بي!**

لەم شیعرەدا شاعیر بە مانا مەنزوری گەڕانەوەیە بۆ لای خـود (**الرجـوع الى الـذات**) و قـاڵبێکی فەلسـەفییانەی وەرگرتـووە و دەچـێتە نێـو خانـەی فەلسـەفەی خـود (**فلســفة الــذات**)، لــە کاتێکــدا ئەمســەراو ئەوســەری عــەرز گــەڕاوە مــەنزڵی لـەدایکبوونی نەدۆزیوەتـەوەو بگـرە کەسـیش لێـی نەپرسـیوەو کەسـیش گـوێی پێنەداوە.

جوبران وەك عاشقێکی سەر مەستو شاعیرێکی جوانپەرست، عیشق و جوانی ئاوێتەو ئاوێزانی یەکتر کردووەو بە شێوەی فیکریو فەلسەفییانە نیشانیداون، عیشق و جوانی دوو چەمکی فرە ڕەهەند و فرە مانان، پانتاییەکی بەرفراوانیان لـە شـیعرەکانی جوبرانـدا داگیرکـردووە، شـیعرەکانی لێوانڕێـژن لـە مانـای دوورو قـووڵ دەربـارەی فەلسـەفەی عیشـق و جـوانی، هـانی خوێنـەر ئـەدەن بـۆ زیـاتر قووڵبوونەوەو قاڵبوونەوە بۆ نێو ناخیدا، پڕاوپڕن لە نمونەی بـەرز بـەرزو وێنـەی بەدیمەن، گەڕانە بە دووی ئاواتو خۆزگەکاندا و دەڵێ:

**هلمي يا محبوبتي نمشي بين الطلول**
**فقد ذابت الثلوج**
**وهبت الحياة من مراقدها**
**وتمايلت في الاودية والمنحدرات...**
**تعالي لنشرب بقايا دموع المطر من كؤوس النرجس...**
**إقتربي مني يا حبيبة نفسي فقد خمدت النار وكاد الرماد يخفيها...**
**ضميني فقد إنطفأ السراج و تغلبت علية الظلمة...**

**ها قد أثقلت أعيننا خمرة السنين...**
**اه يا حبيبتى ما أبعد الصباح... في هذا العالم !**

بەڵێ لیوانلیێوه لە وێنەی نەخشێنراوو سروشتی کاتێك بەتاسەوە بانگ لە خۆشەویستەکەی دەکاو مژدەی ژیانی پێدەدا، باس لە بەردەوامی ژیان دەکاو وەرزەکانی ساڵو ڕووناکی و تاریکی کردۆتە بەڵگەی ئەو بەردەوامییە، بە عیشقێکی جوانو بە دەنگێکی ئاسمانیانە داوا لە خۆشەویستەکەی دەکا تاوەکو دەستی بگرێ و لە باوەشی سۆزو پڕ نازیدا بیحەوێنێتەوەو بیلاوێنێتەوە.

جوبرانی شاعیر لە چەند دێڕە شیعرێکی دیکەدا باس لە ململانێو کێشمەکێشمی نێوان هەردوو هێزی خێرو شەڕدەکاو ڕایوایە هێزی شەڕ هەمیشە زیندووە بالە گۆڕیش بنرێ، دایمەن زاڵترە بەسەر خێرداو کۆمەڵ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێو دەڵێ:

**الخـــير في الناس مصنوع اذا جبــروا**
**والشر في الناس لايفنى وان قبـــروا.**

ژیان لە بیرو فیکرو جیهانبینی جوبراندا ملدان و ملکەچبوون و سەرنەویکردنە بۆ بڕیارەکانی ئاسمان و سوننەتەکانی ژیان، دەڵێ:

**ليس في الغابات راع/ لا ولا فيها القطيع...**
**ليس في الغابات دين/ لا ولا فيها الكفر القبيح...**
**ليس في الغابات عدل/ لا ولا فيها العقاب...**
**ان عدل الناس ثلجا/ ان راته الشمس غاب...**
**ليس في الغابات عزم/ لا ولا فيها الضعيف...**
**ليس في الغابات علم/ لا و لا فيها الجهول...**
**ليس في الغابات حر/لا ولا العبد الذميم**

تاقە مەبەستو مەنزوری ئەوەیە فرەیی تامو چێژی زیاتر دەبەخشێت بە ژیان، ئەم چەند دێڕە شیعرە نیشانەی واقیعبینی جوبرانە دەربارەی پێکهاتەکانی ژیانو پێچەوانەکانیان، لە دارستانو چیاوچۆڵەکاندا دین، دادپەروەریو زانست... نییەودەنا پێچەوانەکانیان دەبوو، کەواتە ژیانو بەردەوامییەکەی بەستراوە بە ململانێی نێو پێکهاتەکانی ژیان ئەگەر وانەبوایە ژیان دەوەستا.

سەرەنجام جوبران لە رووی شۆرەتەوە زۆر دیارو بە بەختو ناسراوە، لە زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیرانی دیکەی عەرەبی ناسراوترە، ئەزموونو بەرهەمو نووسراوەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی دونیا وەرگێڕدراونو شارەزایانو لێکۆڵەرەوانی رۆژئاوا بایەخو گرنگی تایبەتیان پێداوە، بەمانا شاعیرو فەیلەسوفە، شیعرەکانی پڕن لە فیکرەی مەزن مەزن و ژیانیان لە سەر بنیاتدەنرێ، بۆ تێگەیشتن لێیان هۆشیاری فەلسەفی زەرورەو وا لە خوێنەر دەکا باشترو چاکتر لە ماناو مەبەستی شیعرەکانی حاڵی بن.

**سەرچاوە:**


1. **النظرية الأدبية المعاصرة: رامان سيلدن، ترجمة سعيد الغانمي، دار فارس للنشر والتوزيع، المغرب، الطبعة الاولى،** 1996.
2. **اللــه : سعيد حوي، الطبعة الثالثة، بيروت،** 1979.
3. **الشعر ونهايات القرن : ت. ممدوح عدوان، الطبعة الاولى،**1998،
4. **الثابت والمتحول/**2**: أدونيس، دار العودة، بيروت،** 1974.
5. **الموسوعة الميسرة: د.مانع بن حماد الجهني، الطبعة الخامسة،** 2003،
6. **في الادب الفلسفي : د. محمد شفيق شيا، الطبعة الاولى، بيروت،** 1980.
7. **عەقیدەی مەرضية : سەييد عەبدوڕڕەحيمی مەولەوی، بەغدا،** 1988.
8. **فلسفة اقبال : دكتور على حسون، الطبعة الثالثة، سوريا،** 2002.
9. **إقبال الشاعر و الفيلسوف والانسان : حميد مجيد هدو، مطبعة الفرى،** 1963،
10. **محمد إقبال سيرته وشخصيته و فلسته : عبدالوهاب عزام، دار القلم،** 1960،
11. **محمد إقبال: مجموعة مقالات لكبار الكتاب والادباء العرب، القاهرة،** 1956.
12. **محمد إقبال- مجموعة مقالات لكبار الكتاب والأدباء العرب- القاهرة،** 1956.
13. **جبران خليل جبران : اسكندر نجار، ت.بسام حجار، دار النهار، بيروت-**2006.
14. **جبران خليل جبران نبي عصره: روبن ووترفيلد، ترجمة ميشيل خوري، دار ورد، دمشق،** 2003.
15. **مصطلحات فكرية : سامي خشبة، المكتبة الأكاديمية ـ** 1994.
16. **دروب : ميخائيل نعيمه، الطبعة السابعة، بيروت،** 1980.


**گۆڤاری گزنگ ژمارە** 54

**تشرينی دووەم** 2007



**نازک ئەلمەلائیکە (1923-2007)**

# فریشتەی شیعر

**( نازك ئەلمەلائیکە جێدەستی لە قەسیدەی نوێی عەرەبیدا دیارەو بەرگری لێکردووە، مردنی کەلێنێکی گەورەی لە نێو جیهانی عەرەبیدا دروستکرد قورسە گەر شاعیرێکی دیکەمان هەبێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە، نازك ئەلمەلائیکە ڕاستگۆترین و مەردترین دەنگی شیعریی بوو لە سەردەمی جاهیلییەوە تا ئەوڕۆکە).**

**ئەدۆنیس**

**( شیعری عەرەبی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ تەنهاو تەنها دوو ژنە شاعیری نوێخوازو داهێنەری بەخۆوە دیوە یەکەمیان خەنسا لە سەدەی حەفتی زایین و نازك ئەلمەلائیکە لە سەدەی بیستەمدا).**

**ناسر عراق**

**(ئێمە لەنێوان دوو ڕێگەداین : یان ئەوەتا فێری تازەترین میتۆدەکانی فەلسەفەو هونەرو دەرونزانی ببین، وە بچینە ژێر کاریگەریان و بەرجەستەی بکەین، یان ئەوەتا ئەم ڕێگەیە نەگرینەبەر...)**

**نازك مەلائیکە: پێشەکی کتێبی شظایا ورماد** 1949-2-3

(1)

ناوی تەواوی نازك سادق كازمییە، شاعیری ئێراقی ئەلباقی عومەری ئەم لەقەبەی ( مەلائیکە) لێناون چونکە بەسروشت کەسانێکی پاكو بێوەی بوونە، نازك مەلائیکە بەگەورەترین ژنە شاعیرو ڕەخنەگری ئێراقیو نیشتمانی عەرەب ناوزەند دەکرێت، بەیەکێك لە دیارترین وێنە هاوچەرخەکانی شیعری نوێخوازی ئەژماردەکرێ، بەشیعرەکانی نەخشەی شیعری عەرەبی گۆڕیو کیشوەرێکی نوێی لە شیعری عەرەبی دۆزییەوەو بوویە کۆڵەمبۆسی شیعری نوێی عەرەبی، شیعرەکانی فرەماناو فرە ڕەهەندو ناسكو نازدارە، لێوانلێوە لە بیری قوڵو دوورو خەیاڵی فراوانو ئامانج شکێن، بە بیرێکی مرۆڤانەوە شیعری پێشکەشکردووە، لەزەتبەخشو دڵڕفێنو دڵفێنکەرە، بەهەموو مانایەك شاعیری نوێخوازەو داڕێژەری بیرێکی نوێی شاعیرانەیە، خوێنەری دەقە شیعریو قەسیدەکانی خوێنەر دەباتە دونیایەکی تری شیعر، لەمەیدانی شیعریدا شاعیرێکی سەنگینو ڕوو سوورە، بە ڕای ناسر عراق شیعری عەرەبی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ تەنهاو تەنها دوو ژنە شاعیری نوێخوازو داهێنەری بەخۆوە دیوە یەکەمیان خەنساء لە سەدەی حەفتی زایینو نازك مەلائیکە لە سەدەی بیستەمدا)، لە کتێبی ( **قضايا الشعر المعاصر**) دا زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە لە پێشەوەی شاعیرانی شیعری نوێیە، وە باس لەوە دەکات کە سەرەتای بزوتنەوەی شیعری نوێ لە ئێراقەوە دەست پێدەکات، یەکەمین قەسیدەشی ( **الكوليرا**-1947) گەواهی ئەم حەقیقەتە دەدات، جگە لە شیعریش لە بواری ڕەخنەو کۆمەلأیەتیدا چەندین کتێبی ناوازەو نازداری پێشکەش کردووە، لە گرنگترین کتێبە ڕەخنەییەکانی(**قضايا الشعر المعاصر**1962- **الصومعة والشرفة الحمراء**1965- **سيكولوجية الشعر**1993، **الادب**

**والغزو الفكري** ( 1965 )، **محاضرات في شعر علي محمود طه** ( 1965 ) )، هەر یەکەیان لە قۆناغی خۆیدا دەنگوسەدای ناوەتەوەو تەکانێکی گرنگو کاریگەری داوە بە بواری ڕەخنەو ڕەخنەسازی، گرنگترین کۆمەڵە شیعرییەکانی ئەمانەن (**عاشقة الليل**1947- **شظايا ورماد**1949- **القرار الموجة**1957- **شجرة القمر**1967- **ماساة الحياة واغنية الشعر**1970- **للصلاة والثورة**1978...، ئەو نوێکارییەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوەی سەرەکی یەکەمیان: زانابوونی بە عەروزی عەرەبی، دووەمیان: خوێنەرێکی دەرەجە یەکی شیعری ئینگلیزی بووە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە بوو ئەو خوڵقاندن و داهێنانەی ئەنجامدا لە شیعری ئێراقی و عەرەبیدا.

بەشبەحاڵی خۆم کتێبی (**سايكولوجية الشعر**) سایکۆلۆجیای شیعر یەکێکە لەو کتێبانەی زۆرترین چێژم لێوەرگرتووە، بەهایەکی یەجگار گەورەی مێژوویی و ئەدەبی تێدایە لەهەمان کاتیشدا لەبواری ڕەخنەییدا بنیاتنەری شیعری نوێی عەرەبە، بەزمانێکی زۆر نازدار نوسراوەو پەردەی لەسەر چەندین ڕووی شیعری هەڵداوەتەوە کە کەمترین کەس دەرەقەتی دێو توانای بە سەریدا دەشکێ، لەبواری شیعریی و زانستی عەروزی عەرەبیدا کتێبێکی بەقەدرو بەهایەو بەدیدو تێڕوانینێکی تازەو نوێگەرانەوە باس لە هونەرەکانی شیعرو شاعیرێتی دەکا، تێیدا باس لە بوونی پەیوەندییەکی نهێنی دەکا لە نێوان شاعیرو ئەو زمانە شیعرییەی بەکاری دێنێ، لەو هۆکارانەی پەیوەندی شاعیر بە زمانەوە تۆکمەو پتەو دەکا ئەوەیە کەزمانی شیعری کێشو سەروای هەبێ، ئیدی ئالەم ڕێگەوە شاعیر دەتوانێ بە ئاڕاستەیەکی شیعری نوێگەرانەوە بێتە مەیدانی شیعرییەوە، دیسانەوە پێی وایە زمانی عەرەبی زمانێکی فراوانو پانو بەرینەو شاعیری هاوچەرخ دەتوانێ زمانێکی شیعری نوێ هەڵبژێرێ کە هەرگیزاو هەرگیز لە زمانی شیعری پێش خۆی نەچێ، لەبەر ئەوەی شاعیرانی پێشین هەموو زمانیان بەکار نەهێناوە، واتە زمانی عەرەبی بایی ئەوەی تێدا ماوەو بگرە سەرو زیاش کە شیعری نوێی پێ بنوسرێ، دواتر پێیوایە ئیشکالیەتی زمانی شیعری لەم قۆناغە نوێیەدا بەکارهێنانی وشەگەلێکی فەرهەنگییە لە شیعرداو بەکارهێنانیەتی لە داڕشتنی قەسیدەیەکداو ڕاڤەو مانا کردنیەتی لە پەراوێزدا،

سا لێرەدا شیعر مەهامی شیعرییەت بوون لە دەست دەداو مەرگ یەخەی پێدەگرێ، وا لە خوێنەری دەقە شیعرییەکان دەکات بەدایم بگەڕێنەوە سەر فەرهەنگەکان، چونکە زمانی شاعیر جیاوازە لە زمانی پەخشاننوسێك، ئەویش ئەوەیە زۆرترین مانا لە کەمترین وشەدا جێ بکاتەوە، شیعرێکی مەحمود دەروێشی کردۆتە بەڵگەی ڕاکەی:

**أحبك،**
**ثلاثة أشيا ْ لا تنتهي،**
**أنت، والحب، والموت**

گەر بە وردی تەماشای بکەین دەبینین شاعیر گفتوگۆ لەتەك خۆشەویستەکەی دەکا بە شێوەیەکی فرەماناو فرە ڕەهەندو دوورو قووڵ، بەوەی ئەو سێ شتە هەرگیز کۆتاییان نییە (خاك، خۆشەویستی، مەرگ)، فەلسەفەی ژیانو مردن بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوەو هەڵقوڵاوی هەستێکی بەرزی شاعیرانەیە، مردن بەلای مەحمود دەروێشەوە دوو ڕەهەندی هەیە یەکەمیان ڕەهەندێکی فەلسەفییانە و ئەوی دیکەیان واقیعیانە، نازك لە قەسیدەی کۆلێرادا بەهەمان شێوە باس لە فەلسەفەی مردن دەکات و فەلسەفیانە گوزارشتی لێکردووە و دەڵێ:

**الموت، الموت، الموت**
**تشكو البشرية مايرتكب الموت.**

نازك ئەلمەلائیکە لە قەسیدەی (أنا) دا باس لە فەلسەفەی خود (الزات) دەکات و بەیەقینەوە گوزارشت لە گوم بوون و وێڵ و سەرگەردانی خودی خۆی دەکاو ئەپرسێ:

**الليل يسأل من أنا**
**أنا سرة القلق العميق الاسود**
**أنا صمتة المتمرد**
**قنعت كنهي بالسكون**

**ولففت قلبي بالظنون**
**وبقيت ساهمة هنا**
**أرنو وتسالني القرون**
**أنا من أكون؟**
**والريح تسأل من أنا**
**أنا روحها الحيران أنكرني الزمان**
**أنا مثلها في لا مكان**
**نبقي نسير ولا انتهاْ نبقي نمر ولا بقاْ...**

( 2 )

نازک ئەلمەلائیکە، سێ چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو، هەڵقوڵاوی خانەوادەیەکی دینیو ئەدەبی بوو، زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی شیعریان دەنووسی، باوکی (خوا لێیخۆشبێ) مامۆستام بوو لە ئامادەیی مەرکەزی، عاشقی شیعر نووسین بوو، ئەو بوو کتێبی (**الاغاني**) ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی لا شیرین کردم، لە پۆلدا گشت بەشەکانی ئەو کتێبەی دەخوێندەوە، نازک لەنێو ئەو کەشو هەوایەدا ژیا.. خوێنەرێکی جیددی بوو، بە بڕوای من خوێندنەوەو بیربۆچوونەکانی میسالی بوون، هەندێ لەو بیرو بۆچوونانە سادەبوون، بۆ نمونە تێڕوانینەکانی لەبارەی تەسەوفەوە دینیانە بوو نەوەک فەلسەفیانە... چەندین جار خۆم و هەندێ لە هاوڕێیان سەردانمان دەکرد بەبیرم دێ ئەوکات جیاوازیمان لە زۆر بواردا هەبوو، بیرباوەڕی چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕ بوو، قبوڵی موناقەشەی نەدەکرد.. لەسەرەتادا گرنگییەکی یەجگار زۆرم ئەدایە شیعرەکانی نازک، زمانی نووسینی ڕەوان و تایبەت بوو، قەسیدەکانی ڕۆمانسی بوون، جیاواز لە ڕۆمانسیەتی شاعیرانی ئینگلیز بایرۆن بە نمونە، نێزیک بوو لە شیعری شاعیرانی بەریتانی... بەبڕوای من قوتابخانەیەکی تایبەت و جیاوازبوو لە قوتابخانەی شاعیرانی پیاو وەک ( **علي محمود طه، إبراهيم ناجي، فدوى طوقان**)، ....شیعرەکانی نازک لە سروشتی ژنەوە نێزیک بوون، ئەمەش بۆ خۆی تایبەتمەندییەک بوو، بە نیسبەت شیعرەکانیەوە لەکەیەک نەبوو، شیعرەکانی

جوان بوون و پێویستمان بە شیعری لەو جۆرەیە، نازك بەردەوام بوو لەسەر نووسین، ئەو شۆڕش و کودەتایانەی لە ئێراقدا ڕوویاندا کاریان کردە سەر لاوازبوونی دەنگی نازك... نازك لەسەرەتادا گەورە بوو واتە لە سەرەتای حەفتاکاندا، جارجارە لە نووسینی شیعر دادەبڕا، لە بواری سیاسەتدا دەینووسیو بەلای قەومیبووندا هەنگاوی دەنا... بەلای منەوە شاعیرێکی مەزنە، لەسەرەتادا یەکێ بوو لەنێودارترین شاعیرانی عەرەب و دیوانەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە گرنگترین دیوانە شیعرییەکان بوون، گەر بەو شێوەیە و بە نەفەسێکی درێژەوە کاری بکردایە وەك ژنێك لە مێژووی شیعری عەرەبیدا پێگەیەکی گەورەتری دەبوو.

## عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی

– شاعیری ئێراقی نازك ئەلمەلائیکە لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر شیعری عەرەبی، ناتوانین بڵێین پێشەنگی شاعیرانی عەرەبە لە کاتێکدا بێنەوبەرە و جیاوازییەکی زۆر لەم بوارەدا هەیە، وەلێکان هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە نازك و بەدر شاکر سەییاب ڕۆڵی گەورەیان هەبووە.

## ئەحمەد مەلا

– نازکم لە بەیروت ناسی، لەنێوانماندا جیاوازی هەبوو، شاعیرێکی ڕووسوور بوو، لە نێو ئاسمانی شیعردا هەر بە ڕووسووری مایەوە، ئەوەی خیانەتی لێکردو سوێی کردە سکی سیاسەت بوو، بەڵام هەرگیز خیانەتی لە زاتی نەکرد، وە دووبارە خیانەتی لە قەزیەی شیعر نەکرد.

## ئەدۆنیس

– نازك ئەلمەلائیکە جێدەستی لە قەسیدەی نوێی عەرەبیدا دیارەو بەرگری لێکردووە، مردنی کەلێنێکی گەورەی لە نێو جیهانی عەرەبیدا دروستکرد قورسە گەر شاعیرێکی دیکەمان هەبێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە، نازك ئەلمەلائیکە ڕاستگۆترینو مەردترین دەنگی شیعریی بوو لە سەردەمی جاهیلییەوە تا ئەوڕۆکە.

## جابر عوسفور

–نەخۆش کەوتنی نازك کۆست بوو مردنیشی دوور لە نیشتیمان کۆستێکی دیکە بوو بۆ ئەدیبان و ڕۆشنبیران و شاعیرانی ئێراق کە سوودیان بینیوە لە ئەزموونی ئەم شاعیرە مەزنە هەر بە ئازایەتیو ئازادیو جورئەتەوە تەرحی ڕەخنەکانی دەکرد.

## عەبدوززەهرە زەکی

– نازك ئەلمەلائیکە لە ڕووی مێژووییەوە پێشەنگ بوو، ئیمانم بە شیعرەکانی نەهێناوە، ڕەنگە کەمتەرخەمی خۆمبێ، کەیفم بە شیعرەکانی نایەت لەتەك ئەمەشدا هەمیشە دانم بەگرنگی شیعرەکانیدا ناوە وەك شاعیرێك، مردنی ئەم شاعیرە گەورەیە خەم و پەژارەی بەمن بەخشی.

## ڕەسمی ئەبو عەلی

– شیعری عەرەبی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ تەنهاو تەنها دوو ژنە شاعیری نوێخوازو داهێنەری بەخۆوە دیوە یەکەمیان خەنسا لە سەدەی حەفتی زایین و نازك ئەلمەلائیکە لە سەدەی بیستەمدا.

## ناسر عراق

– نازك گرنگییەکی یەجگار زۆری داوە بە زانستەکانی نەحوو سەرفو عەروزی عەرەبی لەم پێناوەشدا تەمەنێکی زۆری بەسەربرد... خوێندنەوەو لێکدانەوەو توێژینەوەی قوڵی لە سەر کتێبەکانی (إبن جني، القالي، السيوطي، الزمخشري، المبرد، الجاحظ) ئەنجامداوە، دەیەها هەزار دێڕە شیعری لەبەر بوو لەم پێناوەشدا چەندین دەفتەری تایبەتی هەبوو هەڵبژاردەی شیعری کۆن و نوێی تێدا نووسرا بوو.

## ئیحسان ئەلمەلائیکە

( 3 )

# نازك ئەلمەلائیكە
# چاوخشانێک بە باس و خواسی ژیان و ڕۆشنبیریم

لە 23ی ئابی ساڵی 1923 لە بەغدا لەدایك بووم، من گەورەی خوشكو براكانم بووم ئەوانیش: چوار كچو دوو كوڕ بوون، قۆناغەكانی خوێندنم وەك خۆی بڕی یەك بە دوای یەك لە سەرەتاییەوە بۆ ناوەندیو دواتر ئامادەیی، ساڵی 1939 ئامادەییم تەواوكرد، هەر لە منداڵیمەوە زمانی ئینگلیزیو مێژوو وانەكانی مۆسیقام خۆشدەویست، لەزەتێكی زۆرم لە خوێندنی وانەكان دەبینی، بە تایبەت زانستی فەلەكو یاساكانی بۆ ماوەو كیمیا، بەڵام ڕقێكی زۆرم لە بیركاری بوو، لەو قۆناغەدا دەستم كرد بە لێكۆڵینەوەی ئەدەبیات، دواتر چوومە لانەی مامۆستایان (دار المعلمین)، بەشی زمانی عەرەبی، ساڵی 1944 لێسانسی ئادابم وەرگرت بە پلەی نایاب و تەواوم كرد، ئەو پلەیەش بەرزترین نمرەیە كە بەدەست دێ، لەو چەند ساڵەی خوێندنمدا بابەتەكانی فەلسەفەم ناسی، خۆشەویستییەكی بێپایانم بۆی هەبوو، هاوكارم بوو بۆ بنیاتنانی بیری مەنتیقیم، بابەتەكانی نەحوی عەرەبیم زۆر بەباشی تەماشاكرد لەسەرچاوە كۆنەكانییەوە، بەتەواوەتی خۆم بۆی تەرخانكرد، داڕشتنی شیعریم دەستی پێكرد، واتە لە سەرەتای منداڵیمدا، لەواقیعدا داك و باب و باپیرەم بەمنیان دەگوت تۆ شاعیری بەبێ ئەوەی ماناكەی بزانم، ئەوان تێبینی داڕشتنی قسەی منیان كردبوو، لە پێش حەوت ساڵیدا دەستم كرد بە هۆنینەوەی شیعری عامی، لە دەساڵیدا یەكەم قەسیدەی ڕەوانم هۆنییەوە، لە سەرواكەیدا هەڵەیەكی نەحوی تێدا بوو، كاتێك بابم خوێندییەوە بەتوندی توڕیدایە سەر زەوی، بە زمانێكی وشكو بڕینگو بەتانوت لێدانەوە پێی گوتم: بڕۆ پێش هەر شتێكی دیكە فێری

ڕێزمـانی عـەرەبی ببـە ئینجا شـیعر بنووسـە، مامۆسـتای نـەحو لـە خوێندنگـە فاعیلی لە مەفعولی جویێ نەدەکردەوە، زۆری نەبرد بابم بە خۆی وانەی پێدەگوتم لـە کاتێکـدا لەناوەنـدی بـووم، بەتـەنها مانگێـك لەهـەموو خوێنـدکارە کچـەکانی هاوڕێم سەرکەوتووتر بووم، بەرزترین نمرەم بەدەست هێنا، داك و بابم تێبینییان کـرد کـەمن بـەهرەی شـیعرییم تێدایـە، زۆر موتـالاَم دەکـرد، بەتـەواوەتی لـە ئیشوکاری ناومالْ ئیعفایان کردم، ئەمەش هاوکاریکردم بۆ خۆتەرخانکرنو خۆ ئامادەکردنم بۆ ئایندەیەکی ئەدەبیو فیکری خالْس، داکم لەسەرەتای نووسینی شـیعری خۆیـدا شـیعری دەنووسـی، لـەگۆڤارو ڕۆژنامـە ئێراقییەکانـدا بـلاَوی دەکـردەوە، بـەنێوی (**أم نـزار الملائكـة**) نـاوێکی ئەدەبیانـەی تایبـەتی خـۆی بـوو، بابیشم مامۆستای عەرەبی بوو لە ئامادەییەکانی ئێراقدا، لێکۆلْینـەوەی فراوانی هەبوو لە نـەحوو زمانو ئـەدەب، چـەندین بەرهـەمی جێهێشـتووە لـە گرنگترینیان فەرهـەنگێکی بیست بەرگییە بە نێوی ( **دائـرة معـارف النـاس**)، بەدرێـژایی ژیانی خەریکی ئەوە بوو، لەدانانیدا پشتی بەستبوو بەسـەدان سەرچاوە، بابم شاعیر نەبوو، بـەلاَم شیعری دەنووسی، قەسیدەگەلێکی زۆری هەنـە، بەسـتەیەکیش کـە پتر لـە سیێ هـەزار دێـڕە، بـاس لـە گەشـتێکی خـۆی دەکـا بـەرەو ئێـران لـە سـالْی 1955، بـابم خۆبەکـەمگربوو، هـەرگیز بـەوە ڕازی نـەدەبوو خـۆی نـاوبنێ شـاعیر، لەتـەك خێرایـی بـیێ ڕامـانو توانـای لـە سـەربێ بیرکردنـەوەی پـێش وەخـت و زیرەکی، بابم ڕێگەیەکی گونجاوی بۆ ئاوەلاَ کردم، کاتێك کتێبەکانی خۆی خستە بەردەسـتم کـەپێکهاتبوو لـە مەتنـەکانی نـەحوو بەلْگـە نەحوییـەکان بەگشـتی، ئەمـەش وایکـرد تاقە کچـە خوێنـدکاری نێـو هاوڕێیـەکانم بم لـە بەشـی زمـانی عەرەبی، لە قۆناغی لیسانسدا بابەتێکی نـەحوییم هەلْبـژارد، ئـەویش (قوتابخانە نەحوییەکان) بوو، سەرپەرشتیاری بابەتەکە مامۆسـتای گـەورەو عەللامـە دکتـۆر (موسـتەفا جـەواد) بـوو و لـەژیانی فیکریمـدا کاریگـەری هـەبوو، خـودا ڕەحمـی لێبکات، تاوەکو ئێستاش بابەتەکە لـە کتێبخانـەی کۆلێـژی پـەروەردە پارێزراوە، ڕاڤـە گـەلێکی لەسـەرە بەقەلْـەمی سـوور، کـە دکتـۆر موسـتەفا جـەواد ئـەوکات نووسیویەتی.

لەکاتی خوێندنمدا لە لانەی مامۆستایان (**دار المعلمين**) بەشداری ئاهەنگەکانی کۆلێژم دەکرد بە خوێندنەوەی قەسیدەکانم، ڕۆژنامە ئێراقییەکانی ئەوکاتیش بلأویاندەکردەوە، بەلأم ئەو بەرهەمە سەرەتاییانەم فەرامۆش کرد، لە کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانیشمدا تێهەڵکێش نەکراوە، تا ئێستاش تەماشای دەکەم وەك شیعرێکی گەنجانەی پێش قۆناغی کامڵ بوون، لەواقیعدا ئامادەیی تەواوم تێدابوو بۆ هۆنینەوەی شیعر هەر لە ساڵی 1941 وە کاتێ کە خوێندکاری کۆلێژ بووم، ئەو ساڵە سەرەتای کامڵ بوونی ڕۆحیو عاتیفیو کۆمەلأیەتییانەم بوو، بگرە هەمان ساڵ شۆڕشی نەتەوەیی گەورەی بەخۆوە دی کە ویژدانی هەژاندم بە هەژاندنێکی توند ئەویش شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی بوو، حەماسەتم بۆ ئەو شۆڕشە وایکرد چەندین قەسیدە بهۆنمەوە، زۆری نەبرد دەستەلأتی پۆلیسی لە ئێراقدا سەرکەوت و بوویە ڕێگری بەردەم ئازادیخوازان، بەلأم منو داکم بەردەوام بووین لە دارشتنی قەسیدە شۆڕشاوییە نهێنییەکانمان، لە دەفتەرە خەماوییەکانماندا تۆمارمان دەکرد، لە ساڵی 1947 یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بلأوبوویەوە، نێومنا (**عاشقة الليل**) چونکە شەو لەلای من شیعر، خەیاڵ، خەونی نادیار، قەشەنگی ئەستێرەکان، جوانی مانگ، شەپۆلی دیجلەیە ، لەشەواندا عودم دەژەند لە باخچەی پشت ماڵمان لە نێو درەختە چڕەکاندا، چەند سەعاتێکی شەویش گۆرانیم دەبێژا، گۆرانی گوتن سەعادەتی گەورەم بوو هەر لە منداڵیمەوە...

دوای دەرچونی (**عاشقة الليل**) بە چەند مانگێکی کەم لە ساڵی 1947 دەردی کۆلێرا لە میسر بلأو بوویەوە، ڕۆژانە گوێ بسیتی ڕادیۆ دەبووین کاتێ باسی ژمارەی قوربانیانی دەکرد، ڕۆژێکیان ژمارەی مردووان گەیشتە سێسەدو هەڵچونی شیعری بەرۆکی گرتم، دانیشتمو کەوتمە هۆنینەوەی قەسیدە لە سەر شێوەی دو شەتری، بە گۆڕینی سەروا (**القافية**)ی لە دوای هەر چوار دێرە شیعرێکەوە یان زیاتر، کاتێك دەستم لە قەسیدەکە هەڵگرت، خوێندمەوە، هەستم کرد قەسیدەکە گوزارشت لەوە ناکات کەلە ناخمدایە، جەرگم تا ئێستاش هەڵدەقرچێ، قەسیدەکەم فەرامۆش کردو بە فاشیلم نێوزەند کرد، دوای چەند ڕۆژێ ژمارەی قوربانیانی کۆلێرا زیادی کرد بۆ حەفسەد کەس لە ڕۆژێکدا،

دانیشتمەوە، قەسیدەیەکی دوشەتریم هۆنییەوە کە گوزارشت بوو لە هەستو سۆزم، کێشێکی ترم بۆ هەڵبژارد بە پێچەوانەی قەسیدەی یەکەم، لە ڕۆژی هەینی 1947/10/27 هەستام لە خەو، هەر لە جێگەدا گوێبیستی بێژەرێ بوم وتی ژمارەی مردووان گەیشتۆتە هەزار، خەمێکی یەجگار زۆر دایگرتم، لە جێگەکەم ڕاپەڕیم، دەفتەرێکم هەڵگرت، ماڵێم بەجێهێشت، لەتەنیشتمانەوە ماڵێکی بەرز دروست دەکرا، بەناکان گەیشتبونە قاتی دووەم، چۆڵو وۆڵ بوو لەبەر ئەوەی هەینی بوو، لە لێواری سەربانەکە دانیشتم، دەستمکرد بە داڕشتنی قەسیدە دیارەکەم بە نێوی (کۆلێرا)، دەم بە هاوارانە دەموت:

**الموت ، الموت، الموت**
**تشكوا البشرية تشكو مايرتكب الموت**

کاژمێرێك زیاتری نەبرد بەتەواوەتی دەستم لە قەسیدەکە هەڵگرت، بەپرتاو ڕام کردەوە ماڵێ، ئیحسانی خوشکم بانگکردو وتم تەماشای ئەم قەسیدە بکە، کاتێك خوێندییەوە وتی یەکەم جارە شتی وا بخوێنمەوە، ڕام کرد بۆ لای داکمو بەساردییەکەوە وتی: ئەم کێشە غەریبە؟ شەترەکانی ڕێك نین، کچم مۆسیقاکەی لاوازە، دواتر بابم خوێندییەوە، لەماڵێ شۆڕش بەرپا بوو قەسیدەکەی ڕەت کردەوەو سەری بەملاولادا باداو بەگاڵتەجاڕییەوە تەماشای دەکرد، دواتر وتی:( **وما هذا الموت الموت الموت**)؟

**لكل جديد لذة غير انني**
**وجدت جديد الموت غير لذيذ**

هەمویان پێدەکەنین، بەبابم وت: چی دەڵێی بیڵێ، دڵنیام ئەم قەسیدەیە نەخشەی شیعری عەرەبی دەگۆڕێ..

لەساڵی 1942 چالاکییە شیعریو زمانەوانیو هونەریو ئەدەبییەکانم گەیشتنە ئەوجی قوەت، لە ساڵی 1949 لە بەغدا کۆمەڵ شیعری( **شظايا ورماد**) بڵاو

**بوویەوە بە پێشەکییەکی چڕوپڕو تییدا میتۆدە عەروزییەکانم خستبووە ڕوو دەربارەی شیعری نوێ.**
**لەساڵی** 1949 **دەستم کرد بەلێکۆڵینەوەی زمانی فەڕەنسی، لێکۆڵینەوەم دەربارەی ئەدەبی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانگای هونەر ئەوکات تەماشای شیعرەکانی بایرۆنو شیللیم دەکرد، دواتر ناوەندی ڕۆکفلەری ئەمریکی داوایان لیکردم بچم بۆ خوێندنی ڕەخنەی ئەدەبی لە زانکۆی برنستن لە نیۆجێرسی ویلایەتەیەکگرتووەکان، زانکۆیەکی تایبەت بوو بە پیاوان، تاقە کچێك بوم لەوێ، دواتر لە ساڵی** 1957 **لەبەیروت کۆمەڵە شیعری (قرارة الموجة) بلاْوبوویەوە و لەهەمان ساڵیشدا بوومە مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بەغدا، لە ساڵی** 1960 **و دوای گەڕانەوەم لە بەیروت هاوڕێیەکی تازەم ناسی لە بەشی زمانی عەرەبی بەنێوی دکتۆر عەبدولهادی مەحبوبە، دەرچووی زانکۆی قاهیرە بوو، لەنێوەڕاستی ساڵی** 1961 **شوم پێیکردو باشترین هاوڕێو هاودەمم بوو، دواتر لە ساڵی** 1962 **یەکەمین کتێبم لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرچوو بە نێوی (قضايا الشعر المعاصر)، لە ساڵی** 1964 **چووینە بەسرە بۆ بنیاتنانی زانکۆیەك دواتر دکتۆر عەبدولهادی بووە سەرۆکی ئەو زانکۆیە، لە ساڵی** 1978 **دا کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەم بلاْو بوویەوە بە نێوی (شجرة القمر)، بەو هیوایەی بتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان باسو خواسی ژیانم بەدرێژی بنوسمەوە...**

**سەرچاوە:**


1. دراسة في شعر نازك الملائكة: د. محمد عبد المنعم خاطر، عيئة الكتاب، 1990.
2. سايكولوجية الشعر و مقالات أخرى: نازك الملائكة، بغداد، 1993.


**ڕۆژنامەی هاوڵاتی/ ژمارە** 340
**چوارشەممە** 2007/7/25



## مەحمود دەروێش (1941-2008)

# شاعيريَك طةورةتر لة فةلَةستين

(گومانی تێدا نییە مەرگی مەحمود دەروێش کاریگەری گەورەی ئەفراند لە دڵو دەروونی شاعیرانو ڕۆشنبیرانو داهێنەرانی عەرەبیو جیهانی، شیعرەکانی بەقەدرو بەها بوونو لێوانلێو بوون لە تایبەتمەندی گەورە و داهێنان لە کۆتایی سەدەی بیستو سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا.. شیعرەکانی دەروێش بەتەنێ کاریگەری لەسەر شیعری عەرەبی دروست نەکرد بەڵکو کاریگەری گەورەی دروست کرد لە سەر شیعری جیهانی، فەلەستینی خستە نێو دڵی شیعرو شاعیرانی جیهانی، بە شیعر خاكو نیشمانی زێدەتر شیرین کرد نەوەك بە درۆشم، بۆ هەتا هەتایە نێوی ئەم شاعیرە مەزنە بە تەڕی لە نێو تازەگەرانی شیعری جیهانیدا دەمێنێتەوە).

شاعیری مەغریبی (عەبدوڕڕەحمان تەنکول)

(هەرگیز ئەو کتێبانەم نەخوێندۆتەوە کە دەربارەی زانستی عەروز نووسراون، هەوڵیشم نەداوە زانیاریم زیاد بکا لەم بارەیەوە، تاقە کتێبێکم لەم زانستەدا نییە، وەلێکان بەم دواییە کتێبێکی سادەم دەربارەی ئەم زانستە خوێندەوە، دووبارە هەرگیز فێری ئەم زانستە نەبووم، کەچی سەلیقەم لە عەروزدا بە قەوەت بوو، بەتەنێ کتێبێکم دەربارەی قەواعیدی عەرەبی خوێندۆتەوە، ئیدی هەستدەکەم تونایەکی باشم هەیە لە عەروزدا.. تاقە پیتێ لە شەودا نانووسم، باشترین کاتی کارکردنم لە دەی بەیانییەوە بۆ دووی پاش نیوەڕۆیە، من هاوڕێی شەو نیم، دەگەڵ ئەوەی شەو هاوڕێی شاعیرانە...) .

مەحمود دەروێش

# دەروێش لە چاوی دوژمنەکانیشیدا هەر گەورە بوو

مەرگی لەناکاوی شاعیری تاقانە، کارامە، بەوێژدان، مەژگ گەورە، تازەگەر، جوانپەرستو خاکپەرستی فەلەستینی عاشقانی شیعرەکانی تووشی شۆك کردو هەموانی خەمبار کردو فرمێسکی لە چاوانمان باراند، لەسەرتاسەری جیهاندا خەڵکانێکی ئێکجار زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعرەکانیو گرنگییان پێداوە، بەیەکێ لە هەرە دیارترینو مەزنترین شاعیرانی عەرەب نێوزەد دەکرێ، هەر لەسەرەتای شیعر نووسینیەوە هەتا کۆتا قەسیدەی بە نێوی (لاعب النرد) زێدەتر بەرەو پێشچوونو تازەبوونەوە بە شیعرەکانیەوە دیارەو لە هیچ قۆناغێکی شیعریدا لاوازی بە شیعرەکانیەوە دیار نییە دەگەڵ ئەوەی بەدەر نەبووە لە ڕەخنە، وەلێکان بەلای ڕەخنەگرانیشەوە سەنگو قورسایی زۆری هەیە، شیعرەکانی تەڕو پاراون، لێوانڕێژن لە هەستی بەرگریو تێکۆشانو ڕەنجدان لە پێناو خاكو ئاوی نیشتماندا، شیعرەکانی وەك یۆسف پێغەمبەر جوانن، قەوەت بەخشو دڵڕفێنن، لە شیعرەکانیدا هەموو هونەرە بەرزەکانی تێدا دەدۆزیتەوە، لەم ڕووەوە ڕوو سوورەو شیعرەکانی لە ترۆپکدایە، شیعرەکانی دەروێش فرە ماناو فرە ڕەهەندن، بەشیعرەکانی گوزارشتی کردووە لە ئاخو ئۆفو ئێشو ئازارەکانی گەلی فەلەستینو سەرپاکی گەلانی چەوساوەی جیهان، بۆیە وەك شاعیرێکی مەزنی جیهانی حساوی بۆ دەکرێو لای گشت گەلانی چەساوەو زوڵم لێکراو بەچاوی ڕێزو حورمەتەوە تەماشای دەکرێ، دەروێش بەتەنێ فەلەستینییەکانی نەگریاند بەڵکو دەنێو ئیسرائیلدا خەڵکانێکی ئێکجار زۆر دڵتەنگ بوون بە مەرگی، دەروێش وەك شاعیرێکی هەست جوانو دڵو دەروون پاكو بەخەم هەمیشە لە هەوڵی بەردەوامدا بوو بۆ پێشکەشکردنی شیعرەکانی تا هەموان تێراوبن بو بیرە مرۆڤانەکانی، ئەو هەرگیز نەیدەویست دلان لە خۆی برەنجێنێ، کەسیشی عاجز نەدەکرد، ڕقی لە ئازاردانی مرۆڤ بوو، بۆیە توانی بگاتە جەماوەر، لێرەکانەوە توانی ببێتە شاعیری هەموو گەلان، ساڵی

(2000) وەزیری ئەوکاتی خوێندنی ئیسرائیل یوسی سارید-سەرۆکی پێشووی حیزبی میرتس- وای بەباش دانا کە دوو قەسیدەی مەحمود دەروێش تێهەڵکێش بکرێو بخرێتە پڕۆگرامی خوێندن تا لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێو لە بەر بکرێ، دەروێش لە چاوی دوژمنەکانیدا هەر گەورە بوو، بەگەورەیی ژیاو بەگەورەیی مرد.

بە پێویستی دەزانم هەندێ بۆچوونی هەڵە ڕاسبکەمەوە کە بە ناهەق بەسەرماندا تێپەڕیوەو لە خۆمانەوە بوغز دەکێشینو بە نای ناهەق وەك دوژمن لێیدەڕوانین، مەحمود دەروێش دۆستی گەلی کورد بوو، تامەزرۆو تاسووقی ئازادی گەلی کوردبوو، زۆر جاران باسی لە بەشخوراویو نەگبەتی کورد دەکرد، چەند قەسیدەیەکیشی لەم پێناوەدا گووتووە، مەرگیشی دڵی هەموو کوردێکی ناخۆشو خەمبار کرد، وەلێکان گلەییەکی زۆری کەوتە سەر کاتێ قەسیدەی کوردستانی نەخستە نێو دیوانی (**غصن الزيتون**)، لە ڕاستیدا ئەم دیوانە چل ساڵ لەمەبەر چاپکراوە، وەلێکان یۆسف خەتیب لە ساڵانی خەفتادا دیوانێکی فرە گەورەی بە چاپگەیاند بە نێوی (**ديوان الارض المحتلة**)، قەسیدەی کوردستانی لێدەرهێناو بووە حەیبەیەکی گەورە، خەتیب پێشەکییەکی دوورو درێژی بۆ ئەم دیوانە نووسییوو و تێیدا گلەییەکی زۆری لە مەحمود دەروێش کردووە لە سەر قەسیدەی کوردستان، واتە مەحمود دەروێش دوورو نێزیك ئاگاداری ئەم کارە نەبووە، ئیدی ناهەقییەکی گەورەیە ئێمە ڕۆشنبیرانو خوێندەوارانی کورد بوغزی لێبکێشینو لە ئەدەبیاتماندا بیسڕینەوە، چونکە دەروێش شاعیرێکی بەوەفاو بە وێژدانبوو، بە ناخی مەزڵومیەتی کورددا ڕۆچوو بوو، شاعیرێکی تاقانەو ڕازو نیاز پاك بوو، لە لایەکی دیکەوە قەسیدەیەکی نازدارو ناسکی پێشکەش بە سەلیم بەرەکات کردووە بە نێوی (**ليس للكردي إلا الريح**)، تێیدا باس لە دەردی سەریو نەهامەتیو ئاخو ئۆفەکانی گەلی کورد دەکاو بە شێوەیەکی جوانو شاعیرانە وێنەی کێشاوە، ئیدی وا پێویست دەکا وەك دۆستو خەمخۆری ئەم نەتەوەیە لێیڕوانرێو لای لێبکرێتەوە نەوەك پەراوێز بخرێو وەلا بنرێ، زۆرێ لە شاعیرانی دەیەی حەفتو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە

ژێر کاریگەری ئەم شاعیرە مرۆڤدۆستەدا بوونو تاقە شاعیری عەرەبە کە بڵێت شەرمەزاری بۆ ئەو وڵاتەی کە بە تەنێ خوێنی کوردی تێدا حەڵاڵە.

دەروێش لە قەسیدەی کوردستاندا هێرشێکی توندو ئاشکرا دەکاتە سەر عەرەبو سەرزەنشتیان دەکا لەو تاوانانەی گەورانەی بەرامبەر بە کۆمەڵی کوردی ئەنجامیاندا، ئەو لە بەشێکی ئەو شیعرەکەدا دەڵێ:

**الليل يفترس الصباح**
**و حقول كردستان.. موسمها جراح**
**الحب ممنوع.. و همس الجار**
**لا شيء مباح**
**إلا دم الاكراد.. نفط الموقدين**
**مصباح عارهم.. بموت الاخرين**
**يا شهرزاد..**
**صدأت أساطير البطولة في لياليك الملاح**
**و الذكريات البيض و المهر اللذي ركب الرماح**
**والحب و الامجاد و السيف اللذي مل الكفاح**
**عار على بغداد**
**ما فيها مباح!**
**إلا دم الاكرد**
**في المذياع .. في صحف الصباح**
**حبر الجرائد في مدينتنا دم**
**((أنا أبدناهم))**
**و تعتز الذئاب.. و تبسم**
**((أنا زرعنا أرض كردستان..**
**لحدا عاريا من فوق لحد**
**أنا زرعناهم جماجم لا تعد**
**يا شهرزاد..**
**الليل يفترس الصباح**
**والحب ممنوع**
**و مخدعك الوثير**

**ملقى على أقدام سيدك الحقير**
**و دماء كردستان تغرق سافيحها**
**و اللاعب المأفون بالنيران**
**سوف يموت فيها**
**يا شهرزاد!**
**ما مات إلا الموقدون**
**مصباح ليلهم.. بزيت الاخرين**
**فإلى اللقاء مع العصور القادمة**
**في قصة العصر الذي**
**صنعته كف الثائرين**

# مەرگی دەروێش
# مەرگی قۆناغێکی شیعری عەرەبی بوو

مەحمود دەروێش، وەك شاعیرێکی خاکیو بە هەڵوێستو مەرد بەرهەمە شیعرییەکانی هەڵقوڵاوی هەستێکی بەرزی نیشتیمانپەروەری بوو، دەروێش لە بەردەم هەر ئەزموونێکی ئەدەبیی نوێدا وەك خاك دائەکراو قوڕەما دەما، نمونەی شاعیری بەرگریکار بوو لە شەرەفو خاك، ئیدی لەم ڕێیەوە توانی ببێتە یەکێ لە هەرە ناسراوترین شاعیرانی عەرەب لە ئەوڕۆکەدا، بەرهەمەکانی خۆی دەدا لە سی بەرهەمی ناوازەو بە قەدرو بەها، بۆ پتر لە چل زمانی زیندووی دونیا پەرچڤە کراون، ئەمانەش گەواهی بە نەمری دەروێش دەدەن وەك شاعیرێکی مەزن، بەشیعرەکانی دەیویست بڵێ شۆڕشی شیعر سەرەتای هەیەو کۆتایی نییە، دەیویست بە وشە زیندوو و شۆڕگێڕییەکانی مافە لەدەسچووەکانی خەڵکی فەلەستین بگێڕێتەوە، فەلەستین بۆ ئەو هەوێنی شیعرەکانی بوو، لەتاو خاکی داگیرکراوی خەوو خۆراکی نەمابوو، تەنێ خەونی ڕزگاری نیشتمان بوو لەدەست داگیرکەرانو چەوسێنەران، بەشیعرەکانی گشت مەزڵومانی دونیای دەدواند، شیعر بۆ ئەو دایكو نیشتمانو هەموو شتێ بوو، چونکە بەتەنێ شیعر هەبوو گوزارشت بکا لە ئاخو ئۆفو مەینەتییەکانی، ئیدی مەرگی دەروێش مەرگی قۆناغێکی شیعری عەرەبی بوو، مەرگی دەروێش گریانی خستە هەموو ئەو ماڵانەی شەویان بە شیعرەکانی ڕووناك و ئاوەدان دەکردەوە.

## گەڕیدەی شیعر

مەحمود دەروێش، شاعیرو مرۆڤپەروەر ساڵی 1941 لە گوندی بروەی فەلەستین لەدایك بووە، دوای ئەوەی لەساڵی 1949 گوندەکەیان داگیردەکرێ ڕوو دەکەنە لوبنان ماوەی ساڵێ لەوێکان دەبن، لە ناوچەی جەلیل خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی تەواو دەکات، دواتر دەچێتە حەیفاو جێگیر دەبێت، لەوێکان دەستی کرد بە نووسینی شیعرو نووسینو وتاری سیاسی، شیعرو وتارەکانی لە ڕۆژنامەکانی حیزبی شیوعی ئیسرائیلیدا بلاّودەکردەوە، دواتر لە ساڵی (1961) تاوەکو ساڵی (1972) چەندینجار تووشی گرتنو ئازارو

ئەشکەنجە بۆتەوە، هۆکەشی پێوەندی هەبوو بە چالاکییە سیاسیو ڕۆشنبیرییەکانی، دواتر چۆتە مۆسکۆ بۆ تەواوکردنی خوێندن، سەرۆکایەتی چەندین دەزگای ڕۆشنبیری کردووە، سەروەختێ سەرۆکی دەزگای فەلەستین بووە بۆ لێکۆڵینەوە، هەروەها سەرۆکی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین بووە، خاوەنی دەیان بەرهەمی شیعرییە لە گرنگترینیان (**عاشق من فلسطين** 1966، **اخر الليل** 1967، **يوميات الحزن العادي** 1973، **وداعا أيتها الحرب** 1974، **تلك صورتها وهذا إنتحار الشاعر** 1975، **أعراس** 1977، **ورد اقل** 1986، **أحد عشر كوكبا** 1992، **عابرون في كلام عابر** 1991، **سرير الغريبة** 1999، **كزهر اللوز أو أبعد** 2005، **في حضرة الغياب** 2006، **أثر الفراشة** 2008) سەرنووسەر و دامەزرێنەری هەردوو گۆڤاری (**شؤون فلسطينية، الكرمل**) بووە، دەیان خەڵاتی پێبەخشراوە وەك ڕێزلێنان لە هەوڵ و ماندووبوون و ئەدەبیاتی، لەوانە:

1. خەڵاتی لۆتس ساڵی 1969.
2. خەڵاتی دەریای ناوەڕاست ساڵی 1980.
3. خەڵاتی قەڵغانی شۆڕشی فەلەستین 1981
4. خەڵاتی ئیبن سینا لە یەکێتی سۆڤیەت ساڵی 1982.
5. خەڵاتی دەزگای ڕۆشنبیری عویس ساڵی 2004.
6. خەڵاتی قاهیرە بۆ شیعری عەرەبی ساڵی 2007.

مەرگی مەحمود دەروێش زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانو نووسەرانو لێکۆڵەرانی عەرەبی هێنایە گۆو بەم شێوەیە وەسفداریان کردووە:

(مەحمود دەروێش لەدوای خۆی میراتێکی ئەدەبیو مرۆڤانەی لە ئاستێکی بەرزدا بەجێ هێشت .. شیعرەکانی دەروێش نمونەی بەشداریی عەرەبە لە ئەدەبی مرۆڤانیدا، هەر ئەمەش بوو وای کرد ببێتە یەکێ لە گەورەترین شاعیرەکانی ئەم سەردەمە نوێیە دوای ئەوەی قەسیدەی عەرەبی گەیاندە ئاستێکی باڵا .. تایبەتمەندی شیعرەکانی دەروێش لەوەدا وەدیار دەکەوێ لێوانڕێژە لە وێنەو تەکنیکی هونەری بەرز).

**نووسەری ئەردەنی (سعود قبيلات)**

( گومانی تێدا نییە مەرگی مەحمود دەروێش کاریگەری گەورەی ئەفراند لە دڵو دەروونی شاعیرانو ڕۆشنبیرانو داهێنەرانی عەرەبیو جیهانی، شیعرەکانی بەقەدرو بەها بوونو لێوانلێو بوون لە تایبەتمەندی گەورەو داهێنان لە کۆتایی سەدەی بیستو سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا.. شیعرەکانی دەروێش بەتەنێ کاریگەری لەسەر شیعری عەرەبی دروست نەکرد بەڵکو کاریگەری گەورەی دروست کرد لە سەر شیعری جیهانی، فەلەستینی خستە نێو دڵی شیعرو شاعیرانی جیهانی، بە شیعر خاكو نیشمانی زێدەتر شیرین کرد نەوەك بە درۆشم، بۆ هەتا هەتایە نێوی ئەم شاعیرە مەزنە بە تەڕی لە نێو تازەگەرانی شیعری جیهانیدا دەمێنێتەوە ).

## شاعیری مەغریبی (عەبدوڕڕەحمان تەنکول)

( مەحمود دەروێش ژەنەڕاڵی شیعر بوو هەرگیز هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد مەر بە ئامانجی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگی قەسیدەیەکی نوێ...) .

## شاعیری تونسی (مونسف موزەغنی)

(بە خوێندنەوەیەکی کورتو سەرپێیی شیعرەکانی دەروێش دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە بە شاعیری لە دایکبووە، وە شاعیرانە ژیاو شاعیرانەش مرد، نیشتیمانەکەی خۆشدەویستو هەر لەم ڕێیەوە شیعریشی خۆشدەویست... دەروێش توانی دەنێو ئەو ژمارە زۆرەی شاعیراندا دەنگێکی تاك بێ... لە ژیانیدا هەرگیز دڵخۆش نەبوو، تاقە سەعادەتی دەنێو شیعردا خۆی دەبینییەوە... دەروێش پێش ڕووداوەکان دەکەوت، خوێندنەوەی بۆ ئایندەی نێزیكو دوور هەبوو، پێش مەرگی لە قەسیدەکانیدا لە خۆی دەخوێندو هەموانی ئاگادار دەکردەوە کە زۆری نەماوە بۆ ژیان... ئەو لە قەسیدەی (**اجازة قصيرة**) دا وێنای خۆی دەکرد وەك مردوویەك، واتە پێشبینی مەرگی خۆی دەکرد، کەچی وەك یاخییەك لە مەرگ هەڵدەگەڕایەوە، دەیوت (من نامرم بە مردنێکی یەکجارەکی، من لە نێوان مردنو ژیاندام، ڕەنگە مردوویەکی تەقاویتبم...)

**صدقت أني مت يوم السبت**
**قلت: علي أن أوصي بشئ ما**

فلم أعثر على شيء...
وقلت علي أن أدعو صديقا ما
لأخبره بأني مت
لكن لم أجد أحدا
وقلت علي أن أمضي إلى قبري
لأملأه، فلم أجد الطريق
وظل قبري خاليا مني
وقلت: علي واجب أن أؤدي واجبي: أن أكتب السطر الاخير على الظلال
فسال منها الماء فوق الحرف...
قلت: علي أن اتي بفعل ما
هنا، والان
لكن لم أجد عملا يليق بميت
فصرخت: هذا الموت لا معنى له
عبث و فوضى في الحواس
ولن أصدق أنني قد مت موتا كاملا
فلربما أنا بين بين
وربما أنا ميت متقاعد
يقضي إجازته القصيرة في الحياة!.

لە كاتێكدا ئەم دەقە جوانە خەمبارە دەخوێنینەوە دەبێ لە یادمان نەچێ پێشبینییەكە وەك خۆی دەرچوو، واتە لە ڕۆژی شەممەدا عەمری خوایكرد لە یەكێ لە نەخۆشخانەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە نێوی میموریال هیرمان، ئەمە بوو جادووی شیعرەكانی دەروێش.

**دكتۆر عەبولعەزیز ئەلموقالیح**

**سەرچاوە:**


1. محمود درويش شاعر الارض المحتلة، رجاء النقاش، 1969.
2. مجلة دبي الثقافية/ 40، أيلول 2008.



گۆڤاری لڤین/ ژمارە 79
تشرینی دووەم 2008



# ئێمی سیزێر (2008-1913)
# شاعیر و تێکۆشەر

**(لە ئەوڕۆکـەدا شـاعیرانی هاوشـێوەی ئێمـی سـیزێر نییـە، بـەبڕوای مـن هـیچ شاعیرێك ناگاتە ئاستی ئەو، سیزێر جیاواز بوو لەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی ئەوڕۆکە کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دایم بەدووی شۆرەتدا وێڵن ، ئەو دەیگوت دەتوانین بە زیرەکی شتە بەرپێوارەکان وەدەرخەین و دەشتوانین باس لـە بابەتـە گـرێ گـرێو ئاڵۆزەکـان بکـەین، بـەئاگا بـوو لـەوەی ڕەنگـی پێسـتی لـە بـەهای ئـەوی کـەم نەدەکردەوە).**

**یاسەمینە خزر - گۆڤاری** (**دبي الثقافية**) **ژمارە** 125/2008).

ئێمـی سـیزێر شـاعیرو نووسـەر لەئەمسـاڵداو لـە تەمـەنی 94 سـاڵیدا کۆچـی دوایی کرد، بەتەنێ شاعیرو نووسەر نەبوو، بەڵکو شانۆکارو پەرلەمانتارو خاوەن هەڵوێســتگەلێکی بەرهەڵســتکارانە بــوو دژ بــە داگیرکــەران، لەبــەر یاســای شکۆمەنداندنی داگیرکەران لـە ساڵی 1995 ئامادەنەبو پێشـوازی لـە سارکۆزی بکات، لە حانێکدا سارکۆزی سەرۆکی حیزبی ( **الاتحاد من أجل الحركة الشعبية** ) ی ئـەوکات بـوو، دووبـارە ڕازی و ئامـادە نـەبو پێشـوازی لـە سـارکۆزی بکـات لـە کـاتی سـەردانەکەیدا بـۆ هـاییتی، تـاوەکو پەرلـەمانی فەرەنسـی هەنـدێ لـەو یاسایەی لابرد ئینجا ئامادەیی نیشاندا بۆ پێشوازیکردنی.

دوای ڕاگەیانـدنی مردنـی سـیزێر گـەورە نووسـەری فرانکۆفـۆنی جـەزایری یاسەمینە خزر پێیوابوو مردنی سیزێر کۆتایی قۆناغێکی ئەدەبی گرنگ بوو، (لە ئەوڕۆکەدا شاعیرانی هاوشێوەی سیزێر نییە، بەبڕوای من هـیچ شـاعیرێك ناگاتـە ئاسـتی ئـەو، سـیزێر جیـاواز بـوو لـەو نووسـەرو ڕۆشـنبیرانەی ئەوڕۆکـە کـە لـە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دایم بەدووی شۆرەتدا وێڵن، ئەو دەیگوت دەتوانین بە زیرەکی شتە بەرپێوارەکان وەدەرخەین و دەشتوانین باس لە بابەتە گرێ گرێ و ئاڵۆزەکـان بکـەین، ، بـەئاگا بـوو لـەوەی ڕەنگـی پێسـتی لـە بـەهای ئـەوی کـەم نەدەکردەوە).

ئێمی سیزێر لە باکووری دوورگەی مارتینیكو لە ساڵی 1913 لەدایك بووە دەنێـو خێزانێکـی قـەرەباڵغو هـەژاردا، ناوەنـدی لـۆی لـۆجرانی لـە پـاریس تـەواو

کردووە، لەوێکان ئاشنایەتی پەیداکردووە دەگەڵ شاعیری سەنیگالی لیۆبۆلد سینگورو عوسمان ئوسی نووسەردا، دەرکی بە پەراوێزخستنی دانیشتوانی دوورگەکانی فەڕەنساو ئەفریقییەکان کرد، قەڵەمەکەی خستەکار بۆ پارێزگاریکردن لە چەوساوان و ژێردەستان، لەساڵی 1934 دەگەڵ سینگورو ژمارەیەك لە هاوڕێ ئەفریقییەکانی ڕۆژنامەی (قوتابی ڕەش)یان دامەزراند، بۆ هەوەڵجار چەمکی ڕەشپێستی بەکارهێنا، ئەو دەیویست لەم ڕێیەوە دەستبەرداری وێنەی پیاوی ڕەشپێستی سستو تەمبەڵ ببێ، بێ توانا لەگرتنە دەستی کارەکانی بەخودی خۆیی و بنیاتنانی ئایندەی، سیزێر لەساڵی 1935 پەیوەندی کرد بە باشترین خوێندنگەکانی خوێندنی باڵا لە فەڕەنسادا، لەهەمان ساڵدا کتێبی ( بیرەوەرییەکانی گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی دایك )ی بڵاوکردەوە کە بە یەکێك لە گرنگترین کارە ئەدەبییەکانی ئەژمار دەکرێ، پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە بزووتنەوەی سوریالیەت بە ڕابەرایەتی ئەندریە برۆتۆن .

ئێمی سیزێر ئەدەبو سیاسەتی پێکەوە گرێداوەو لەهەردوو بوارەکەدا کاری کردووە، ساڵی 1945 بۆتە پەرلەمانتارو پارێزگاری شاری فۆردۆ فرانس، دوای دوازدە ساڵی ڕەبەق لەکارکردنو تێکۆشان حیزبێکی نوێی دامەزراند بەنێوی (حیزبی پێشکەوتووخوازی مارتینیکی)، لەگرنگترین پرۆژەکانی وەستانەوە بوو دژ بە داگیرکەرانو ڕەگەزپەرستان، یەکێك بوو لە دیارترین داواخوازانی حوکمی زاتی بۆ مارتینیك.

ئێمی سیزێر لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا چۆتە نێو دونیای شانۆوە، لەساڵی 1963 دا سەرپەرشتی شانۆیی (تراژیدیای پادشا کریستۆفەر)ی کردووەو سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەی لە پایتەختانی ئۆروپادا وەدەسهێناوە، دواتر شانۆنامەی (وەرزێك لە کۆنگۆ- گەردەلوول)ی نووسیوە، لەنێو پاریسدا دەستی کردووە بە گەشتە فیکریو شۆڕشگێڕییەکانیو هەر لەوێکانیش خوێندنی تەواوکردووە، دایم هۆشیاری دەدایە دانیشتوانی داگیرگەکان تاوەکو خۆیان قووتار بکەن لە بەها نێوخۆییەکان و تێکەڵ بە ڕۆشنبیری تازە بن، سیزێر هەموو جاران دەیگوت دەبێ دەستبەرداری شیعر ببینو دەبێ پارێزگاری بکەین لە شوناس لە ڕێی سەربەخۆبوونی ڕۆشنبیرییەوە، لەیەکێك لە وتەکانیدا

دەڵێ (زەنگییەت حەیبە نییە). بەهۆی سیزێرەوە ڕۆشنبیریەتی ئەفریقا وەدیار کەوت و لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا دەنێو ئاڕاستەیەکی نوێی ئەدەبی ئەفریقیدا ئەسپی خۆی تاودا، ئەو دەگەڵ هۆشیاریدان بوو بە خەڵکانی ئەفریقیا لەڕێی شرۆڤەکردنی نەریت و خێڵایەتی، ساڵی 1958 وازی لە حیزبی شیوعی هێناوەو حیزبێکی نوێی دامەزراندووە بە نێوی (حیزبی پێشکەوتووخوازی مارتینیك)، سیزێر بەتەنێ ژیانی بردەسەر ماڵئاوایی کردنیشی هەر بەو شێوە بوو، لەڕیزی پێشی پێشەوەی مەراسیمی ناشتنیدا سارکۆزی ئامادە بوو گوتی (ئێمی سیزێر ڕەمزی هیوای گشت گەلانی چەوساوە بوو لە ڕێگای تێکۆشانی لە پێناو داننان بە شوناسیدا..).

**ڕۆژنامەی بارزان/ ژمارە** 76
**یەکشەممە** 2008/7/20

# ئاڵۆزی شیعرو  شیعری ئاڵۆز

**" چەند هۆکارێکی سەرەکی هەنە بۆ ئاڵۆزی شیعر لەوانە نامۆبوون و لەبەریەك هەڵوەشانی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگەکان.. دەبینین ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی یەکێتی نێوان ئینسان و کۆمەڵگە نوێکاندا دەدوێ، ئەم هۆکارانەش بوونەتە هۆی زیاتر نامۆبوونی شاعیران، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ گۆشەگیریی زۆرترو زیاتر، وادەکات نووسینەکان ئاڵۆزو گرێیاوی بن، لەتەك ئەمەشدا بارێکی قورسە بەسەر خوێنەرەوەو تێگەیشتن لەشیعری نوێ سەختتر دەکاو پەیوەندیەکان دەپچڕێنێ، لێرەوە دادوبێدادیی بەدەست ئەم ئاڵۆزییەوە زۆرترو زیاتر دەبێ، دواتر دەبێتە مەتەڵ و تەنها خودی شاعیر وەڵامەکەی دەزانێ..."**

**شەوقی بەغدادی**

{شیعر ئەوڕۆکە بە شێوەیەکی گشتی تووشی قەیرانگەلێکی کوشندە بۆتەوە، لەزەت و زەوقی زۆرینەی خوێنەرانی کوێر کردۆتەوە، خوێنەرانی شیعر هێندە قسەو دەقی ناشرین ناشرین و بێتام و لەزەت و بێمانایان لەخۆڕا پێ فرۆشراوە بێزیان لە شیعر دێتەوە، لەم حەلەدا شیعری نوێ تووشی دەردی ئاڵۆزی و ناڕوونی بووەو مەر خودا بزانێ چییەو چی نییە، شاعیرانی ئێستاش خۆشیان نازانن چی دەڵێن و چی ناڵێن، شیعرەکانیان لێوانرێژن لە ناڕوونی و بێمانایی، دڵ و دەروونی خوێنەرانیان کردۆتە کەلاوەو وێرانیان کردووە، لە هەموو چشتێ نارازین و ڕقیشیان لە هەموو چشتێکە، لەم ڕوانگەیەوە پێم باشبو بەکورتی لە بارەی ئاڵۆزی لە شیعردا بدوێم و کۆمەڵێ سەرنج و تێبینی بخەمە پێشچاوی خوێنەرانی ئەزیز} .

شیعر لە کۆنی کۆنەوەو لە ئەسڵدا لە پێناوی حەقیقەتو گەیشتن بە حەقیقەتدا وتراوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە مرۆڤ هەمیشە عەودالی بووەو بە دوویدا وێڵ بووەو لە پێناویدا عارەقەی ڕشتووە، هۆکارێك بووە بۆ گوزارشت کردن لە ناخو ئاخو ئۆفو ئازارو خەونو خەیاڵو مەینەتییەکانی مرۆڤ، شیعر لەتەك گشت گۆڕانکارییەکاندا بووە هەر لە قۆناغی سەرەتایی، کشتوکاڵی، پیشەسازیی تاوەکونێ ئەم سەردەمە زێڕینەی تەکنۆلۆجیا هەنگاوی هەڵناوەو خۆگونجێنو خۆ ڕێخەر بووە، شیعر تیماری ئەو برینانەی کردووە کە مرۆڤ بەدەستییەوە ناڵاندوویەتیو پێوەی تلاوەتەوە، شیعر شۆڕش بووە لە پێناوی ئازادییو پێوەست بووە بە ئایندەی مرۆڤ لە ئازادیو ئایندەی ئازادی لە مرۆڤدا، شیعر گەشە بە ڕۆحو جەستەی مرۆڤ دەداو خەیاڵ بڵاوو فراوان دەکاو سەربەرزیو ڕووسووری دەبەخشێو دڵەکان تێراو دەکا، لێرەکانەوە دایم سەنگو قورسایی ڕاستەقینەی بۆ مرۆڤەکان گێراوەتەوەو سوکنایی، ئاسوودەیی، ئارامییو فەرەحیی پێ بەخشیون، بەداخەوە شیعری ئەوڕۆکە لە ڕاستەڕێ لایداوەو لەزەتو کاریگەری نەماوە، خوێنەر شەکەتو ماندی دەکەن، ئاڵۆزو تەماویو گرێدارو بەیەکداچوو و پڕ پێچ و پەنایە، بەبڕوای من لەکەیەکە بە شیعری تازەوەو هیچ جۆرە سیمایەکی هونەرییان لە خۆ نەگرتووە، شیعری ئێستای کوردی ناهەقییە گەر بڵێین هەموویان، ناوی هیچ شاعیرێکیش بەنمونە ناهێنمەوە جوگرافیای ئینسانی کاری لێیان نەکردووە، خۆشیان نازانن دەڵێن چی مەر خودا بزانێ دەڵێن چی و باسی چی دەکەن، شاعیر هەیە دیوانەکەی بە دەیەهای لێفراشراوەو شانازیشی پێوە دەکاو بەعەنعەنەو تەنتەنەوە لە ڕاگەیاندنەکانەوە خۆی نیشاندەدا لە کاتێکدا تاقە دێڕێکی تێدا نییە داهێنانی لەخۆ گرتبێو لە هەمووشی سەیرتر خاڵییە لە هونەریی بەرزی شیعرییو هونەرەکانی دیکەی شیعر نووسین، موخاتەبەی لایەنێکی ژیانی تێدا کراوە کە خەڵکی ئێمە لێی مەحرومەو دەستی پێناگا، هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی شیعری بەوە نییە تاچەند لە نێو خەڵکیدا بلاوەو ناوی هەیە بەڵکو کاتێ شیعرە ڕەهەندی دوورو قوڵی تێدا بەرجەستە بووبێو خەڵکانێ هەڵیبسەنگێنن کە خاوەن ڕۆشنبیری شیعریی بن، سا شاعیر دەبێ بەمانا زانا بێ نەوەك جاهیلێك

بێ قول و فول لەیەك جیانەكاتەوەو هیچی لەبارەدا نەبێ عەرەب گوتەنی ( **الشاعر العالم أفضل من الشاعر غير العالم**)، سان جۆن بێرس دەڵێ پێویستە لەسەر فەیلەسوفان لە شاعیرانەوە فێر بن، واتە شاعیرێکی زانا بێ و مەهامی ئینسانیو ڕۆشنبیری لە شیعرەکانیدا بەتەواوەتی ڕەنگیدابێتەوە، یەکێکی دیکە لە سیما دیارەکانی شیعری هەندێ بەناو شاعیر گرنگی دانە بە مەسەلە سێکسییەکانو خستنە ڕووی کۆمەڵێ وێنەی زانراوو بەرچاوەو خاڵییە لە هوشیاریو زیندوویەتی، شیعرێکی وشكو برینگەو مەبەست لێیان تەنها هوروژاندنەو هیچی تر، حانی ئەوە هاتووە پەنجە بخرێتە سەر شیعری ئەو بە ناو شاعیرانەو بە خەست و خۆڵی لەسەریان بنووسنو حەیایان بۆ نەهێڵنەوە، شیعر نمونەی ئەخلاقی بەرز بەرزە و پایەو بەهای مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، گرێ و گۆڵەکانی نێوەخنی مرۆڤ بە شێنەیی دەکاتەوەو دەرسی دادەداو بەلای خێرو کاری باشەدا ئاڕاستەی دەکا، بەواتایەکی دیکە شیعرو ئەخلاق بێ یەك نایانکرێ و هەڵناکەن.

سەرنجدانو وردبوونەوەو تێڕامان لە هەر دەقێکی شیعری چەندین خەسڵەتی شیعریانە بۆ خوێنەر وەدیار دەخا، بەتایبەت دەقێك مۆرکی تازەگەریو نوێگەری تێدا نەخشێنرا بێ، خوێنەر زۆر بە زویی دەتوانێ هەڵیبسەنگێنێ و بە دەقێکی نەمرو زیندوو حوکمی بەسەردا بدات، بەتەبیعەتی حاڵ شیعر هەڵگری خەسڵەتو سیمای بەرز بەرزەو ڕەنگدانەوەی واقیع و ڕۆژگارە، ئەمە حەقیقەتەو نکوڵی لێناکرێ، شیعرو گوتاری شیعری مێژوویەکی فرە دێرینیان هەیەو پەیوەستن بە ژیاری مرۆڤایەتییەوەو لە گشت قۆناغەکاندا وەك گوتارێکی کاریگەر خۆی نیشانداوەو خۆی سەلماندووە، کەواتە شیعر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سروشتو تەبیعەتی مرۆڤەوە هەیەو هەتا مرۆڤ بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ، هۆڵدەرلین واتەنی (**إنما يحيى الانسان على هذة الارض شعريا**)، خودا کاتێ مرۆڤی خوڵقاندووە بەگەورەییو پڕ لە نهێنی بەدیهێناوە واتە سروشتی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزەو شیعریش دەرهاویشتەی ناخی مرۆڤە بۆیە بەو شێوە ئاڵۆزو گرانە، ئیدی چەندە شاعیر تەجروبەی ژیانی قورسو ئاڵۆزبێ هێندەش دەقە شیعرییەکانی ئاڵۆزدەبنو کاریگەری دروستدەکەن.

هەر دەقێکی شیعری بگری خاڵ نییە لە هونەر، خاڵی نییە لە هەستی مرۆڤانە، خاڵی نییە لە ئاڵۆزیو نادیاری، واتە لایەنی هونەری ڕەگەزێکی سەرەکی دارشتنی هەر دەقێکەو دەبێ ئیعتیباری بۆ دابنرێ، بەناشکوری نەبێ شیعری ئێستای کوردی–ناڵێین هەموویان– بەدەوری تاقە شتێکدا خولدەخۆن، زەمەنیان یەك زەمەنە، گەر کۆیان بکەیتەوە یەك شت دەڵێن، جوگرافیایان یەك جوگرافیای تەسكو بێ مانایە، لەتەك ئەوەی جوگرافیای ئینسانی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرە لە نەمربوونی هەر دەقێکدا، دەبینین شیعری شاعیرانی کلاسیك لە ڕووی دەلالەت، حیکمەت، فەزیلەت، حەقیقەت لە ئاستێکی بالآدانو شیعرەکانیان جێی مشتو مڕو لێکدانەوەو لێوردبوونەوەی دوورو قووڵن، شیعری نوێ هێندە ئاڵۆزو گرێ گرێیاوی و ئاڵۆزکاوو بەملیەکدا چوو و بەیەکداچووە لێحاڵیبوونی قورسو گران و زەحمەتە، ئەم باسە بێنەو بەرە و ڕای جیاواز جیاوازی لەسەرە، ئاڵۆزیی بۆخۆی سیفەتێکی بەرزی شیعرەو پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ماناو دەلالەتی شیعرەوە هەیەو شیعری لەسەر بەندە، بەلآم دەبێ ئەو ئاڵۆزییە دیقەتو داهێنان لەخۆ بگرێ، نەوەك ئەرکی خوێنەر قورستر بکاو دنیای لێ بێنێتەوە یەك، کورتو موختەسەر نابێ شیعری ئاڵۆز تەرکیبەیەکی مردوو بێو هیچ جۆرە زیندوویەتیی و هونەرییەتێکی تێدا نەبێ، بەبڕوای من شاعیر ناچار نییە لە هەر دەقێکی شیعرییدا ماناو مەبەست و نێوەرۆك بخاتە سەر سینیو بیڕازێنێتەوە و پێشکەشی خوێنەری بکا، کاری خوێنەرە دوای ئەو دەقە شیعرییانە بکەوێو ماناو دەلالەتە شاراوەکانی ناوی ئاشکرا بکا، شەوقی بەغدادی (شاعیر و ئەدیب) ڕایوایە کۆمەڵگەلێك هۆکار هەنە بۆ زیاتر ئاڵۆز بوونی شیعری نوێ " چەند هۆکارێکی سەرەکی هەنە بۆ ئاڵۆزی شیعر لەوانە نامۆبوونو لەبەریەك هەڵوەشانی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگەکان.. دەبینین ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی یەکێتی نێوان ئینسانو کۆمەڵگە نوێکاندا دەدوێ، ئەم هۆکارانەش بوونەتە هۆی زیاتر نامۆبوونی شاعیران، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ گۆشەگیریی زۆرترو زیاتر، وادەکا نووسینەکان ئاڵۆزو گرێیاوی بن، لەتەك ئەمەشدا بارێکی قورسە بەسەر خوێنەرەوەو تێگەیشتن لەشیعری نوێ سەختتر دەکاو پەیوەندییەکان دەپچڕێنێ، لێرەوە دادوبێدادیی بەدەست ئەم

ئاڵۆزییەوە زۆرترو زیاتر دەبێ، دواتر دەبێتە مەتەڵو تەنها خودی شاعیر وەلامەکەی دەزانێ.."، لەتەك هەموو ئەمانەشدا زانستو تەکنۆلۆجیا ژیانی قورس کردووەو توانای بیرکردنەوەو تێڕامانی مرۆڤەکانیشی لەتەك خۆیدا سنووردار کردووە بۆیە وا پێویست دەکا بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕوونیەتی پێوە دیار بێ، ئاڵۆزیی گەر داهێنانو هونەرییەتی لەخۆ گرتبێ شیعر جوانترو قەشەنگتر دەکاو تاموبۆیەکی دیکەی بەسەردا دێنێ، ئاڵۆزیش سنووری هەیەو دەبێ نەگاتە ئەوەی سنووری ڕاستەقینەی ببەزێنێ، (**عزالـدین إسماعیـل**) ڕەخنەگری گەورەی میسری ڕایوایە " ئاڵۆزیی لە شیعری نوێدا سیفەتێکی سەلبیی نییە بەڵکو سیفەتێکی ئیجابییەو بەتەواوەتی لە شیعری نوێدا ڕەنگی داوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئاڵۆزیی بەتەنها تایبەت نییە بە شیعری نوێوە، بەڵکو تێکەڵەیە لە نێوان کۆن و نوێدا و بۆتە دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکراو داوامان لێدەکا زیاتر ڕامان ئەنجام بدەین"، حەسسان جودی شاعیرو چیرۆکنووس دەڵێ " شیعری نوێ ئاڵۆزو پڕ گرێیە، ئاڵۆزییە لە قووڵ بوونەوەو قاڵبوونەوەدا، زەرورییە ئاڵۆزیی لە قەسیدەدا بوونی هەبێ، مەبەستم ئاڵۆزیی ئیجابییە کە جوانی و زیندوویەتیو بە قەسیدە ببەخشێ"، حەمەکەریم عارف لە کتێبی ( دەربارەی شیعرو شاعیری ) دا چەندین دیدو بۆچوونو سەرنجو ڕەخنەی پێشکەش کردووەو دەڵێ " شیعر بە گوێرەی سروشتی هونەریانەی خۆی دەبێ هەندێ ئاڵۆزو تا ڕادەیەك تەم مژاوی بێ، بەڵام ئاڵۆزیو تەم و مژاوییەکی ناسكو هونەریانە، هەڵبەتە ئەم ئاڵۆزییە وێڕای تەبیعەتی هونەریانەی خودی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە زمانەوانییەی کە پێکیدێنێو بۆ ئەو سەرچاوەی هەستە دەروونییەی کە لێوەی هەڵدەقوڵێت.. شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لە بیرو فیکر، بیری شاعیریش لە ژینگەو سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە سادەو ساکاربێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە سادەو ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە ئاڵۆز بێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێو یەکپارچە ناسەقامگیری دەروونیو ڕۆحی بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆزو تەمومژاویو قورس دەبێ.. ئەفسانە وەکو مەوداو سەرچاوەیەکی ئەبستمۆلۆژی ڕۆشنبیری هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵۆزاندنی

شیعری نوێ.. شیعر ئەمڕۆکە لەوە دەرچووە ڕێژنە هەستێکی خۆبەخۆبێ بەداوی جوانترین وشەدا بێتە خوارێ و لەبارترین ڕستە بکات بە نیشتمانو ئاوەدانی بکاتەوەو سەروەری شیعری پێببەخشێت، شیعری ئەمڕۆکە ئەوە دەڵێت کە ناگوترێت.. فاکتەرێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ دوورکەوتنەوەیە لە هەر ڕوونکردنەوەو شرۆڤەو گوتنێکی ڕاستەوخۆ چونکە شیعر ڕووت دەکاتەوەو لە شیعرییەتی دەخات...

گومان لەوەدا نییە مەعریفە خۆی بۆ خۆی کاریگەری تەواو لە سەر زیاترو زۆرتر ئاڵۆزبوون و سەختبوونی دەقە شیعرییەکان دەکاو ئەرکی خوێنەر قورس و گران دەکا، جاوەرە ئەو شیعرە پڕبێ لە مەعریفەی بەرز بەرز، هەر ئەمەشە وایکردووە شیعری نوێ لوغزاویو مەتەڵاویو گرێیاوی بێو لە ڕووی دەلالەتو مەفهومەوە درەنگ خۆی بدا بەدەستەوە.

ئاشکرایە ئەو زمانەی لە کاری ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ زۆر جیاوازە لەو زمانەی کەلە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێ، زمانی ئەدەب فرە ماناو فرە ڕەهەندە، مانای دوورو قووڵە، لێوانڕێژە لە تێڕوانینو جیهانبینی، ئالێرەدا زمانی ئەدەبو ئەو زمانە لێکدەترازێن، گومانیش لەوەدا نییە کۆنترین هونەرەکانی زمان هونەری شیعرە، پەیوەندی نێوان شیعرو فەلسەفە پەیوەندییەکی کۆن کۆنەو مێژوویەکی پڕشنگداریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکردووە، شیعرو فەلسەفە، کتومت لە ڕووی چاوگەو کەرەسەوە یەك شتن، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە بوونی دەیەها چەمكو زاراوەی فەلسەفییانەیە لە شیعری شاعیرانی گشت گەلاندا، ئەفلاتون یەکەمین فەیلەسوفە کەتوانی شیعر بگەیەنێتە لوتکە لە نێو جیهانی فەلسەفەدا، لە گفتوگۆو دەمەتەقێیەکانیدا تەنهاو تەنها پەنای دەبردە بەر شیعرو هەر لەم ڕێیەوە بیرە فەلسەفییەکانی پێشکەش دەکرد، ڕەنگە هەرۆژاوترینو کۆنترین پرسیاری فەلسەفییانە لە مێژوودا ئەوەبێ ئایا سەرچاوەو چاوگەی شیعر لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟، هونەرە یاخود ئیلهامی خواییە؟، بەڕای ئەفلاتون ئیلهامی خواییە، گەر بە وردی تەماشای مێژووی سەرپاکی ئەو داهێنانانە بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئەدەبو فەلسەفەدا هەیە، فەیلەسوفانیش لەم ڕوانگەیەوە

داهێنان و چاکسازییان ئەنجامداوە، لەوانە نیتشە، جیۆ، جیبیریل مارسیل، ژان پۆڵ سارتەر، ئەلبێر کامۆ، گۆتە، باشلار، ئیبن توفەیل، ئەبو حەییانی تەوحیدی، ئیبن ڕوشد، ئیبن سینا، فارابی، غەزالی، ئیبن عەرەبی...، فەیلەسوفی ئینگلیزی هوایتهد پێیوایە زەرورە شاعیران پەنابەنە بەر فەلسەفە تاوەکو گوزارشت لە مانا فەلسەفییەکان بکەن، شیعری فەلسەفییانە بابەت و وێنەی وادەهوروژێنێ کە ڕاستەوخۆو بەڕاست وچەپدا کاریگەری لەسەدا سەد فەراهەم دێنێ، شیعری ڕەسەن و بەرزو فازیل خالی نییە لە ئالۆزی و ناڕوونی و تەمومژ، بەسروشت نێزیکە لە فەلسەفەو فیکر، بەلام ئەو ناڕوونی و ئالۆزکاوییەی دەبێ مرۆڤانەو هونەراوی بێ تاوەکو حساوی دەقێکی نەمری بۆ بکرێ، ئالێرەدا شیعرو فەلسەفە ئاوێزانی ئەکتر دەبن، فەیلەسوفان لە ڕێی شیعرەوە زیاتر لە دەرگای فەلسەفەو فیکریانداوە، چونکە هەر هونەرێ بگری بە جۆرێ لە جۆرەکان خالی نییە لە فەلسەفە، شیعر بە نمونە، شیعری فەلسەفی بە سروشت ئالۆزکاوو تەمومژاوی و ناڕوون و بەیەکدا چووە، هەموو ئەم سیفەتانەش بایەخ و خەسڵەتی بەرز بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن، مەژگی خوێنەر دەهێنن و دەبەن، وای لێدەکەن زیاتر خەیاڵ و هەست و هۆش و گرنگی بداتە ئەو دەقانە، فەلسەفە پێوەستە بەمرۆڤەوەو وەلامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەلە قال وبەلاوە مرۆڤ خەونی پێوە دیوە و دەیبینێ، فیکرە فەلسەفییەکانیش کاتێك ئاوێزانی ئەدەب دەبن زاتییەتی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ سروشتە خواییەکەی و بەهێزی دەکەن، یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی ئالۆزبوونی دەقە شیعرییەکان.

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی زیاتر ئالۆزبوونی دەقە شیعرییەکان چەمکەکانی تەسەوف و مەسەلە ڕۆحیی و غەیبییەکانە، سۆفیگەری مێژوویەکی کۆن کۆنی هەیەو ڕۆڵ و پێگەی کاریگەرو گرنگی بینیوە، سۆفیزم بەندە بە ناخ و کرداری باوەڕیاران و شوێنکەوتووانی، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاست و دروست و بێ پێچوپەنایە بۆ گەیشتن بەخوداو شتە لەبەرچاو ونەکان، کردنەوەی گرێ کوێرەکانە لە نێوان ئەو شتانەی هەستی پێدەکرێ و ئەوانەی هەستیان پێناکرێ، قاڵبوونەوەو قووڵبوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ خود، کەواتە تەسەوف یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کار لەسەر ئالۆزتربوون و

ناڕوونتربوونی دەقە شیعرییەکان دەکاو ئەرکی خوێنەر قورستر دەکاو پێویستی بە شرۆڤەکردنی باتینیو ڕۆحی دەبێ، بەڵێ تێگەیشتن لە تەسەوف بە سروشت قورسو گرانە کاتێك ئاوێتەی شیعریش دەبێ قورسترو گرانتر دەبێ، شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیرانی کلاسیك لێوانڕێژن لە فیکرەی سۆفیانەو مەسەلە ڕۆحیو غەیبییەکان، مەلای جزیری، نالی، مەحوی بەنمونە، مەرجیش نییە شیعرە سۆفیگەرییەکانیان پڕاوپڕ بێ لە سۆفییەت یاخود خۆیان سۆفی ڕاستەقینە بن، کاریگەری گەورە سۆفییو عاریفەکانی وەك جەلالوددینی ڕۆمی، حەللاج، ئیبن عەرەبی بە شیعرەکانیانەوە دیارەو خوێنەر بەو هاسانییە ناتوانێ ماناو مەبەستیان لێوە هەڵهێنجێ.

شاعیرە نوێخوازەکان لە گشت قۆناغو گۆڕانکارییەکاندا سیمبول بوونەو خەباتی ئایدۆلۆژیو شۆڕشگێڕیو پێشکەووخوازییان ئەنجامداوە لە پێناو بیروباوەڕو هەستی بەرزی نەتەوایەتیو بەرزکردنەوەو زیندووکردنەوەو غیرەتدان بە گیانو خەباتو شۆڕشی ڕزگاریخوازان، هەموو ئەم هەوڵانەش پێوەستو بەندبوونە بە کۆمەڵەوە، لەم ڕێیەوە شیعر ڕەنگدانەوەی ڕۆژگارو واقیعەو چەندە واقیع سیحراویو گرێیاوی بێ هێندەش دەقە شیعرییەکان سیحراویترو ئاڵۆزکاوتر دەبن، واپێویست دەکا شیعری نوێ بە ئەقڵییەتێکی تازەو مۆدێرنانەوە لێی بڕوانرێو لێکدانەوەی بۆ ئەنجام بدرێ، نرخو بەهای شیعریش لەوەدایە خوێندنەوەی تێرو تەسەلو چڕوپڕی لەبارەوە ئەنجام بدرێ تا بە زیندوویەتیو تەڕێتی بمێنێتەوە چونکە مەبەستی سەرەکی لە خوێندنەوەی هەر دەقێکی شیعری تاقە پێوەر تێگەیشتنو لێحاڵیبوونە نەوەك قووڵبوونەوە بە نێوەخنو دونیای تایبەتی شاعیر، بە پێچەوانەوە سروشتو لەزەتی ڕاستەقینەو تایبەتمەندیو کاریگەری لەدەستدەداو خیانەت لە خودی خۆی دەکا.

**سەرچاوە:**

1. **أنماط من الغموض في الشعر العربي الحر: د.خالد سليمان، منشورات جامعة اليرموك،** 1987.
2. **جدلية الخفاء والتجلي-دراسات بنيوية في الشعر: د.كمال أبو ديب، دارالعلم للملايين، بيروت،**1979.
3. **لغة الشعر بين الجيلين: د.إبراهيم السامرائي، المؤسسة العربية للدراسات-بيروت،**1980.
4. **الحداثة في حركة الشعر العربي المعاصر: د.خليل الموسى، الطبعة الاولى، مطبعة الجمهورية،** 1991.
5. **دەربارەی شیعرو شاعیری: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد،** 2007.

**رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە** 398

**چوارشەممە** 2008/2/20

# مەرگی ئەدەب

**" ئەگەر لە ڕۆژی دواییو هەقو حیسابدا بخرێمە ژێرباری پرسیارەوە دەربارەی ئەدەبو لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانم، بەمشێوەیە پارێزگاری لە هەقی خۆم دەکەم کە ئەبەدەن ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕوام بە ئەدەب نەبووە"**

سیروالتەر رالی – مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد (1921).

-1-

لەم قۆناغە نوێیەی ئەدەبو واقیعی ئەدەبیدا، شیعر، چیرۆك، ڕۆمانو ڕەخنە گۆڕاوەو چووەتە ژێر بارێکی قورسو گرانتر، هەموو ئەمانەش گەواهی بەمەرگی نووسەران دەدەن، ئاگادارمان دەکەنەوە کە کاری ئەدەبی (العمل الادبی) جگە لە دەقێکی جۆراوجۆرو و ڕازاوە لە ڕووی داڕشتنەوە هیچی دیکە نییە، ئیدی لێرەکانەوە وەختە خۆری پڕشنگدارو ڕەنەقداری ئەدەبو حەقیقەتەکەی ئاوا بێ، لە ساڵی (1960) بەدواوە بە بەردەوامیو بەشێوەیەکی کەم تا زۆر باس لە مەرگی ئەدەب دەکرێ، دوابەدوای ڕاگەیاندنەکەی (نیچە) دەربارەی مەرگی خودا، بێباوەڕی نیچە لەوەدایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ئاڕاستەکراوو فەلسەفییانە دەچێتەوە سەر خودا بەپێچەوانەی ئیلحادییەتی ئیسلامی کەلە ڕێگەی ئینکاری پێغەمبەرایەتییەوە دەچنەوە سەر خودا، بەهەر حاڵ ئەمە باسێکی دیکەیەو بابەتێکی کەلامیو فەلسەفییانەیەو مشتومڕێکی ئێکجار زۆر هەڵدەگرێ، گەر بەوردی تەماشا بکەین لە نێو خودی ئەدەبدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەدەبی ڕۆمانتیکی کلاسیك بەتەواوەتی پێچەوانە بۆتەوە، نووسەران لە ڕێگەی خەیاڵی خۆیانەوە مەرگی خۆیان ڕادەگەیەنن، کە سەرچاوەی خودی ئەدەبە، بەوەی کە سەرچاوەی نووسینەکانیان هەڵقوڵاوی هەستێکی سروشتییانە نییەو بەتەنێ کۆکردنەوەی کەرەسەی زمانو ڕۆشنبیری و

تۆمارکردنیەتی لە دووتوێی کتێبێکی ڕەق و تەقدا، کە جگە لە کۆمەڵێ دەقی مردوو هیچی دیکە نییە، بەڵێ سامانی مێژوویی مرۆڤایەتی هەر لە هۆمیرۆسەوە تا ئەم ساتەوەختەی ئەدەبی تێدایە، بە چەندین شێوەو ڕێگە بەرەو مەرگمان دەبەن، ئەدیبان لە ڕێگەی فێڵو تەڵەکەو داهێنان لە هەڵخەڵەتاندا دەقە ئەدەبییەکان پێشکەش دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەو ڕەخنەکاری هەتا چاوبڕکات لە لە دەقە ئەدەبییەکان دوور کەوتۆتەوە، گەر لە دەرێی ئەدەبیشەوە بڕوانینەن ئەدەبو واقیعی ئەدەبی، دەبینین سیاسەتوانە شۆڕشگێڕەکان هەر لە هێربەرت مارکۆزەوە تاوەکو دەگاتە تێری ئیجلتۆن هێرشیان کردۆتە سەر ئەدەبو تۆمەتباریان کردووە بەوەی نوخبەوییەو پێشێلکاری ئازادییەکانە، میدیاکان بەگشتی بوونەتە جێنشینی کتێب، خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانیش لە قۆناغێکی مەترسیدارو فرە تەنگژەدان، سەرپاکی نێوەندە ئەدەبییەکان تووشی قەیران هاتوون، خوێنەرانی ئەدەب بەگشتی تووشی نەخۆشی کاڵ خوێندنەوە بوون، لە لایەکی دیکەوە شیعر تووشی گۆشەگیری بووەو ئاڵۆزو گرێ گرێو ناڕوون بووە، تێگەیشتن لە شیعری نوێ بۆتە کارێکی فرە زەحمەتو ئەمەش سەردەکێشێ بۆ گۆشەگیری زیاترو زۆرتر، خوێنەر بە زەحمەت لە شیعری نوێ دەگاو قودرەتی ڕامانو تێفکرینی هونەرەکانی شیعر نووسینی ئەوڕۆکەی نەماوە، سەرباری شیعریش چیرۆکو ڕۆمان هەمان دەردەکانی شیعری گرتووەو فرە سیحراوی بووە، دووبارە نێوەندە ئەدەبیو ئەکادیمییەکان دەگەڵ ئەدەبدا تووشی دوژمنکاری بوونەو پێوەندی نێوانیان پچڕاوە، دەقە ئەدەبییە تازەکان –ناڵێین گشتیان– ئابڕوبەرن، مانشێتی کتێب و دیوانە ئەدەبییەکان ناوی بێ نێوەرۆکن.

بێگومان ڕای پێچەوانەش هەیەو منیش دەگەڵ ئەم ڕایەدام ئەوانەی پارێزگاری لە زیندوویی ئەدەب دەکەن پێیانوایە چالاکییە ئەدەبییەکان لەبەردەوامیدان، شیعرو چیرۆکو ڕۆمانو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بە بەردەوامی دەنووسرێنو دەخوێندرێنەوە بە باشو خراپیانەوە، ئەمەش نیشانەی زیندوویی ئەدەبە لەم قۆناغە دژوارەدا، ئامانج لە ئەدەب چاکسازیو بە هێزکردنی هەستی مرۆڤە بەرامبەر بە پێکهاتەکانی دیکە ژیان، بەکورتی ئەدەب

واتە ڕەخنەگرتن لە ژیان، نەجیب حەنکەش کە ئەدیب و ڕۆژنامەنووسێکی لوبنانییە لە بابەتێکیدا بەنێوی (**ما تهدمه السياسة يبنيه الادب**) واتە ئەوەی سیاسەت دەیڕوخێنێ ئەدەب بنیاتی دەنێ، بڕوای وایە ئەدەب تاوەکو ئێستا مەهامی ڕاستەقینەی خۆی نەدۆڕاندووەو بە بەردەوامی لە نوێ بووەنەوەدایە.

بەڕای (ئیڤین کرنان) نووسینو خوێندنەوە لەپەیوەندییەکی سستو لاوازدان دەگەڵ واقیعی کۆمەلأیەتیدا، لەبەریەك هەڵوەشانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا بەشێکە لەو شۆڕشە تەکنۆلۆجییەی کە زۆر بەخێرایی ڕۆشنبیری چاپکراوی گۆڕییە ڕۆشنبیری ئەلکترۆنی، وێنەکانی پێشچاوو دەنگەکانی بەرگوێ و تەلەفیزیۆنو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت بوونەتە بەدیلی کتێب، لێرەکانەوە ئەدەب چێژی سروشتی لەدەستداوە، واتە چێژە ڕۆحیو ئەقڵییەکەی ئەدەب، نووسینیش دەبێ چێژی تایبەتی هەبێ ئەوجا نووسینە، غەزالی واتەنی " **لذة العقل المعرفة، كلما كانت المعرفة أكبر كانت اللذة أكبر** "، بێگومان دەقە ئەدەبییەکان جیا لە دەقەکانی دیکە زیاتر چێژیان هەیەو ڕۆحەکان ئاسوودەو ئاوەدان دەکەن، نووسراوە ئەدەبیو گشت نووسراوەکانی دیکەدەبێ مەهامی ڕۆشنبیریو مرۆڤانە لە واقیعدا بەرجەستە بکات.

ئەدەب هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنیەوە شۆڕشی فیکری و سیاسی و ئابووری بەدووی خۆیدا هێنا، تەنانەت گووتراوە (**كانت نعمة أن تعيش المرء حيا في هذا الفجر**)، ڕۆژئاواییەکان دەیانهەوێ لە ڕێی ئەدەبەوە ڕەخنە لە یاساگەلە کۆمەلأیەتییەکانی خۆیان بگرن، دیسانەوە لە ڕێی ئەدەبەوە ڕەخنە لە بنەماکانی دەوڵەتو دەستور بگرن، بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا زۆرێکی نێوەندە ئەدەبییەکان کار لەسەر شەرعییەتدان دەکەن بە دەستەلأتی سیاسی، سا ئەدەبیش لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا مردووەو دوورە لە حەقیقەتە ڕاستەقینەکەی.

هێرش کردنە سەر ئەدەب بەگشتیو تۆمەتبارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ نێو خودی زانکۆکان، وەك دروست بوونی گرووپی (حركة التعبير الحر/1960) لە کالیفۆرنیا، هێرشو ڕەخنەکان لەسەرەتادا ڕاستەوخۆ بۆ سەر خودی ئەدەب نەبوون، بەڵکو نێوەندە ئەدەبیو ئەکادیمییەکانی گرتەوە، (تریللنج) دەڵێ ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕووداوەکانەوە هەیە، بۆیە ئەدەبی نوێ ئەوی

بێزار کرد دوای ئەوەی بەرهەمەکانی کافکاو جۆیس و ئیلیۆت لە کۆلۆمبیا خزێنرانە نێو بەرنامەکانی خوێندن بە ئامانجی گۆڕینی بیرکردنەوەیان لە کۆنپەروەرییەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئەقڵی ئازاد، هێرشی ساڵانی (1960-1970) بۆ سەر زانکۆکان لە بنەڕەتدا شۆڕشی ڕۆشنبیری بوون لە کۆماری چیندا کاتێ سەربازانی چین هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشەیاندا، هەروەها بارگرژی‌و توندوتیژییەکانی جادەکانی پاریس‌و زانکۆکانی ئەڵمانیاو ئەمریکا، لە واقیعدا شۆڕشێکی فیکریی بوون نەك بەتەنێ شۆڕشی سەر جادان، ڕەخنەی ئەدەبی چەکی سەرەکی‌و بزوێنەری ئەو شۆڕشە فیکرییە بوون، کەواتە ڕەخنە بەهاو قیمەت دەبەخشێتە ئەدەب.

-2-

**تەکنۆلۆجیا و ئەدەب**

گەر بە وردی تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی بکەین هەڵگری کۆمەڵێ هێزی جیاواز جیاواز بووەو کاریگەر بووە بەسەر بەها ڕۆشنبیرییەکان‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕۆژئاوادا تەکنۆلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری مەزن‌و گەورەی ئەفراندووەو ئاراستەی ڕۆشنبیریەتی گۆڕیوە، پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکان گۆڕانکاری ڕیشەییان خوڵقاندووەو هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەو تاکەکان، ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانە تەکنۆلۆجییەکانەوە کە ڕەوڕەوەی مێژووی بە ئاڕاستەی جیهانێکی نوێدا برد، لە ئێستادا تەکنۆلۆجیا سەرچاوەی گشت زانیارییەکانەو کاریگەری مەزنی لە بواری ڕۆشنبیریدا بەرجەستە کردووە، کێشەی هەرە سەرەکی ئەدەبی نوێ کێشەیە لە ڕووی تێگەیشتنەوە، ئێمە لە ڕێگای وشەوە دەتوانین تێڕوانینمان هەبێ بۆ جیهان، لەکۆنەوە ئەدەبی زیاترو زۆرتر پشتی بە وشەو کتێبی بەردەست بەستووە، ئەوڕۆکە کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت جێیان بە کتێب لێژ کردووە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە کەم بوونەوەی ژمارەی کتێبە، ڕۆژ بە ڕۆژ تێچوونی کتێب کەم دەبێتەوەو لە ئاستێکی ترسناکدایە، لە ساڵانی (1950، 1960، 1970) بەدواوە ملیۆنەها کتێب چاپکراون‌و خراونەتە بەردەست، سروشتییە ئەدەبیش وەکو بوارەکانی

دیکەی ژیان بکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە، گۆڕان لە ڕۆشنبیری نێو کتێبەوە بۆ ڕۆشـنبیریی ئـەلکترۆنی کۆتـایی بـە ئـەدەبی کـۆن هێنـا، کێشـەی نووسـین‌و خوێندنـەوە لـەم گۆڕانـە تەکنۆڵجییـەدا دروسـت بـوو، بـە بـڕوای مـن کۆمپیوتـەر وێنەیـەکی پێگەیشـتوو و پێشـکەوتووی کتێبـە، تەلـەفیزیۆنیش یـەکڕایی‌و یەکبینی فەراهەم دێنێ، کێشەی ئەدەبیش هەر لە تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن‌و کۆمپیوتـەرو بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا نییە، بەڵکو ئەوڕۆکە کێشەی سـەرەکی ئەدەب لەسەر ئاستی جیهانی جیهانیەتی شاشەو ناجیهانیەتی ئەدەبە.

**سەرچاوە:**

1. **موت الادب: ایفین کرنان، ترجمة بدرالدین حب الله الدیب**، 2000.

**ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ ژمارە** 540

2007/6/21

# مەرگی مەرگ

**" دێمۆکراسیەتی ڕاستەقینە ناچەسپێ هەتاوەکونێ دەستەڵاتێکی دژ نەیەتە گۆڕێ ، هیچ کەسێ هێندەی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر ناتوانێ گیان وەبەر ئەم دەستەڵاتەدا بکات"**

بۆردیۆ (1930–2002)

( 1 )

هەڵبەتە ڕۆشنبیران وەك بژاردەیەکی دیارو چالاك ڕۆڵی بنیاتنەرانەیان هەیە لەگشت بوارەکانو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، هەمیشەو دایم کۆمەڵگەیان ئاگادار کردۆتەوە لە مەترسییەکانی دواکەوتوویی و تەکانیان داوە بە بیری دێمۆکراسی و پێشکەوتنخوازی، دایم گەرەکیان بووە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕنو وەك دەستەڵاتێکی کاریگەرو کارا خۆیان بنوێنن، تاقە خۆزیای فیکرییان هۆشیارکردنەوەو پێشکەوتنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە، بزوێنەرو داینەمۆی سەرەکین لە پرۆسەی بە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگاو لایەنە زیندووەکانی دیکەی پێوەست بە پێشکەوتنو پەرەپێدانی کۆمەڵگە، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە وەدەسهێنانی هەلی بیرکردنەوەی بەردەوامدایە تاوەکو بتوانێ مەهامە ڕاستەقینەکانی وەك خۆی و بێ نوقوستانی پێشکەش بکات، گەرەکە پێش هەر شتێکی دیکە بیر لە گەیاندنی ئاخو ئۆفەکانی کۆمەڵگا بکاتەوەو ڕاستەوخۆ بیگەیەنێتە دەستەڵاتی سیاسی تاوەکو بیر لە چارەسەر کردنی خێرای بکاتەوە، واتە ڕۆشنبیران پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ئێشو ئازارو دەردو مەینەتییەکانی تاكو دەبێ سەرکەتنی بەسەرکەوتنی خۆیو ژێرکەوتنی بە ژێر کەوتنی خۆی بزانێ، ئیدی لێرەوە دەتوانێ بەبێ خۆدزینەوەو گزیکاری هەستێ بە ئەرکی خۆیی و ئەو هەقەی لەسەر شانیەتی وەك خۆی بیگەیەنێ، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دەبێ بەدووی داواکارییەکانی کۆمەڵگەدا وەگەڕێو کاری لە سەر شەقامانە نەوەك خۆخزاندنو سەرکزگرتنو دەست بەسنگەوە گرتن دەنێو

ڕێکخراو و دام و دەزگا حیزبییەکان، یاخود دەست پان کردنەوەو کڕووزانەوە بۆ ئەحمەدو مەحمودو ئاڕاستەکردنی لە لایەن ئەم حیزبو ئەو حیزبەوە، واتە ڕۆشنبیریی و مەعریفە بکاتە هۆکارێك بۆ پارە پەیداکردنو خۆ ژیاندنوماڵو مناڵ ژیاندن، گەر بەشێوەیە بوو ئەوکات دەبێتە کەسایەتییەکی خۆبەکەمزانو ڕووشکاوو دەستەمۆ، چەندە ڕاستگۆو نیەت پاكو هەقخواز بێ پتر وەدیار دەکەوێو متمانەی تەواو وەدەست دێنێ، دەبێ پێش هەموو شتێ ئەوە بزانێ چەندە لە دەستەڵاتو حیزبەوە نێزیك بێتەوە سەد هێندە لە کۆمەڵگەو هاوڵاتییان دوور دەکەوێتەوەو بۆشاییو کەلێنێکی گەورە دروست دەکات، ئیدی لێرەکانەوە هیچ جۆرە متمانەیەکی نامێنێو وەك کەسایەتییەکی خائینو بێ خێربێرو هیچ لەبارانەبو و مردوو دەستەپاچە حسێوی بۆ دەکرێ، مەرگو کۆتایی ڕۆشنبیر ئا لێرەدایە، ئافەرین بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی متمانەی خۆیان نەدۆڕاندووە دەنێو ئەم واقیعەدا زیندوویەتیو قورساییو سەنگی خۆیان خۆشدەوێ.

خۆبەزلزانیو خۆپەرستیو پارەپەرستیو حیزب پەرستی سیفەتگەلێکی فرە ناشرین ناشرینو قێزەونو ئابڕووبەرنو سیمای ئەو ڕۆشنبیرە گێلو نەفامانەیە کە ڕۆڵی تووتی دەبینن تەنها ئەوە دەزانن کە پێیان دەگوترێ، کاریان تەنها خۆژیاندنەو بەس، بەبێ گوێدان بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە بەگژداچوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکان، بەداخەوە خۆبەڕۆشنبیرزانانی ئەم زەمانە ئەلفو لامی شەمسیو قەمەری لەیەك جیاناکەنەوەو جگە لە خۆیان لە هیچ شتێکی دیکەی تر ڕازی نین، هەندێ بەناو ڕۆشنبیر هێشتا قەڵەمەکانیان خوێنی شەڕی نێوخۆی پێوە وشك نەبۆتەوە یاخود وەك دەم ڕەشێك ئەو ئاگرەیان خۆش دەکرد ئێستا بەجۆرێکی دیو ڕیاکارانە خۆیان ناگۆڕنەوە بە ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وەك هایدگەر، سارتەر، چۆمسکی، سەلامە موسا، جابری، ئەنساری و مەرزوقی ...، ئەم خۆبەگەورە زانینە پێش هەر شتێکی دیکە بێڕێزییە بەرامبەر بەخودی خۆیانو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە نەخۆشییەکی کوشندەیە تووشیان هاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئینتیهازیەتو سەدڕوویی لەهەموو دەمارێکیاندایەو خاوەن فیکرو

ئایدۆلۆژیای جێگیر نین، لەبەرئەوە پێویستیمان بە ڕۆشنبیری مەبدەئیو خوێندەوارو ئەکتیڤو هەقبێژە، فیکرو دیدو بۆچوونەکانی نەکاتە قوربانی پارەو سامانو خۆ نێزیك کردنەوە لە دەستەڵاتێك کە نرخی نازانێو وەك تەزبیح بەملاو لادا بایبدا، لەلایەکی دییەوە خۆبەڕۆشنبیرزانانی ئێرەکان بە هیچ جۆرێ خاوەن گووتاری ڕۆشنبیری سەربەخۆ نینو هەر یەکە بۆ خۆی لە ئاوازێ دەخوێنێ، هەروەها لەم قۆناغەدا پێویستیمان بە گووتارێکی دیارو شەفافو زمانێکی ڕۆشنبیری فراوانو گشتگیرە بۆ یەکخستنو پێکەوەبەستنی دەنگی جەماوەرو گەیاندنی داواکارییەکانی بە دەستەڵاتی سیاسیو ملکەچکردنی بۆ وەڵامدانەوەی خواستو خۆزیاکانی.

کەسانی ڕۆشنبیرو ئازادیخوازو پێشکەوتوخواز قسەو نووسینیان تەقلیدیانە نییەو بەبێ هیچ خۆفێك تەرحی فیکرەکانیان کردووەو گوێیان نەداوەتە هەڕەشەوگوڕەشەی ئەملاولاو خەڵکانێك کە قبوڵی حەقیقەتو ئازادی ڕادەربڕین ناکەن، ئازادی ڕادەربڕینو گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونی تایبەت ئەو گۆمە مەنگە دەشڵەقێنێ کە خەڵکانی بەناو ڕۆشنبیرو نابەرپرسیار خوڵقاندوویانەو واقیعی بەپاشدا هێناوەتەوە، کۆمەڵگای بەپاشدا کەوتوو و دەستەوسان پێویستییان بە سیمبولو پێشەنگە تالەو ڕێیەوە بتوانن بە وەڵامو مەبەستو ئامانجەکانیان بگەن، ڕۆشنبیر بە ئەقڵ بیردەکاتەوەو چارەسەرەکانیشی تەنها لەم ڕێیەوە دەبێ ئەو وەختە دەتوانێ بگاتە ڕەهەندە دوورو قووڵەکانی کێشەو داواکارییەکانی تاك و کۆمەڵگا.

ڕۆشنبیرانو ڕووناکبیران بەبێ بوونی دەستەڵاتێکی سیاسی دیمۆکراسی هەرگیز ناتوانن وەك پێویست ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەنو بگەنە خۆزیاکانیان، واتە نەبوونی فەزای دیمۆکراسیو ئازادی مەرگی ڕۆشنبیران ڕادەگەیەنێ، دەستەلاتێ بەهیچ شێوەیەك ڕەخنە قبوڵناکات چۆن خودی ڕۆشنبیران قبوڵ دەکات، ڕەخنەو ڕەخنەکاری ئەرکی ڕۆشنبیرانە، بەتەنێ ڕۆشنبیران خاوەنی دەستەڵاتی مەعریفین، لە بواری سیاسیشدا پێویستە گۆڕان بخوڵقێنن تاوەکو کۆمەڵگە لەژێر سایەی ئەو گۆڕانەدا بحەوێتەوە و بتوانن بەبێ

هیچ خۆفو ترسو دڕدۆنگییەك گوزارشت لە ڕاو بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆیان بكەن.

ڕۆشنبیران وەك دەستەلاتێكی مەعریفی دەنێو سیستەمی سیاسی دیمۆكراسیدا زێدەتر قودرەتی گۆڕانو چاكسازییان هەیەو دەتوانن وەك پێویست ئەركی خۆیان وەجیٚ بگەیەنن، هەر لە ڕێی ئەم سیستەمەوە دەتوانن ڕاستەوخۆ كار لە مەژگی تاكەكانی نێو كۆمەڵگە بكەن بە شێوازی گونجاوو مەدەنیانە ئاڕاستەی بكەن، دیسانەوە زێدەتر دەتوانن هۆشیاری بدەنە كۆمەڵگەو لە مەسەلە چارەنووس سازو پرسە سیاسییە گرنگەكاندا وە ئاگای بهێننەوە، بیریاری مەزن بۆردیۆ (1930-2002) لەیەكێك لە وتەكانیدا دەڵێ " دیمۆكراسیەتی ڕاستەقینە ناچەسپیٚ هەتاوەكونیٚ دەستەلاتێكی دژ نەیەتە گۆڕیٚ ، هیچ كەسیٚ هێندەی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر ناتوانیٚ گیان وەبەر ئەم دەستەلاتەدا بكات"، گۆڕانی سیاسیو كۆمەلایەتی لە واقیعی ئێستای كوردستاندا خۆزیای هەموانەو چەندە پێویستی گۆڕان زێدەتر بیٚ ئەوەندەش ئەركی ڕۆشنبیران قورستر دەبیٚ، لەهەمان كاتیشدا دەیان كێشەگەلی سیاسیو كۆمەلایەتیو ڕۆشنبیری بوونەتە ئاستەنگی سەرڕێی ڕۆشنبیران و هەموو ئەم هۆكارانەش پێویستی بە خۆئامادەكردن و هۆشیاری زیاترو ڕەخنەی بەجیٚ هەیە، زەرورەتی گۆڕان لە ئێستادا خاڵێكە پێویستی بە بەشداری ڕاستەقینەی ڕۆشنبیرانو ڕوناكبیرانو كەسانی زیندوو هەیە، دەستەلاتی سیاسیش بێخەمانە مامەڵە لەتەك گۆڕانەكاندا دەكات، بێگومان گۆڕان پێویستی بە هاوكاری ئەم دەستەلاتە هەیەو ناكریٚ هەموو ئەم ئەركانە بەتەنیٚ لەسەر ڕۆشنبیران كۆبكرێتەوە، گرنگە ڕۆشنبیران هەلی گۆڕان بقۆزنەوە لە گشت ئاستەكاندا ڕەخنە بكەنە میكانیزمێك بۆ بۆ ئاگاداركردنەوەی دەستەلاتی سیاسیو پێشخستنی كۆمەڵگە، ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە بەهەموو قەوەتو ژیانو ویژدانو ئەقڵو فیكریەوە لەتەك كۆمەڵگەدا بیٚ و دەستی لیٚ بەرنەدا، بەدوور بیٚ لە ماستاوكردنو دووڕوویيو ڕازاندنەوەی دیمەنی ناشرینی دەستەلات، كەوابیٚ ڕۆشنبیری زیندوو هەمیشە هەست بە لێپرسراوێتیو ڕاستگۆیی دەكاو لە جوولەی بەردەوامو خێرادایە بۆ گەیشتن بە مەبەستە سەرەكییەكان، دەنگیان

بەرزو دلێرەو دەکۆشن تاكو كۆمەڵ لە داوو كۆتو بەندو سووكایەتییەكانی دەستەڵات بپارێزنو هەستی دیكتاتۆری لە بندا وشك بكەن.

( 2 )

هەموو ڕۆشنبیرێكی ڕاستەقینەو خاوەن قەڵەمو بەهەڵوێستو ڕاستڕەوو میللەت پەروەر تاقە خولیای مەژگی دەربڕینو گوزارشت كردنە لە دیدو تێڕوانینو ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆییو واقیعیانەو مەنتیقیانە گەرەكیەتی وەدییان بهێنێو لەخەون و خەیاڵەوە بیانكاتە واقیع، دایم بەدووی مرۆڤپەروەری و خێرو ئازادی و داهێناندا وێڵە، هەڵبەتە ڕۆشنبیران ڕۆشنگەرو ڕزگاركەرنو خاوەن جیهانبینی تایبەتن و بژاردەو نوێنەری كۆمەڵگان، ئیدی ڕۆڵی ئەوان دەنێو پرۆسەی مۆدێرنەو بە مۆدێرنەكردنی دەستەڵاتی سیاسیدا بەرجەستە دەبێو متمانەی كۆمەڵ وەدەست دێنن، وەلێكان دەنێو دونیای ڕۆشنبیری كوردیدا ڕۆشنبیری قەڵەم شەریفو هەقبێژو ڕابردوو پاكمان كەمەو هەرگیزاو هەرگیز ڕۆڵی سروشتیو ڕاستەقینەی خۆیان نەدیوەو دایم پشتیان بە حیزبو ڕێكخراوە سیاسیو دامو دەزگا ڕۆشنبیرییەكانی حیزب بەستووەو بەبێ فەرمانی وان پەنجەیان بە ئاودا نەكردووە، بەچاوی قەدرو بەهاوە تەماشایان نەكردوونو حسێوی لۆتییان بۆكردوون بێ ئەوەی وە خۆیان بزانن بوونەتە بووكە شووشەی دەستی حیزبو لەباوەشیاندا هەڵیان دەپەڕێنن، ئیدی پێویستە ڕۆشنبیران سەربەخۆ بنو لەسەر پەتان یاری نەكەنو بە شوێن پێی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی پێشیندا هەنگاو بنێنو كۆمەڵگا لەمەترسیەكانی قۆرخكردنی دەستەڵات وە ئاگا بێنن.

ڕۆشنبیران پێوەندی ڕاستەخۆیان بە كۆمەڵگەوە هەیەو ئەركی ڕۆشنبیركردنو هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی نێو كۆمەڵیان لەسەرە، واتە ئەركی سەرشانیان وەئاگاهێنانو تێگەیاندی كۆمەڵە لە دەرەنجامە نێگەتیڤەكانی خراپ بەكارهێنانی دەستەڵاتو پێگەی سیاسی، بەتایبەت لەم وەختەدا گەندەڵی بۆتە سیمای گشت ئاست و بوارە جیاجیاكانی كۆمەڵگا، خەڵكانێك لەسەر

حسێوی خەڵکی داماوو قوڕبەسەر دەوڵەمەند بوونەو هیچ حساوێ بۆ میللەت ناکەن، لەکاتێکدا وا پێویست دەکات خۆشبەختیو خۆشگوزەرانی خەڵك بە کاری سەرەکی خۆیان بزانن، لەم قۆناغە کۆمەڵایەتیو سیاسییەدا ئەرکی ڕۆشنبیرانە کۆمەڵگە لەمەترسییەکانی گەندەڵی ئاگاداربکەنەوەو ببنە دەستەڵاتێکی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردە خراپە.

دەنێو سیستەمی دیمۆکراسیو کۆمەڵگای کراوەدا ڕۆشنبیران زێدەتر قودرەتی گەڕانو گۆڕانو چاکسازییان هەیەو هەر لەم ڕێیەوە دەتوانن پەیامی ڕۆشنبیری بلاٌوبکەنەوەو پەرەی پێبدەن، جەوهەری ئەو پەیامە گەیاندنو ڕوونکردنەوەو ڕۆشنکردنەوەی ئێستاو ئایندەیە.

واقیعی ئێستای کوردستان پێویستی بە گۆڕانو چاکسازی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو ڕۆشنبیری هەیە، چەندە پێویستی گۆڕان لە گۆڕێدا بێ پتر ئەرکی ڕۆشنبیران قورستر دەکاو هەڵیان دەپێچێ بۆ خۆ ماندووکردنی زیاتر زۆرتر، ئیدی زیندوویەتیو دەستەلاٌتی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران لێرەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەگژداچوونەوەو بەرەنگار بوونەوەی گشت دیاردە دزێوو ناشرینەکان هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان بەتەنێ ئەرکی ڕۆشنبیران نییە، بەڵکو ئەرکی هاولاٌتیانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دەستەلاٌتی سیاسییە تاوەکو چالاکانە بکەونەخۆ بۆ لە ڕەگ ڕیشە دەرهێنانو گۆڕینی سیستەمە کۆنو تەقلیدییەکانی ئاستەنگ لەسەر ڕێی پێشکەتنو پەرەدان بە سیستەمە نوێو مۆدێرنەکانی سەردەم، کەواتە واقیعی ئەوڕۆکەمان پێویستی بەکەشو هەوایەکی لەبارە بۆ هاتنە مەیدانی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕو سیمبول، بیریارو شۆڕشگێڕی گەورەی فەرەنسا سارتەر (1905-1980) وەك فەیلەسوفو ڕۆشنبیرێکی بوێرو بەهەڵوێستو ڕەخنەگر لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی (1970) دا لە ڕیزی پێشی پێشەوەی خوێندکاراندا هوتافی دەکێشاو بەردی دەگرتە پیاوانی پۆلیس، بەتەنێ ڕۆژنامەی (**قضية الشعب**) ی وەدەستی خۆی لە سەر جادان دابەش دەکرد، دوابەدوای ئەم کارەی بڕیاری زیندانی کردنی لەلایەن پۆلیسەوە دەرچوو، ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا (جۆرج بۆپیدۆ)و گووتی دەتانهەوێ پێم بێژن ڤۆلتێری زیندانی کردووە؟!، بێگومان

مانای ئەوە دەگەیەنیٚ کە ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە لەلایەنی دەستەلاٚتەوە ڕیٚزیان لیٚدەگیریٚ گەر بیٚتو ڕیٚزی خۆیان بگرن و مەهامی ڕاستەقینە و پەیامی ڕۆشنبیری بە ڕاستگۆییەوە پیٚشکەش بکەن.

( 3 )

لە ئەوڕۆکەدا تەکنۆلۆجیا کاریگەری گەورەی ئەفراندووە لە گشت ڕووەکانەوەو ژیانو گوزەرانی مرۆڤەکانی فرە ئالۆز کردووە، ئیدی چەندە تەکنۆلۆجیا پیٚشکەویٚ سەد هیٚندە ژیان ئالۆز دەکاو مرۆڤ بە گشتی لە سیما مرۆڤانەکان دەخاو دەیکاتە زیندویەکی مردوو، دەقە وە دەقەو سەعات وە سەعات مۆدیٚلی تازە دیٚتە نیٚو بازاڕو لە میدیاکانەوە ڕیٚکلامی بۆ دەکریٚ، ئەمەش کاریگەری ئابووری لەسەر گشت تویٚژەکانی کۆمەلٚگا دروست کردووەو تەنگی پیٚ هەلٚچنیون، ڕۆشنبیرانی کوردستانیش ئەم قەیرانە بەرۆکی گرتوونو لە زۆر ڕووەوە گرفتی بۆ دروست کردوون، بە تایبەت گرفتی ڕۆشنبیری، بۆیە ڕۆشنبیرانمان دایم دەست کورت بوونەو سەریان بە هەزار کوندا کردووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژیٚوییان، ناکریٚ بەدەستیٚ بنووسیو بەدەستەکەی تریش کاربکەیت و مەژگیشت بەدووی داهیٚنانی گەورەدا بکەویٚ، دەستەلاٚتی سیاسیش لەم ڕووەوە تاوانباری یەکەمەو هیچ کاریٚکی وەهای نەکردووە بۆ سەربەخۆبوونیان، دایم لە ڕیٚگای دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانەوە سەرکز کراونو دەنگیان کپ کراوە، بە پاداشتیٚکی زۆر کەم قایلیان کردوونەو خەڕەتیٚ منەتیشیان بەسەردا کردوون، هەموو ئەمانەش گرفتگەلیٚکی زۆروزەوەندی بۆ دروست کردوونو لە مەهامی ڕۆشنبیری دووری خستوونەتەوە، لەتەك هەموو ئەمانەشدا دەبیٚ دان بەو ڕاستییەدا بنیٚین کە ڕۆشنبیرانی ئیٚمە مەحرومن تەنانەت لە کڕینی کتیٚبو پیٚویستییە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی ئەوڕۆ، دەبینین سالاٚنە چەندین پیٚشانگای گەورەی کتیٚب دەکریٚنەوە بەبیٚ ئەوەی ڕۆشنبیران بتوانن وەك پیٚویست کتیٚب بکڕن، لەکاتیٚکدا ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کتیٚبخانە حکومییەکان لەو کتیٚبە بەقەدرو بەهایانە پڕبکا تا هیچ نەبیٚ لەویٚکان بتوانن بیخویٚننەوەو سوودی لیٚوەربگرن، سەرەنجام نەتوانراوە وەك پیٚویست

سـوود لـە پێشـکەوتنە تـەکنۆلۆجیو زانسـتییەکان وەربگـیرێو شانبەشـانی ڕۆشنبیرانی دیکەی دونیا هەنگاو بنێن.

**سەرچاوە:**

1. **تساؤلات حول المثقف العربي والسلطة، في المثقف العربي: دوره وعلاقته بالسلطة والمجتمع، الطاهر لبيب، المجلس القومي للثقافة العربية،** 1985.
2. **المثقف السياسي بين تصفية السلطة وحاجة الواقع: عادل عبدالله، دار الفارابي، لبنان،** 2008.
3. **صور المثقف: إدوارد سعيد، ترجمة غسان غصن، بيروت،** 1994.
4. **السياسة و سلطة اللغة: د. عبدالسلام المسدي، الطبعة الاولى، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة،**2007.

**ڕۆژنامەی هاوڵاتی**/435
2208/6/29

# تەکفیر کردنی ڕۆشنبیران یان کوشتنی هزر

**"ئەگەر وتەیەك لە سەد لاوە ئیحتومالی کوفری لێبکرێ، بەتەنێ لەیەك لاوە ئیحتومالی ئیمانی لێبکرێ، دەبێ حساوی ئیمانی بۆ بکرێ نەوەك کوفر".**

**موحەممەد عەبدو**

-1-

مەسەلەی تەکفیرو بەکافر تەماشاکردنی زانایان، ڕۆشنبیران، نووسەرانو ئەدیبان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو هەر لەکۆنەوە تانهۆ جێی سەرنجو مشتومڕو بێنەوبەرەیەکی یەجگار زۆربووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ و جیاوازبوونی تێڕوانینی مرۆڤەکان یان تێگەیشتنیان لە دەقێك لەدەقەکان، دەق فرە ماناو فرە ڕەهەندە، قووڵە، خوێنەریش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریو هۆشیاری خۆی مانا لە دەق هەڵدەهێنجێنێ، ئیدی لێرەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی تەکفیرکراونو بەکافر نێوبراونو دەبڕێن تێگەیشتن لە دەقەکەنیان وەك ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی نەکراوەو ناکرێ، بەواتایەکی دیکە تێگەیشتنی هەڵە بیرکردنەوەی لەم جۆرە دەخوڵقێنێ، نەسر حامید ئەبو زەید لە کتێبەکەیدا بە نێوی (**التفكير في زمن التكفير**) دەڵێ تەکفیر کوژەری ئەقڵە، کوژەری بیرکردنەوەو تێڕامانی ڕاستەقینەیە، کوژەری داهێنانو پێشکەوتنو شارشتانیەتە، هەرکاتێ ئالییەتی بیرکردنەوە (التفكير) بۆگەن (فاسد) بوو ئەم چەمکە هەڵدەگەڕێتەوەو ئینقیلاب بەسەر خۆیدا دێنێو پێچەوانە دەبێتەوە، واتە (التفكير) دەبێتە (التكفير)، عەباس ئەلعەقاد ڕایوایە گەورەترین تاوان ئەوەیە مرۆڤ مەحروم بکرێ لەبیرکردنەوە، موتەنەبی شاعیری مەزنو گەورەی عەرەب هۆشیارانە باس لە ڕۆڵو پێگەی خوێنەر دەکاو سەرچاوەی ڕاستەقینەی تەکفیر دەگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەڵە:

**وكم من عائب قولا صحيحا**
**وأفته من الفهم السقيم**
**ولكن تأخذ الاذان منه**
**على قدر القرائح والعلوم**

کوفر (**کفر**) لەزمانی عەرەبیدا واتە شاردنەوەی حەقیقەت (**ستر الحقيقة**)، تەنانەت بەشەو دەگوترێ (کافر) چونکە ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەشارێتەوە، لە قورئانی پیرۆزدا لەچەندین ئایەتدا وشەی (کفر-کافر) هاتووەو دووبارە بۆتەوە هەر جارەی بەمانایەك، مامۆستا هەژاری ڕەحمەتیش بەرامبەر بە وشەی (کافر)ی عەرەبی (خوانەناس، سپڵە، دین دوژمن، خۆبەزلزان، لەدین لادەر، ناشکوریکەر، ئیرەییبەر، لەڕێ خوالادەر، بێباوەڕ، لەدین پەژیوان، حاشاکەر)ی بەکارهێناوە، لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (**من كفر فعليه كفره**) ڕۆم /44، (**ولا تكونوا أول كافر به**) بەقەرە/41، (**نكفر عنك سيئاتكم**) نیساء/31، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (**مفردات ألفاظ القران** ) ی ڕاغیبی ئەسفەهانی لاپەڕە 714.
لە نێو شیعری کوردیشدا زۆر بەکەمی ناوی تەکفیر هاتووە، دێڕە شیعرێکی شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی بەنمونە دەردەگرین دەڵێ:

کەعبە کەچ نابێ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێی بڵێن واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکا

(2)

کەسانی ئازادیخوازو ڕۆشنبیرو نووسەرانی ڕاستەقینە قسەو نووسینیان تەقلیدیانە نییەو بەبێ هیچ خۆفێك تەرحی فیکرەکانیان کردووەو گوێیان نەداوەتە هەڕەشەوگوڕەشەی ئەملاولاو خەڵکانێك کە قبوڵی حەقیقەتو ئازادی ڕادەربڕین ناکەن، ئازادی ڕادەربڕینو گوزارشتکردن لە بیرۆبۆچوونی تایبەت ئەو گۆمە مەنگە دەشڵەقێنێ کە تەقلیدو تەقلیدچییان خوڵقاندوویانەو واقیعی

بەپاشدا هێناوەتەوە، کۆمەڵی بەپاشدا کەوتوو و موقەلید هەمیشە لە قسەو نووسینی تازە دەترسنو لەو پێناوەشدا بوختان بۆ خاوەنەکانیان دەکەنو بەلەدین دەرچوو وەسفداریان دەکەن، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا تەکفیرو بەکافر نێوزەند کردنی ڕۆشنبیران مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو قوربانی زۆر لەم پێناوەدا دراوە، لەتەك هەموو ئەمانەشدا گشت ئاینەکان بە تایبەت ئاینی ئیسلام پیرۆزی خۆی هەیەو هەندێك لەدەقەکانی قورئانی پیرۆز لەچەندین تەفسیر زیاتر هەڵدەگرنو دەتوانرێ ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەبارەوە بدرێ نەوەك لەکەدارکردنی بە تەفسیری غەڵەتو پەڵەتو سەقەت، وەك ئەوەی کۆمەڵێك بەناو خوێندەوار لێرەو لەوێ لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان دەدەنو بە تێڕوانینی هەڵەو هەوڵی ناشرین ناشرینەوە دێنە مەیدان، بەڕاستی ئەوە مومارەسەی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین نییە، ئەوە جنێوو ناوو ناتۆرە خستنە پاڵە، چونکە ئەوەی زەڕڕەیەك بڕوای بە ئازادی هەبێ لەتەك ئەو جۆرە نووسینانەدا نییەو بە کارێکی ئاقلانە وەسفداری ناکەن، تەرحکردنی بیروبۆچوونی تایبەت تایبەت لەبارەی دینەوەو ڕەخنەگرتن لە گوتاری ئاینی لە کۆنو ئێستادا پێویستی بە خوێندنەوەی دوورو قووڵو شارەزایی زۆر هەیە، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا قورسایيو سەنگی تایبەت بە خۆی هەیەو بە ڕیتمو شێوازێکی مۆدێرنانەوە تەرحی خۆی پێشکەشکردووەو هەڵوێستی ڕەخنەگرانیشی بەقورس داناوەو کاری لەسەر کردووە، بەهەرحاڵ مەترسی تەکفیر تەنهاوتەنها لە تێگەیشتنی هەڵەو مەرامی سیاسیانەی جیاواز جیاوازدایە، چونکە خوێندنەوەی ڕاستو دروست پێش هەر شتێکی دیکە زەرورەتێکی مرۆڤانەیە، ئالێرەوە بەرەو خزمەتکردنی مرۆڤ هەنگاودەنێ، گەر بەوردی تەماشا بکەین لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەت لەجیهانی عەرەبیدا چەندین ڕۆشنبیر کافرکران، کتێبەکانیان خرانە ژێر پێ و سوتێنران، نووسەرەکانیان زیندانیو غەرامەکران، لەدەرەنجامی خوێندنەوەو تێگەیشتنی سەرپێیيو سەقەت، لەوانە (**في الشعر الجاهلي**) تەها حوسێن، (**أولاد حارتنا**)ی نەجیب مەحفوز، (**نقد الفكر الديني**) سادق جەلال ئەلعەزم، کۆمەڵە چیرۆکی (**سفينة حنان الة القمر**)ی لەیلا بەعلەبەککی، (**من هنا نبدأ**)ی خالید موحەممەد

خالید، ( **هوامش على دفتر النكسة**)ی نزار قەبباني، (**اللـة والجماعـة**)ی موحەممەد سەلمان غانم، (**وليمـة لاعشـاب البحـر**)ی حەیدەر حەیدەر، ( **انـت الوشـم البـاقي**)ی عەبدول مونعیم ڕەمەزان، (**ابنـاء الخطـا الرومانسـي**)ی یاسر شەعبان، ( **أحـلام محرمـة** )ی مەحمود حامید، (**الرحيـل – في الليـل تـأتي العيـون**)ی لەیلا عوسمان، (**موسم الهجـرة إلى الشـمال**)ی تەیب ساڵح، دیوانە شیعری (**باسـم الام والابـن**)ی ئیبراهیم نەسرواڵا، هەر یەکێ لەم کتێبانە بگری لەرزێنەری واقیع بوونەو لە قۆناغی مێژوویی خۆیاندا تووشی پەتپەتییەکی زۆر هاتوونەو نووسەرەکانیان تووشی چەندین هەڵوێستی نامرۆڤانە بوونەتەوە، حوکمدانی پێشوەخت دەبێتە ناهەقیو کوفر بەرامبەر بە قەسدو مەنزوری نووسەر، سا دەقێك دەقە واقیع بشڵەقێنێو چاوەکان بەخۆی ئاشنا بکاو قەڵەمەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئیدی ئەو کاتە دەتوانین بە نووسینێکی ڕەسەنو جددیو زیندوو نێوزەدی بکەین.

**-3-**

خوێندنەوە جیهانێکی فراوانو سەیروسەمەرەیەو ئاڵۆزە، فراوانی ئەو جیهانە وایکردووە خوێنەر هەرگیز دەرەقەتی نەیەتو توانای بەسەریدا نەشکێ، هەر ئەمەش وایکردووە خوێنەران لە ئاستی جیاوازو جیاوازدا بن، ئیدی لێرەکانەوە نابێت خوێنەر زیندوویەتی دەقێك بە تێنەگەیشتنی ڕەتبکاتەوەو بێتە کوژەری ئەو دەقە، جا ئەو دەقە هەر دەقێك بێت، کوشتنی دەق تاوانێکی گەورەیە کە دەرهەق بە نووسەر ئەنجام دەدرێ، نووسین بەو پێیەی بەشێکە لە مەعریفە هەوڵی نووسەرە لە پێناو گەیشتن بە حەقیقەت، خوێنەریش بەو پێیەی ڕەگەزی سەرەکی بواری خوێندنەوەیە پێوسیتە لەسەری بەدایم هەوڵی جددی بدات بۆ نێزیکبوونەوە لەو حەقیقەتە، ئەویش لە ڕێگای تێڕامانی لەدەقەکان، نووسینی ڕاستەقینە سەعادەتی ڕۆحی خوێنەرەو سوکنایی پێدەبەخشێو دڵی ئاودەدات، هەر دەقێك بگری ئاییني، مێژوویی، فەلسەفیو سیاسی تایبەتمەندیو سیفەتگەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، دەقی ڕاستەقینەش خوێنەر دەهەژێنێو

کاریگەری لە سەداسەدی تێدا بەرجەستە دەکات، لەلایەکی دیکەوە سیفەتی سەرەکی نووسین ئەوەیە هەستی مرۆڤانە بەتەواوەتی ڕەنگبداتەوە ئەگەر نا نووسین پەلکێش دەکات بۆ نێو تابوتو نووسەرانیش دەبنە بزماری ئەو تابوتە، ئالێرەدا دەق بەشێوەیەکی گشتی مەرگ یەخەی پێدەگرێ. نووسینی ڕاستەقینە خوێنەر دێنێتە بوون، سارتەر واتەنی ( **الكتابة موجه إلي القارئ كي يخرج إلي الوجود** )، بەڵێ هەر کاتێك نووسین زیندوویەتیو گۆڕانی تێدا بەرجەستەکراو زەرورەتی واقیع بوو بێگومان خوێنەری ڕاستەقینە دێنێتە بوون، سەرەنجام نووسین پێوەستە بە ئایندەی مرۆۆ لە ئازادی و ئایندەی ئازادی لە مرۆڤدا. نامەوێت زیاتر لەسەر ئەم باسە بڕۆم لەم بابەتە کورتەدا سەرجەمی ئەو حاڵەتانە باسبکەم کە تەکفیکردنی ڕۆشنبیرانو نووسەرانو شاعیرانو چیرۆکنووسان لێکەوتۆتەوە، بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی ئاماژە بدەمە چەند نووسەرێکی دیار کە پەتپەتیو بێنەوبەرەی زۆریان پێکراوە تا هیچ نەبێت بەرچاو ڕوونی بێت بۆ خوێنەرانی ئەزیز:



# تەها حوسێن (1889-1973)

تـەها حوسـێن ئـەدیبو ڕەخنـەگری گـەورەی میسـری مێـژووی تـەکفیرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کتێبی (**في الشعر الجاهلي**) بڵاوکردەوە، زۆر بە زوویی و یەکسەری تووشی ناڕەزاییەکی زۆر هات، شکاتی لێکراو داوای یاسایی لەسەر تۆمارکرا، دواتر بەکێشەی کۆمەڵایەتییەوە نەوەستاو بووە کێشەکی سیاسی، تەنانـەت داوای ڕەجمکردنیشـی کـرا، کتێبەکـەی لـە بـواری مێـژووی ئەدەبـدا کتێبێکی ناوازەو بەنرخە، لەکتێبەکەیدا باسو خواسی ئیبراهیمو ئیسماعیل لە ڕووی حەقیقەتی مێژووییەوە ڕەتدەکاتەوەو بە ئەفسانەی دەزانێت، لە کاتێکدا چەندین ئایەتی قورئان گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، ڕەنگە ڕاکەشی زۆر دوور نەبێت لە ڕاوبۆچوونەکانی موحەممەد عەبدو دەربارەی مەفهومی چیرۆك لە قورئاندا.



## نەسر حامید ئەبو زەید

نەسر حامید بە یەکێك لە بیریارە دیارو ناسراوەکانی میسرو جیهانی عەرەبی دادەنرێو لە بواری فیکری ئیسلامیو ڕەخنەگرتن لە گوتاری ئیسلامیو ئیسلامی سیاسیدا چەندین کتێبی بەقەدرو بەهای نووسیوە، ساڵی 1992 لەکاتێکدا دوو لێکۆڵینەوەی پێشکەش بە لیژنەی زانستی کرد بە نێونیشانی (**الامام الشافعي وتأسيس الايدولوجية الوسطية- نقد الخطاب الديني**) بۆ پێداچوونەوە هەراوهوریایەکی زۆری لێکەوتەوەو لیژنەی زانستی بە توندی وەلامیاندایەو ڕەتیان کردەوە، دواتر کێشەکە لەنێو زانکۆوە گوازرایەوەو مشتومڕێکی یەجگار زۆری لەنێو ئیسلامیو عەلمانییەکاندا دروست کرد، زۆر بە زوویی لە لایەن ئیسلامییەکانی میسرو وڵاتانی عەرەبییەوە بە کافر ناوی زڕاو سەرباری هەموو ئەمانەش داوای یاسایی لەسەر تۆمارکرا، ساڵی 1995 فەتوا درا بە بە کوشتنیو بەوەی کەفڕی بەدینەوە نەماوە، دواتر لە بڕیاری یاساییدا نەسر حامید تۆمەتبارکرا بەوەی لەدین دەرچووەو فڕی بەسەر تەلاقەوە نەماوە، دواتر بە پەلە پڕوزکیٚ بەرەو ئەوروپا ملی ناو لە هۆڵەندە گیرسایەوە، لەو کاتەوە نائێستا مامۆستای بەشی زمانی عەرەبییە لە زانکۆی لایدن، لە ساڵی 1996 دادگا لە بڕیاری کۆتاییدا بڕیاریدا کە نەسر حامید مسوڵمانی کوڕی مسوڵمانەو لە کتێبەکانیدا قەسدی لێدانی دەقە تەوقیفییەکانی نەبووە.



## حەیدەر حەیدەر

حەیدەر حەیدەر خاوەنی چەندین چیرۆك و ڕۆمانی بەبایەخە لەوانە (**الـوعظ، الزمن الموحش، الفيضان، الوعول، التموجات، وليمة لاعشاب البحر، مرايا النار، غسق الالهة، شموس الفجر**)، دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ڕۆمانی (وليمة لاعشاب البحر) ناڕەزاییەکی وری لێکەوتەوە، ئەزهەرییەکان خۆپێشاندانی توندیان سازداو زۆری نەبرد وڵاتانی عەرەبیشی گرتەوە، لە ڕۆمانەکەدا گفتوگۆی نێوان دوو کەسی تێدایە کە بۆنی بێباوەڕییان لێدێ، یەکێکیان مەهدی ناوەو خەڵکی ئێراقە دەڵێ ئەم زەوییەی ئێمەی لەسەر دەژین لە زاکیرەی خوادا نەماوەو لە بیرچۆتەوە، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کەسێکە بەنێوی (مهيار الباهلي) مارکس و لینین بە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) نێودەبات، لەتەك چەندین بیروڕای دیکە کەبۆنی ئیلحادی لێدێ.

**سەرچاوە:**

1. **حصاد القرن العشرين: فؤاد شاكر، الطبعة الاولى**، 2005.
2. **من تأريخ تكفير التفكير في الاسلام: يوسف الجهمانى، الطبعة الثانية**، 2003.
3. **مفردات ألفاظ القران: الراغب الاصفهاني، الطبعة الرابعة**، 2004.

**ڕۆژنامەی بارزان ژمارە** 52
2008/1/27



# تاییه تمەندییەکانی بەرهەمی ( یادی مەردان )ی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس

-لێکۆڵینەوەیەکی کورت‌و پوختە دەربارەی کتێبی (یادی مەردان)-

# پێشدەست

بێگومان یادکردنەوەی ئەو کەڵە زاناو نووسەرو شاعیرە کوردانەی کە خزمەتیان بە ئایین ، نیشتمان، ڕۆشنگەریو داهێنان کردووە ئەرکێکی فرە بەرزو پیرۆزە ، هەستان بە زیندوکردنەوەو خستنە ڕووی لایەنی نەبینراوو نەبیستراوی ئەم زاتانە زەرورەتێکی ئەم قۆناغەی ڕۆشنبیرانە، چونکە هەر ئەوان بوونە پێشەنگی کاروانی بانگخوازانو ڕێگاکانی گومانیان بە بیرو ئەقڵیان ڕۆشن کردەوە، بوونە کانیاوی سازگاری عیشقو مەحەببەت، بوونە بارانی ڕەحمەتو دڵە وشک بووەکانی ئێمەیان تێراو کرد .

لە کاتێکدا هەڵدەستین بە هەڵهێنجانی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی ( یادی مەردان) دەبێت شانازی بکرێت بە ڕۆڵی ئەومەردانەی هەر لە سەرەتاوە قۆناغ وە قۆناغ، چین وە چین، دەس وە دەس، زانیارییەکانیان گەیاندۆتە دەستی ئێمە، چونکە شارەزایی مرۆڤ لە سەر هەڵدانی ژیانەوە دەست پێ دەکات، وە بە نەمانی ئەو مەردومانەش کۆتایی نایەت، بەڵکو لە ئەڵقەیەکی زنجیرەییدا پابەندن، کەواتە دەبێت ئەو شارەزاییو زانینە بە ئەمەکو وەفاوە پێشکەش بە نەوەی نوێ بکرێت، (بەرهەمی (یادی مەردان) تایبەتمەندیو ڕەهەندی دوورو قووڵی هەیە، ئەتوانین بڵێین با لا نییەو لە لوتکەدا نییە، بەڵکو هەریەکە بەپێی تواناو شارەزایی خشتێك لە سەر ئەو بینایە دادەنێت کە بە دوای یەکدا هەر لە چەرخی گلگامێشەوە بە قۆناغەکانی مێژوودا بە سەر پردی قایمی زەمەندا قۆناغەکان ئەبڕێ هەتا سنوورەکانی سەردەم، هەریەکە لە بوارێکەوە بە پێی توانا، بەپێی کاریگەری ئەو چەرخو زەمەنەی تێیدا ژیاوە بەرهەمەکەی ئەخاتە ڕوو، (یادی مەردان) دەچێتە خانەی داهێنراوانەوەو دانەری ئەم بەرهەمە بە هەست و سۆزی پیرۆزی نەتەوایەتییەوە هەستاوە بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کەڵە پیاوانی گەلەکەمان ، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە سەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێ (( عەرزی خوێندەوارانی ئازیز ئەکەم کەوا گەلێ جار بیرم لە ڕۆژانی ڕابردووی ژیانم ئەکردەوەو ئەو باسە جوانانەم ئەهاتەوە یاد کە لە دۆستانی زانای خۆمم بیستبوون دەربارەی پیاوە ناودارەکانی وڵاتەکەم،

تەماشام ئەکرد ها وەختە ئەوباس شیرینانە لە یادم دەرچن، چ جای ئەوە کە کەسی تریشم نەدەبینی لێیان ئاگادار بیٚ، بەم ئەندێشانە دڵم زۆر پەرێشان ئەبوو، لە بەر ئەوە لەم دوا ڕۆژانەی ژیانمدا کەوتمە پەلە بۆ نووسینەوەی ئەوەی لە یادم ماوەتەوە ، لەگەڵ ئەوانەی تریش کە لە هەندێ بەڵگەو کتێبدا بەر چاوم کەوتوون، ئەمانەم کرد بە کتێبێکی بە قەدرو نیشانو ناوم نا (یادی مەردان).(1)

ئەم بەرهەمە لە دو بەرگ پێك هاتووە، بەرگی یەکەمی تەرخان کراوە بۆ ژیانو ڕۆڵو پێگەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیو ئەو بارودۆخە سیاسیو ئابوورییەی تێیدا ژیاوە، هێنانی سەرجەم ئەو زانیارییانەی بەم بۆنەیەوە وتراوە، بەرگی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ شێخە نەقشبەندییە دیارەکانی هەورامان و هەندێ لە موریدو مەنسوبەکانی ئەم ڕێبازە سۆفیگەریە، لە سەرجەمیاندا ئاماژەی داوە بە (44) کەسایەتی دیار، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەو پێیەی لە ڕووی بیرو هزرو ئایدۆلۆژیاوە پابەند بووە بە ڕێبازی نەقشبەندی هەر ئەم هۆکاریشە پاڵی پێوە ناوە بۆ نوسینی ئەم بەرهەمە پیرۆزە، ڕێبازی نەقشبەندیشی بە ڕێبازێکی نوێگەر تەماشا کردووە دەڵیٚ ((من وەکو کەسێك کە حەزی لە دەرخستنی ناوی پیاوانی گەورەی ئایینو ئەدەبو زانستی میللەتەکەی بیٚ وەك مەلایەكو یەکێك لە مەنسوبەکانی تەریقەتی (مجددیە) کە لە ناو کۆڕی مەلایانو مەنسووبانی ئەم تەریقەدا ژیاوم، لەم ڕووەوە هەوڵمداوە هەندیٚ پاشماوەی مەولانا خالیدو خەلیفەکانی کۆبکەمەوە، بە پێی وڵاتو کات هەوڵمداوەو گەلیٚ بەڵگەی تاکە تاکەو بە کۆمەڵم دەست کەوتووەو گەلیٚ سەر گوزەشتەی گێڕاوەشم لە کەسانی باوەڕ پێکراو بیستووە )) (2)، لەم وتانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خۆی بە باوەڕیاری تەریقەی نەقشبەندی زانیوەو شانازیشی پێوە کردوەو بە ڕێبازێکی نوێگەری ناوزەد کردووە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی کارایە لە نووسینی ئەم بەرهەمە بە پێزەدا .

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەو سەرچاوانە بدەین کە مامۆستای خوا لێخۆشبوو پەنجەی بۆ لایان راکێشاوە :

1. (**الفيوضات الخالدية**) دانراوی شێخ موحەممەد ئەسعەد ساحێب.

2. (**المجد التالد فی مناقب الشیخ خالد**) دانراوی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری.
3. (**التعریف بمساجد السلیمانیةومدارسها**) دانراوی شێخ موحەممەدی قزڵجی.
4. (**ریاض المشتاقین**) دانراوی مەلا حامیدی کاتبی شێخ عوسمانی سیراجوددین.
5. (**الفیض الوارد علی روضة مرثیة مولانا خالد**) دانراوی ئەبو سەنای ئالوسی.
6. (**بغیة الواجد فی مکتوبات حضرة مولانا خالد**)دانراوی شێخ موحەممەد ئەسعەد ساحێب

. بەڵگە نامەو نوسراوەی تاکە تاکە لە نامەخانەی خانەقای مەولانا.
ـ مەکتوباتی مەولاناخالیدی نەقشبەندی لای مەلا زاهیدی پاوەییو شێخ مەعسومی کوڕی شێخ عارف .

کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لەم بەرهەمەدا هاتووە کارێکی ئەوەندە هاسان نەبووە، بەڵکو پێویستییەکی زۆری بە لێ وردبوونەوەو شارەزایی هەبووە، دەکرێت ئاماژە بە لایەنێکی نوسینی ئەم بەرهەمە بدرێت ئەویش دانپیانانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیاریەکانو ڕێکخستنیان بە شێوازێکی ڕێكوپێك (( وەختی خۆی کەمن ئەم مەعلووماتەم کۆکردووەتەوە شارەزایی ئەو ڕێو شوێنە تازەیە نەبووم کە ئەبێ ناوی کتێب و لاپەڕەو ساڵ وشوێنی لە چاپدانی بنووسرێ، بۆیە لەم ڕووەوە داوای لێبووردن ئەکەم)).(3)

بەڵێ ئاماژەدان بەم جۆرە نووسینە گلەیی ڕەخنەگران لە خۆی دوور دەخاتەوە، بەوەی بۆچی لەم بەرهەمەدا پەنجە بۆ ئەو لایەنە درێژ نەکراوە کەسەرچاوەکەی لێ وەرگیراوە، مامۆستای خوا لێخۆشبو خوێندەواران ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ (( ئەبێ خوێندەواران دڵنیا بن کەوا هەرچیم لە کتێبێ وەرگرتبێ بە ئەمانەتەوە وەرم گرتووەو هەرچیشم بە بیستن بیستبێ لە کەسانی وام بیستووە کە جێکای متمانەو باوەڕبن)). (4)

## تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی ( یادی مەردان ):

بێگومان بەرهەمێکی گەورەو مەزنی لەم شێوەیە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی و خەسڵەتی بەرزی تێدایەو بەو تایبەتمەندیانە لە بەرهەمەکانی تری لەو شێوەیە

جیا دەکرێتەوە، بۆیە وا پێویست دەکات بچینە ناو باسەکەوەو لەســـــەر ئەو تایبەتمەندییانە بدوێین کە شایانی باسکردنن لەوانە :

1. تایبەتمەندی (یادی مەردان) لەڕووی مێژووییەوە .
2. تایبەتمەندی (یادی مەردان )لە ڕووی فیکرییەوە .
- لە ڕووی زانستی کەلامەوە .
- لە ڕووی سۆفیگەرییەوە .
3. تایبەتمەندی (یادی مەردان )لە ڕووی ئەدەبییەوە .

## یەکەم: تایبەتمەندی بەرهەمی (یادی مەردان) لەڕووی مێژوییەوە

بەرهــەمی (یــادی مــەردان) لــە ڕووی مێژوییــەوە بــە وەرچــەرخانێکی نــوێ دادەنـرێ، ئـەتوانین بلـێین بـە یەکـەم بەرهـەمی لـەو شـێوەیە نـاوزەد دەکرێـت لـە ئەدەبی کوردیدا، نوسینی هەر بەرهەمێك پێویستی ئەو ڕۆژگارە دیاریی دەکات ، گرنگیشــی هــەر لــەم خاڵەوەیــە، دەســت خســتنە ســەر ئــەو مەردانــەی کــە لــە قۆناغـەکانی مێـژوودا ڕۆڵـی بەرچـاوو دیاریـان هـەبووەو دواتـر ئاشـناکردنی خوێندەوارانی نەوەی نوێ بەو ڕۆژگارەی ئەو مەردانەی تێدا ژیاون ئەرکێکی فرە بەرزو پیرۆزە، مایەی دەست گوشین و دەست خۆشی لێ کردنە، گەورەیی و مــەزنی هــەر میللــەتێکیش بــە ڕابــردووی دیاریــدەکرێت، بۆیــە کاتێــك لــە بەرهەمـەکانی مـەلا عەبولکـەریمی مـودەڕیس دەڕوانـین دەبیـنین هەسـتکردن بـە گرنگـی نوسـین لـە کارەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە، بـە تایبـەت لـەو ڕۆژگـارەی ئـەم بەرهەمەی تێدا لە دایك بووە .

ناونانی هەر ڕێبازێکی ئایینی (بـە هـەمو بەشـەکانیەوە )، ئـەدەبی ، سیاسـی .......هتـد، بـە نـاوی کەڵـە مـەردانی داهێنـەری ئـەو ڕێبازەوەیـە ، دەرکـەوتنی مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی بـە ڕێبـازێکی نـوێ لە کوردسـتاندا بـووە جێگـای سەرنج لەو ڕۆژگارەدا، هـەر لە کوردستانیشـەوە بـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا بـڵاو بوویەوە، بە ڕێبازێکی سۆفیگەری نوێ لە قەڵەم دراو لە ماوەیەکی کـاتی کورتـدا پەخش بویەوە ، لە سەرەتادا بە ڕێبازی (**خالیدیە** ) ناوبرا، دواتـر بـە هـۆی ئـەو نوێکــاریی و تازەگەرییــەی مــەولانا ئــەنجامی دا لــە ڕووی ســۆفیگەرییەوە بــە ڕێبازی (**مجددیە**) ناسرا لـەو سـەردەمەوە تـا وەکـو ئەوڕۆکـە ، بـووە هۆکارێکی

کارا بۆ نوسینی ئەم بەرهەمە لە کاتێکدا دانەری ئەم بەرهەمە خۆی بە یەکێك لە باوەڕیارانی ئەم ڕێبازە دادەنێت، بۆیە بە تەریقەتی نەقشبەندی ئەوتریٚ (**مجددیە**) چونکە شێخ موحەممەد بەهائوددینی نەقشبەندی کە یەکێکە لە پیرانی ئەم تەریقەتە بە تازەکەرەوەو (مجدد) ی ئەم تەریقەتە دائەنریٚ لە سەرەتای هەزارەی دووهەمی کۆچیدا.

گەر تەماشای هەر بەرهەمێکی مێژوویی لەم شێوەیە بکەین بیٚ گومان کۆمەڵیٚ تایبەتمەندی تێدا بەدی ئەکرێت ، لەو تایبەتمەندیانە :

1. هەموو ئەو کەسایەتیە مەردانەی لە بەرهەمەدا دەستیان بۆ درێژ کراوە باوەڕیاری ڕێبازی نە قشبەندین، تەنها لەم بەشەی کوردستاندا واتە کوردستانی باشور ،بە پێچەوانەی بەرهەمە مێژووییەکانی دی، واتە تایبەتە بە باوەڕیارانی ڕێبازی نەقشبەندی ، بەلاٚم جیاوازییان هەیە لەڕووی گەیشتنیانەوە بە پلەی ئیرشادی موتلەق، بۆیە ئەو کەسایەتییانەی گەیشتوونەتە پلەی ئیرشادی موتلەق لە سەرەتاوە ئاماژەیان پێدراوە ، بە نمونە ( مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، شێخ عوسمانی سیراجوددین، شێخ موحەممەد بەهائوددینی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجوددیین ، شێخ عومەری زیائوددین )، بەلاٚم یەکێك لە خەلیفەکانی مەولانا بەناوی (شێخ موحەممەد حافزی ئۆرفەلی ) مەولانا ئیجازەی ئیرشادی موتلەقی پیٚ بەخشیوە، تەنانەت لەتەك مەولانادا سەفەری هیندستانی کردوەو لەگەڵیدا ماوەتەوە ، تا سەفەری مەولانا بۆ شام ئیتر نەگەڕاوەتەوەو لەویٚ کۆچی دوایی کردوە ، بەلاٚم بە شێوازێکی سەربەخۆ باس نەکراوە ، لەنگی نییە بۆ کەسایەتییەکی وەك مەولەوی کە نەگەیشتبێتە ئەو پلەیە بە بەڵگەی ئەم چەند دێڕە شیعرە کەلە (عەقیدەی **مرضیە**) دا ئاماژەی پێئەدات :

عیلمی ئەفواهی و قالی و ئیستیدلال
عیلمی ئیلاهی و کەشفی و زەوقی و حال
عەمەلی خودسەر دەگەڵی ئوستاد
(کیف استویا یا اهل الرشاد)
بۆ جۆگەی عیلم و بۆ نەقدی عەمەل
مەنبەع و کانن ئەولیای کومەل
لەوێوە نەویٚ جۆگە هەر لێڵە

نەقــدی کان نەویٚ لە ڕەواج وێـــــڵە
ئیسباتی مەتڵەب ، صەد لێت زەحمەتە ،
ئاخــر هەر موحتاج وە کەرامەتـــــــــە (5)

بەڵیٚ مەولەوی ئەیەوێت ئەوە بڵێت بە بیٚ دەستگرتنو ئیرشادی مامۆستای ڕۆحی هەرگیز دڵو دەروون پاك نابێتەوەو مورید ناگاتە پلەی (یقین)، پرسیار دەکاو خۆشی وەڵام ئەداتەوە، بەوەی ئایا کاری ئێمەی مورید دەگاتە ئاستی مامۆستای ڕۆحی، بێگومان نەخێر لــــە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوە، چونکە ڕوونی ئاوی جۆگە لە سەرچاوەکەیەتی، ئەگەر جۆگەش لێڵ بوو بێگومان هی سەرچاوەکەیەتی، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە مەولەوی نەگەیشتۆتە پلەی ئیرشادی موتڵەق، مەبەست لە هێنانی ئەم بەڵگەیە ڕەچاو کردنو پشتڕاستکردنەوەی ئەو پێشو دوا خستنەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە کە لە بەرهەمەکەدا پەیڕەوی کردووە، ئەم شێوە نوسینەش گرنگیو تایبەتمەندییەکەی لێرەکاندا دەرئەکەوێت، گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەم بەرهەمەو بەرهەمە مێژووییەکانی وەك (**وفيات الاعيان** )ی ئیبن خەلەکان ،(**البداية والنهاية**)ی ئیبن کەسیر ،(**سير اعلام النبلاء**)ی زەرکەلی، (**الكامل فى التاريخ** )ی ئیبن ئەسیر، (**شذارات الذهب**)ی ئیبن و عیمادی حەنبەلی ، دەبینین بەرهەمی (یادی مەردان) جیاوازییەکەی لەوەدایە تەرخانکراوە بۆ یادی ئەو مەردانەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بوون، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئاماژە بدەمە شێوازی نوسینی هەر یەکێك لەم بەرهەمە مێژووییانە:

ا . بەرهەمی (**وفيات الاعيان** )ی ئیبن خەلەکان بە پێی پیتە ئەبجەدیەکان ڕیزبەند کراوە، نێر بێت یاخود مێ، باسی لایەنی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئەدەبی ئەو سەردەمەی کردووە ، بە تایبەتی لایەنی ئەدەبی گرنگی پێدراوە .

ب . بەرهەمی (**البداية والنهاية**)ی ئیبن کەسیر بە شێوازی ساڵ بۆ ساڵ ئامادە کراوەو نوسراوە، بۆ نمونە ساڵی (450، 500) کۆچی هەر ڕووداوو گۆڕانو وەرچەرخانێك ڕوویدا بێت تایبەت بووە بە ماوە زەمەنییە، گرنگی دراوە بە زۆربەی بوارەکانی ژیان .

ج . بەرهەمی (**سیر اعلام النبلاء**) ی زەرکەلی بە پێی پیتە ئەبجەدییەکان ڕیزبەند کراوە،

و. بەرهەمی (**الكامل في التاريخ** )ی ئیبن ئەسیر بە شێوازی ساڵ بۆ ساڵ ئامادەکراوە ، پەنجە ئەخاتە سەر زۆربەی بوارەکانی ژیان لەو سەردەمەدا ، بەلأم لایەنی ئەدەبی گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە.

ه . بەرهەمی ( **شذرات الذهب** )ی ئیبنو عیمادی حەنبەلی بە پێی پیتە ئەبجەدییەکان ڕیز بەند کراوە ، تێید ئاماژە دراوە بەو کەسایەتیانەی زانا بون لە (نحو ، صرف ، بلاغە ، مەنتیق ، فەلسەفە ، هتد ) .

بەرهەمی (یادی مەردان ) ریتمێکی تایبەتو شێوازێکی سەربەخۆی تێدا پەیڕەو کراوە، هەر وەك لە سەرەتاوە باسمان کرد کەسایەتیە ناوبراوەکانی ئەم بەرهەمە سەر بە ڕێبازی نەقشبەندین، لایەنی ئەدەبی زیاتر ئاوڕی لیٚ دراوەتەوە ، پیٚشو دواخستنی کەسایەتیەکانیش بە پێی گەیشتنیان بووە بە پلەی ئیرشادی موتڵەق ، ئیدی ئەم جۆرە نوسینە دەچێتە خانەی پەیڕەویی کردنی شێوازێکی نوێی نوسین لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە پێوەستە بە ناوهێنانی ئەو کەسایەتیانەی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندین ، لەگەڵ ئەوەی لە بەرگی یەکەمی بەرهەمەکەدا ئەو چوار چێوەیە بەزێنراوە ، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە لاپەڕە (85)ی بەرگی یەکەمدا باس لەو خەلیفانەی مەولانا ئەکات کە کورد نین، بە شێوەکی کورت لە ژیانو هەڵسو کەوتیان ئەدوێت ، خۆزگایە بە شێوەکی سەربەخۆ باس بکرانایە، لە بەرهەمەکەشدا تەنها باس لەو کەسایەتیە دیارانە کراوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە ئیرشادکردنی خەڵکیدا ،هەروەها گرنگی دراوە بە گشت لایەنەکانی ئەو کەسایەتیانە .

هۆکاری ڕیز بەندکردنی بەم جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستای خوالێخۆشبو پەیوەندییەکی ڕۆحی پتەوی هەبووە بە ڕێبازی نەقشبەندییەوە، هەروەها ویستویەتی بە نوسینی ئەم بەرهەمە پاداشتی هەموو ئەو چاکانە بداتەوە کە شێخەکانی بیارە پێشکەشیان کردووە بە تایبەت شێخ عەلائوددینو شێخ عوسمان سیراجوددین، یەکێکی تر لە هۆکارەکان زۆربەی ئەو زانیاریانەی لەم بەرهەمەدا ئاماژەیان بۆ کراوە پارێزراو بوون لە گەورەترین شوێنگەی زانستو زانیاری لە کوردستاندا ئەویش کتێبخانەی بیارەی ئەوکات بووە.

تەسەوف یەکێکە لە هۆکارە بەرزەکانی دەوڵەمەند بوونی ئەدەبی کوردی، ڕێبازێکی گەورەی وەك ڕێبازی نەقشبەندی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە سەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کۆمەڵێکی زۆر لە نێوداران لە گشت بوارەکاندا ئاشتایەتییان دەگەڵ ئەم ڕێبازەدا پەیدا کردووەو شانازییان پێوە کردووە، بۆتە هۆیەکی کاریگەری دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی سۆفیگەری بە خوێنەرانی کورد، هەروەك دەبینین سۆفیگەری یان سۆفیزم کاریگەری گەورەی لەسەر ئەدەبیاتی فارسو عەرەب کردووە، لەم ڕوانگەیەوە تەسەوف هۆیەك بووە بۆ شیعر گووتن بە زمانی کوردی وەك لە شیعرەکانی مەولەویو مەحویدا ڕەنگی داوەتەوە، گەر موریدانی ئەم ڕێبازە چاویان لە جەلالوددینی ڕۆمیو حافزی شیرازی بکردایە ئەبوونە خێرو بەرەکەت بۆ ئەدەبی کوردیو وەرچەرخانێکی گرنگیان لەم ڕووەوە ئەنجام دەدا، گەورە موریدانی ئەم ڕێبازە بە زمانەکانی عەرەبیو فارسی شیعریان چنیوە، مەولەوی (1221 ، 1300) وەك یەکێ لە زانا پایەبەرزەکانی کورد کە بە شیعر توانیویەتی گوزارشت لە زانستە ئیسلامییەکانی وەك کەلامو عەقیدەو فەلسەفە بکات، شیعرەکانی چەندین ڕەهەندی دوورو قوڵیان هەیە ،ئەگەر ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەڵنەستایە بە شرۆڤەکردنی ئەو بەرهەمە شیعریانە ئەوا لە لێواری فەوتانو لە ناوچون نزیك دەبونەوە، نوسینی ئەم بەرهەمە بەم شێوەیە زانیاری دەداتە خوێنەری کوردو ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەم کەڵە پیاوانە لە مەیدانی خزمەتکردندا بونو ئێمەش بە ئەمەكو وەفاوە ژیانو هەوڵ وتێکۆشانیان دەکەینە سەر کاغەزو لە فەوتان ڕزگاریان دەکەین ، ئەگەر پشتاو پشت زانایان سەردەمو بارو گوزەرانی خۆیان بکردایەتە سەر کاغەز ئەوا وەك ئاوێنەی بالاّ نما هەموو شتەکان وەك خۆیان تۆمار دەکرانو وەچە بە وەچە مێژوی ڕاستەقینەیان بەرەو هەورازتر دەبرد، یەکێك لەو زاتە مەزنانەی ڕەچاوی ئەم خاڵەیان کردوە زانای پایە بەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە ، بەڵێ ئەتوانین بڵێین باسکردنی ئەو کەسایەتیانەی لەم بەرهەمەدا ناویان هاتووە تەنها مەبەست لێیان نرخ و بەها دان بووە بە ڕێبازی نەقشبەندی .

مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە بەرهەمی(یادی مەردان) دا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و گەورەیی ئەم زاتە

،گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستانەوە بەرەو زێدی خۆی نیشانەی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئایینی مەزن بوو، گەلێك لە زانایانی ئەو سەردەمە بوونە موریدی ئەم ڕێبازە نوێیەو بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە کوردستانو ناوچەکەدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی دیاری مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەڵێ گەورەیی ئەم زاتە پاڵی بە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە ناوە بۆ تەرخانکردنی یەك لە دوو بەرگی بەرهەمەکەی، مەولاناشی بە مامۆستای ڕۆحی خۆی لە قەڵەم داوەو لە بەرهەمەکەشیدا پەنجەی خستۆتە سەر سەرجەم ژیانی مەولانا هەر لە بنو بنەچەی مەولاناوە بۆ پێگەیشتنیو دواتر گەڕانە زانستییەکانی، تا دەگاتە وەفاتیو جێ نشینەکانی، بەرهەمو نامەکانی، وەك چۆن ئیبن کەسیر لە بەرگی (14) ی (**البدایة والنهایة** )دا گرنگی داوەتە مامۆستاکەی کە ( ئیبن تیمیە)یە(6) ، بەرگری لە هەڵسوکەوتو کارو گوفتارەکانی دەکات، پەنجە دەخاتە سەر ڕۆڵەکانی لە بواری ئایینیو سیاسییدا .

تایبەتمەندی بەرهەمی (یادی مەردان ) ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەوەدایە تەنها باسی لەو کەسایەتیانە کردووە کە ئاگری ڕێبازی نەقشبەندییان خۆش کردووەو بوونەتە پێشەنگی ئەو کاروانە، بەشێوەی یەك لە دوای یەك باسی لە ژیانو ڕۆڵی ئەو زاتە مەزنانەی کردووە، بەڵێ بە گرنگ زانینی ڕۆڵی مەولانا خالیدی نەقشبەندیو تەرخان کردنی یەك لە دوو بەرگی بەرهەمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مامۆستای خوا لێخۆشبوو هەوڵو ماندوبونێکی زۆری ئەنجام داوەو زانیاری زۆری لەم ڕووەوە دەست کەوتووە، بەرهەمەکانی مەولاناو ئەو بەرهەمانەی لە ستایشی پێگەو ڕۆڵی ئەودا نوسراون هۆکارێکی سەرەکی بوون لە تەرخانکردنی ئەو پانتاییە بەرفراوانە وەك لە بەرهەمەکەدا ئەیبینین، لەو بەرهەمانەی مەولانا نوسیونی( شەرحی مەولانا لە سەر (**إطباق الذهب**)ی زومەخشەری، **جالیة الاکدار فی تقلبات الامصار، جلاء الاکدار و السیف البتار بالصلوة علی النبی المختار**، نامە کوردیو عەرەبیو فارسییەکانی، دیوانی شیعری مەولانا لە ساڵی (1844) لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە...) ، لەو بەرهەمانەی لە وەسفیدا نوسراون، لە بەر زۆرییان چەند دانەیەکیان دەنوسین (**المجد التالد علی روضة مرثیة مولانا خالد، سل الحسام الهندی لنصرة مولانا خالد**

**النقشبندی، النشر الوردی باخبار مولانا خالـد النقشـبندی الكـردی، ريـاض المشـتاقين، الفيوضـات الخالديـة** ) ( 7) ، جگـه لـەو بەرهـەمـه مێژووییانـەی ئاماژەیـان داوه بـه پێگەو ڕۆڵی مەولانا ( **الاعلام ، قاموس الاعلام، منتخبـات التـواريخ، معجـم المـولفين ، مشاهير الشرق ، مشاهير اكرد وكردستان** )، هەموو ئەمانه هۆكاربوون بۆ نوسینەوەو داڕشتنی ژیانو خوڕەوشتی، چۆنێتی وانه وتنەوەی به فەقێیان، ئیرشادكردنی بۆ موریدو مەنسوبەكانی .

له ئەنجامی تەماشا كردنی بەرهـەمی (یادی مـەردان ) ئەوەمان لـــیٚ وەدیار ئەكـەویٚ ، سـەرجەمی ئـەو سالآنەی تۆماركراون لـەم بەرهەمـەدا سالّی عـەرەبین واته كۆچین ، ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەم بەرهەمـەی تێدا لـه دایك بووه، ناوهێنـانی سـاڵەكانیش به عـەرەبی تـەنها بـۆ بـه پیرۆز ڕاگرتنـی ئـایینی ئیسلام بووەو بـەس، ئـەكرا بـه شـێوازێك لـه شێوازەكان ساڵه عەرەبیـەكان لەتـەك ساڵه میلادیەكان بەراورد بكرانایـه، دەگـەڵ ئەوەی لـه چـەند شـوێنێكدا سـاڵەكان كراونەته سالّی زایینی (عیسایی) واته (الميلادی).

3– یـەكێكی دی لـه تایبەتمەندیـەكان لـه دوای تەماشا كـردنو تێڕامـان لـه بەرهەمەكه ئەبینین باس له لایەنی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتی تێدا نەكراوه، به تایبـەت لایـەنی سیاسـی، چونكه ڕۆژگاری لـەدایك بوونی ئـەم بەرهەمـه لـه سـەردەمی ڕژێمـی فاشـیزمی بەعسـدا بـووه، باسـكردنی لایـەنی سیاسـی لـه بەرهـەمێكی ئـاوادا ئەسـتەم بـووه، دەگـەڵ ئـەوەی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو ئاگاداری هـەموو ئـەو وەرچـەرخانه سیاسیانه بووه كه لـه بزوتنـەوەی ڕزگـاری خوازی گەلی كورددا ڕوویانداوه ، هەر له سـەردەمی شێخ مـەحمودی نـەمرەوه تا دروست بوونی جمهوریەتی كوردستان له سەر دەستی قازی موحەممەد، دواتر شۆڕشـی ئـەیلول لـه سـەر دەسـتی مـەلا موسـتەفای بـەرزانی، خـۆی بـه هـەموو شێوەیەك لەم باسانه به دوور گرتووه، بەلآم لـه بەرگی دووەمی بەرهەمەكەدا لـه باسـی شـێخ بابـه ڕەسـوڵی بێدەنیدا كۆمەڵـه شـیعرێكی هێنـاوه باس لـه لایـەنی سیاسی ئەكات لەو سەردەمەدا، زۆر حەكیمانه ئەو شیعرانەی ئاماده كردووه، به پێویستی ئەزانم هەندێك لەو دێڕه شیعرانه به نمونه بهێنمەوه كه شێخ بابه ڕەسوڵ نوسیونیو مامۆستاش له كتێبەكەیدا تۆماری كردووه :

ناتیقەی حاڵی وەتەن دەرسی وەتەن تەقریر ئەکـــــا
کاتبی دڵ حەرفەکانی یەك بە یەك تەحریر ئەکـــــا
گفتو گۆیەکی خۆش و پڕ مـــــەغزە دایم دێتە گوێم
وا ئـــــەزانم هاتیفێکی غەیبیــە تــەفسیر ئەکـــــا
پێم ئەڵێ بۆ غەم ئەخۆی سوڵتـانی سەییاسی وەتەن
هەر بە قانوونی مەحەببەت دوژمنی تەسخیر ئەکـــا
عاقیبەت میعمــاری فیکری ئیتتیفاقی قەومی کـــورد
دارولئیحسانی بیلادی کــوردەکان تەعمیر ئەکـــــا
سیلسیلەی کـــاکۆڵی ئاڵۆزاوی مەحبووبەی وەتــەن
وابزانە زوو بە زوو وا عاشقی خۆی زنجیر ئەکـــــا
خزمەتی خاکی وەتەن فـەرزێکی عەینە بۆ هـــــەموو
داخڵی ئەم حوکمەیە کێ فەرقی جوان و پیر ئەکـــا

دواتر دەڵێ:

بۆ دیفاعی زەهری ماری دوژمنی خـــاکی وەتـــــەن
سەر تەبیبی مەعریفەت تەرتیبی شـــەکرو شیر ئەکـــا
ڕۆژو شەو بۆ پاسی نـــامووسی وەتەن ئینسانی کورد
سنگ بە قەڵغان و سوپەر بۆ نـــــووکی شیرو تیر ئەکـا
هەر کەسێ فکـــــری مەزاری بــــاوك و باپیری هەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خـــاکی خۆی چلۆن تەقسیر ئەکـا
بۆ نیشـــــــاندانی میســـالی پاڵەوانی قەومـی کورد
ئاوی کـــوردستانە عەکسی شێری نەڕ تەسویر ئەکا

بەم دێڕە شیعرە کۆتایی بە قەسیدەکەی هێناوە:

کەعبە کەچ نابێ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێی بڵێن واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکـا

نووسینی ئەم چەند دێڕە شیعرە ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد ساڵ لە مەوبەر، شێخ بابە ڕەسوڵ بۆ مەلا موحەممەدی وانی نوسیوە کە لەو سەردەمەدا نەفی

کراوە بۆ شاری وان، ویستویەتی بە نوسینی ئەم چەند دێڕە شیعرە دڵنەوایی بداتەوە، هەروەها باسی لایەنی سیاسی ئەکات لەو سەردەمەدا کە خەلیفەکانی عوسمانی تەنانەت ناو هێنانی کوردستانیان بە کوفرو لە دین دەچوون زانیوە .

لە جێیەکی دیکەدا هاتووە:

هەر کوردە عوشرەتی نەمـا بێ
هەر کوردە بەزمی بێ سـەدا بێ
پیاوێ بە ڕەواندزی ئەفـەرموو:
(ئەم مەسەلە کو دەبێ وەها بێ )
عالـەم لە سەعادەتا دەژی گشت
هەر کوردە حەیـاتی لێ بڕا بێ
دنیا هەموو عەیش و نۆشە تەنها
هەر مەحفەلی کوردە بێ سەفا بێ
قاننونی تەزەللومە ئەفــەرموێ:
ئەم کوردە لە ژێر ئەسارەتـا بێ

<u>لە کۆتاییدا بە ئومێدەوە دەڵێ:</u>

ئیمانی هەیە ئەگەر بە ئایــەت
ئەم کوردە هەموو ئەبێ برا بێ
بورهـانی موفەککیراتی کوردی
بێ شوبهەیە بێ نەتیجە نـابێ

کەسایەتیە ناوبراوەکانی بەرهەمەکە هەر یەك بە پێی تواناو بەهرەی خۆیان قسـەیان لـە سـەر کـراوە، هەموشـیان پایـەی بـەرزیان هـەبوە لـە ڕووی سۆفیگەرییەوە، پێم باشە پەنجە بخەمە سەر لایەنە دیارەکانی هەندێك لەو کەسایەتیانە:

1. مەولەوی دەگەڵ ئەوەی پایەیەکی گەورەی هەبووە لە تەسەوفدا، وەك شاعیرو کەلامی نیشان دراوە .

2. کەسـایەتی نەخوێندەواریشـی تیدایـە وەك (سـەید شـاکەرەمی تـاوەگۆزی ) بەڵام وەك موریدو مەنسوبێکی ڕێبازی نەقشبەندی ناوبراوە,

3. (شێخ نەبیی ماویلیی ڕەواندوزی) وەك خۆشنوسێکی بە ناوبانگ ناوبراوە .

4. (مەلا ئیبراهیمی بیارە ) وەك سوارچاکێکی زانستی بەلاغە ناوبراوە.
5. (سەید حەسەنی چۆڕی) وەك مامۆستایەکی خزمەت گوزار ناو براوە .
6. (مەلا عەبدوللّای پەسوێ) وەك زانا بە زانستەکانی (ڕیزیات، مەنتیق، کەلام، حیکمەت..) باسکراوە.
7. (شێخ سەلیمی تەختەیی) وەك زانا بە زانستی عەروز ناوبراوە.
8. (شێخ بابە ڕەسوڵی بێدەنی) وەك شاعیرێکی بیرو هەست ناسكو کوردپەروەر ناوبراوە .
9. هەندێکیشیان وەك مەلاو کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناوبراون .

## دووەم: تایبەتمەندی بەرهەمی (یادی مەردان) لە ڕوی فیکرییەوە

### ا. لە ڕوی زانستی کەلامەوە :

گەر بەراوردێك لە نێوان بەرهەمی (یادی مەردان )و بەرهەمە مێژووییەکانی دیکە بکەین، ئەبینین بەشێکی زۆری بەرهەمە مێژووییەکان گرنگییان داوەتە هەموو ئەو کەسایەتیە جۆر بە جۆرانەی لە مەیدانی زانستە ئیسلامیەکاندا ڕۆڵیان هەبووە، بە تایبەتی لە زانستی کەلامی ئیسلامیدا (8)، زانستی کەلامی ئیسلامی باس لە چەسپاندنی بیرو باوەڕی ئایینی ئەکاو بەرپەرچی گومانەکان ئەداتەوە بە بەڵگەی ئەقڵی، هەروەها باسیان لە هەموو ئەو ڕێبازانە کردووە کە کەسایەتیەکان شانازییان پێوە کردوە و هەوڵی سەرخستنیان داوە، بەڵام لە بەرهەمی (یادی مەردان )دا تەنها پەنجە بۆ لای ئەو کەسایەتیانە درێژ کراوە کە سەر بە گرووپی ئیسلامی ئەشعەرین، ئەشعەرییەکان شوێنکەوتووانی ئەبولحەسەنی ئەشعەریین ( 9)، واتە ئەو (33) زاتەی لە بەرهەمەکەدا ناویان براوە سەرجەمیان لەم گرووپە کەلامییەن، هیچ یەکێك لەو کەسایەتیە ناوبراوانە شوێنکەوتەی گرووپێکی ئیسلامی تر نەبوون، لەو گرووپە ئیسلامیانە (موعتەزیلە*،مورجیئە* ، جەبرییە* ماتریدییە*) . کورد لە کۆنەوە تا ئێستا خۆیان بە شافیعی مەزەب زانیوە، واتە شوێنکەوتەی ئیمامی شافیعین، زانایانی کوردیش هەمیشە پێ داگرییان لە سەر چەمکی تەقلید کردوە خۆیان لە تەلفیقو بێ مەزەبیەت پاراستووە، بەڵام لە بەر کارئاسانی جار جارە پەنایان بۆ

مەزەبەکانی تر بردووە، گەر مەلایانە قسە بکەین هەموویان ئەشعەری بوون بە عەقیدەو شافیعی بوون بە مەزەب، بە پێچەوانەوە بەرهەمە مێژووییەکانی دی ئەم ڕیتمەیان ڕەچاو نەکردوە، وەلێکان ئاماژەیان داوەتە کەسایەتیە دیارەکانی سەرجەم گرووپە ئیسلامیەکان، بەڵام ڕەچاو نەکردنی لەم بەرهەمەدا خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندییەکی گەورەیە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەم شێوازە نوسینە خەسلەتێکی بەرزی نوسینی نیشانی خوێندەوارانی کورد داوە
.

**ب. لە ڕوی سۆفیگەرییەوە:**

سۆفیزم کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر ئەدەبو کلتورو فەرهەنگی کوردی، چونکە هەر لە ڕێگەی سۆفیزمەوە چەندین زاراوە خۆیان ئاخنیە ناو فەرهەنگی کوردییەوە، بونە هۆی دەوڵەمەند بوونی ئەدەبی کوردی، سۆفیزم بەو پێیەی ئەچێتە خانەی فەلسەفەی کرداری (الفلسفە العملیە)، هەروەها فەلسەفەیەکی ئەخلاقیشە، پێوەستە بە ناخو کرداری شوێنکەوتوانییەوە، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دروستە، مانای خاوێن بوونەوەی دڵو دەروونەکانە لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، مانای گەڕان بە دوای خودو کردنەوەی گرێ کوێرەکانی بەردەم گەیشتنە بە خودا.

خوێنەر لە کاتی تەماشاکردنی بەرهەمی (یادی مەردان)دا وا هەست ئەکات لە ناو ڕێبازی نەقشبەندیدا دەژی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا تایبەتمەندییەکی ناوازەیە، وەك سەرچاوەیەکی ڕوون ئەتوانی زانیاری لێ وەدەست بخەی، گەورەییشی لەوەدایە لە بەرگی یەکەمی بەرهەکەدا باسێك بە ناوی (تەریقەتی نەقشبەندی) ( 11) تۆمار کراوە ، کۆمەڵێك زانیاری زۆر بە نرخی تێدا باس کراوە، گرنگی دراوەتە ئادابی مورید، هەروەها پێوەندی مورید بە مورشیدەکەی، بەم بۆنەیەوە باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، دواتر پەنجە بۆ لای سرووتە ئایینیەکانی ڕێبازی نەقشبەندی درێژ کراوە، پڕاو پڕە لە زانیاری دەربارەی شێوەو شێوازی خەتم لای باوەڕیارانی ئەم ڕێبازە، مەبەست لەو زانیاریانەی باسمان کرد ئەوەیە ئەم بەرهەمە نوسراوەیەکی تایبەتە بە ڕێبازی نەقشبەندی، مەبەستیش لە نوسینی نرخو بەها دان بووە بەم ڕێبازە، بەم شێوەیەش ئەچێتە خانەی داهێنانەوە، ئەوەی جێی سەرنجە پێش مەولانا

خالیـدی نەقشـبەندی کەسـایەتی وەك(  بابـە تـاهیری هەمـەدانی، جـەزیری ، ئەحمەدی خانی ، فەقێ تەیران) سۆفی بوون ، بە بەڵگەی شیعرەکانیان ،بەڵام لە چوارچێوەی ڕێبازێکی سۆفیزمی دیاری کراودا نەبوون، بەڵکو تەنها کاریگەری تەسەوفیان بە سەرەوە هەبووە، توانیویانە زۆر لە چەمکە سۆفیگەریەکان بهێننە نـاو شـیعری کوردییـەوە، بـەڵێ نـاوبراوانی بەرهـەمی (یـادی مـەردان ) سـۆفی مەشرەب بوون، لەلایەنی شیعریشەوە زۆربەی شیعرەکانیان باس لە بنەماکانی تەسەوف و پێوەندی نێوان موریدو مورشید کراوە، تایبەتمەندیشی لێرەکانەوە دەرئەکەوێت .

گەر کاریگەری تەسەوف نەبوایە ئەدەبی سۆفیگەری کوردی زۆر لە ئێستا دەست کورتترو داماوتر ئەبوو، یەکەم پەخشانی کوردی بە  دەستی مەولانا نوسراوە، ئەوەتا  مەولەوی لە پێشەکی (عەقیدەی مرچیە) دا دەڵێ بە پێی فەرمانی شێخ عەبدوڕڕەحمان کوڕی شێخ عوسمانی سیڕاجوددین ئەم بەرهەمە شیعرییەم هۆنیوەتـەوە، ئەمـەش دەقـی وەرگێـڕدراوی ئـەو نوسـراوەیە کـە مەولـەوی نوسیویەتیەوە بە زمانی فارسی (عەقیدەی مەولەوی نوسرایەوە  بە دەستی کەسێکی دووچاری ئازارو مەینەت، بە پێی ئەمری (ابوالوفا) (11) ، هەروەها بەرهـەمی (الفچیلە ) بە پێی فەرمانی شێخ بەهائوددین هۆنراوەتەوە، ئەوەتا دەڵێ:

**أمـــرنی بنظمها وحـــــالی**

**تعللت من حسن الامتثـــــال** (12)

بە ڕاستی خزمەتێکی گەورەو مەزنی پێشکەش بە ئەدەبی کوردی کردووە، یەکێکی دی لە بەرهەمەکانی مەولەوی نامیلکەیەکە دەربارەی دروستی ڕابیتە لە ڕێبازی نەقشبەندیدا بە زمانی فارسی  ،هەروەها شیعرەکانی شێخ عومەری زیائوددین بەڵگەیەکی زیندووی ترن، لە شیعرەکانیاندا چەندین زاراوەی جیا جیایان هێناوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە:

فەقیهی مەدرەسەی  تەوحیدم ئیمڕۆ
فەریدی دائیرەی تەفریدم ئیمـــڕۆ
ڕەزا نابم کە ئەغیار بێنە مەجلیس
کە چەوگانی قەزای تەبعیدم ئیمڕۆ

نی یە بۆ ئەو نیشانە تا بناســـریٚ
بە خۆی من دافیعی تەردیدم ئیمڕۆ
لە تەنزیها نی یە هیچکەس ڕەفیقم
چرای کاروانی ڕێی تەجریدم ئیمڕۆ (13)

گەر بە وردی لە بەرهەمی (یادی مەردان ) بڕوانین ئەبینین چەندین نامەی جۆر بەجۆری تێدایە دەربارەی ڕێبازی نەقشبەندی، بە تایبەت پێوەندی نێوان موریدو مورشید، لەوانە نامەکانی مەولانا لە بەرگی یەکەمی بەرهەمەکەدا (**العقد الجوهری ، آداب الذکر للمریدین ،تبیان المراقبات ،سلسلة رجال الطریقة النقشبندیة** ) (لا454،438 ، 459،458) لە بەرگی دووەمدا چەندین نامەی هاوشێوەی تێدایە لەوانە (وەسیەتەکانی شێخ عوسمان سیڕاجدین بۆ موریدو مەنسوبەکانی ) (لا56 تا73)، هەروەها (3) نامیلکەی شێخ عومەری زیائوددین بە زمانی فارسی (لا212)، هەموو ئەو نامانەی لە بەرهەمەکەدا هاتوون بەڵگەن بۆ نەقشیبوونی ڕێبازی نەقشبەندی لە بەرهەمەکەدا، چونکە نامەکان باس لە پێوەندی ڕۆحی دەکەن لە نێوان مورشید لەگەڵ موریدو مەنسوبەکانی .

## سێیەم : تایبەتمەندی بەرهەمی (یادی مەردان) لە ڕووی ئەدەبییەوە

بە خوێندنەوەی بەرهەمی (یادی مەردان ) خوێنەر ئەگاتە ئەو ڕاستییەی کە لایەنی ئەدەبی بەرهەمەکەی تەنیوە، مامۆستاش بەو پێیەی باڵادەست بووە لەم لایەنەوە توانیویەتی بە شێوەیەکی پڕ بایەخ ئەم لایەنە بڕازێنێتەوە، جیاوازی بەرهەمەکەش لەگەڵ بەرهەمە مێژوییەکان لێرەدایە، دەگەڵ ئەوەی ئەم بەرهەمە لەچاو بەرهەمە مێژووییەکانی دیکەدا بچوکەو کەسایەتی کەمی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی دراوەتە ئەم لایەنە، ئەتوانم بڵێم لە هەندێك بەرهەمی مێژویی زیاتر لایەنی شیعری تێدا بە هەند وەرگیراوە، لە هەردوو بەرگەکەدا زیاتر لە (4000) دێڕە شیعر هاتووە، دەگەڵ تۆمارکردنیاندا مامۆستای خوالێخۆشبو ڕەچاوی زانستی عەروزی کردوە، کەواتە ئەرکی مامۆستا هەر تۆمارکردن نەبووە، بەڵکو مامۆستا توانایەکی بەرزی هەبووە لەم زانستەداو بەرهەمێکی گرنگی لەم پێناوەدا پێشکەش بە قوتابخانەی کوردی کردووە بە

ناوی (بەدیع و عەروزی نامی)، پێم باشە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی قسەکانمان چەند دێڕە شیعرێك بەزانستی عەروز بپێوین :

**اغريتنى ، اخزيتنى والان قد انميتنى**

0//0/0/ 0//0/0/ 0//0/0/ 0//0/0/

**مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلن** (14)

ئەم دێڕە شیعرە لە بەحری ڕەجەزە جۆرەکەشی (الرجز المجزوء الصحيح )ە.

لە شیعرەکانی شێخ سەلیمی تەختەیی دێڕە شیعرێك وەرئەگرین :

**هو مرشد باوانه ومحدد لزمانه ، قمر على فلك العلا** (15)

وا پێویس ئەکا بە شێوازی عەروزی بینوسینەوەو بەم شێوەیە :

**هو مرشدن باوانهى ومحددن لزمانهى ، قمرن علل فلكل علا**

// /0//0 ///0//0 ///0//0 ///0//0 ///0 //0 ///0 //0

ئەم دێڕە شیعرە لە بەحری کامیلە لە جۆری (الكامل الصحيح ) .

سەرەنجام ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو ئەو هۆنراوانەی لە بەرهەمەکەدا هاتوون بە بەحرەکانی زانستی عەروز هەڵکێشراونو بە شێوازێکی زانستی بەرز شیعرەکان کراونەتە سەر کاغەز.

لایەنێکی تری ئەم بەرهەمە ئەو نامانەیە کەلە لایەن کەسایەتیەکانەوە نێردراون بۆ هاوەڵو دۆستو موریدو مەنسوبەکانیان، ئەمەش ئەچێتە خانەی بە ئەرشیف کردنی ئەو نامانەوە بۆ پاراستنیان لە فەوتان، کەواتە مامۆستای خوالێخۆشبو وەك ئەرشیفیستێك ڕۆڵی بینیوە، سەرجەم ئەو نامانەی لە بەرهەمەکەدا هاتوون نێزیکەی سێسەدو هەشتاو سێ نامەیە، تەنها مەبەست لە نوسینەوەیان پاراستنیان بووە لە فەوتان.

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە میهرەجانی مەلا عەبدولکەریمی موردەڕیسدا لە شارۆچکەی کەلار پێشکەش کراوە.**

**سەرچاوەو پەراوێزەکان :**

1. **هەمان سەرچاوە ،بەرگی یەکەم ، لا پەڕە** 4 .
2. **هەمان سەرچاوەی پێشو،لا پەڕە** 4 .

3. هەمان سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە 5.
4. هەمان سەرچاوەی پێشو ، لاپەڕە 5 .
5. عقیدەی مرضیە :سید عەبدولڕەحیمی مەولەوی ،شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، بەغداد ،1988م ،لاپەڕە65 .
6. البدایة والنهایة :ابن الکثیر ،الطبعة الاولی ، القاهرة مکتبة الصفا ،31/14 .
7. یادی مەردان :بەرگی یەکەم ،لاپەڕە 73،72،71 .
8. زانستی کەلامی ئیسلامی: زانستێکی ئیسلامی سەربەخۆیەو باس لە زاتو سیفەتەکانی خودا ئەکات، ئەم زانستە چەندین ناوی لێنراوە لەوانە (الفقه الاکبر ،علم النچر والاستدلال ،علم اصول الدین ، علم التوحید والصفات ).
9. ئەبواحەسەنی ئەشعەری (260،330)ك دامەزرێنەری ئەم گرووپەیە ، لە گرنگترین کتێبەکانی (مقالات الاسلامیین ،اللمع فی الرد علی اهل الزیغ والبدع ).
*موعتەزیلە : دامزرێنەری ئەم گرووپە ناوی وسلی کوڕی عەتایە (80-131)کۆچی ،گروپێکی ئیسلامی ئەقڵگەرابوون، ئەقڵ و مەنتیقیان کردبوە سەرچاوەی بیرکردنەوەیان ، سەرچاوەکانی بیرو باوەڕ بە لایانەوە پێنجە (التوحید ، العدل ، الوعد والوعید ،المنزلە بین المنزلتین ،الامر بالمعروف والنهی عن المنکر)
10. یادی مەردان: بەرگی یەکەم ،لاپەڕە 129.
*مورجیئە: دامەزرێنەری ئەم گرووپە سیاسییە ناوی موحەممەدی کوڕی حەسەنی حەنەفییە ، لە سەردەمی خۆیاندا لەلایەن خەلیفەکانی ئەمەوییەوەڕەواجیان پێدرا چونکە دەستەلأتیان لەو سەردەمەدا بە شەرعی ئەزانی .
*جەبرییە: بەو گرووپە ئیسلامییە دەوترێت کە بڕوایان وابوو مرۆڤ ئیرادەی نییە، و بینینی خوا لە ڕۆژی دواییدا ڕەت دەکەنەوە لە گرنگترین باوەڕیارانی ئەم ڕێبازە (جەعدی کوڕی درهەم - جەهمی کوڕی سەفوان .
*ماتوریدیە: گروپێکی کەلامی ئیسلامی بوون ، دامەزرێنەری ئەم گرووپە ئەبو مەنسوری تاتوریدیە، لە گەلێك ناوچەی جیهاندا باوڕیاریان هەیە بە تایبەت (پاکستان، هندستان ، بەنگلادیش ،چین ) لە ڕووی مەزهەبییەوە حەنەفی مەزهەبن .
11. عەقیدەی مرضیە: لاپەڕە.
12. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 19.
13. یادی مەردان :بەرگی دووەم ،لاپەڕە 168.
14. یادی مەردان :بەرگی یەکەم ،637.
15. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 543.

گۆڤاری نەوشەفەق/ ژمارە 38
مایسی 2006




# ئەحمەد هەردی و
# کتێبی (العروض في الشعر الكردي)

**چەند سەرنجێکی عەروزیانەیە دەربارەی کتێبی**
**(العروض في الشعر الكردي) ئەحمەد هەردی شاعیر**

**(عەروزی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی قورس و گران و سەختە، سا لێکۆڵەر بەوهاسانییە لێی حاڵی نابیٚو، بە ئاسانی ناگاتە حەقیقەتی عەروزی، بۆیە کەمترین کەس توخنی دەکەوێت).**

**د.ئیبراهیم سامەڕایی:**

**پێشەکی کتێبی ( موازین الشعر العربی)** 1967

**(1)**

زانستی عەروز بە سروشت یەکێکە لەو زانستە قورسو گرانو ئاڵۆزو پڕ کونو کەلەبەرانەی کە کەمترین لێکۆڵەر خۆی لەقەرەی دەداو دەرەقەتی دیٚ، هەتا بڵێی زانستێکی قوڵو بێبنە، پێویستیی بەحەواسو حەوسەڵەیەکی زۆرە، نەفەسی دوورو درێژو ئەمسەرو ئەوسەرو تێفکرینی زۆری دەویٚ، خۆخەریککردن پێوەی ماندوییو بێتاقەتی زۆر زۆر هەڵدەگریٚو لەهەمان کاتیشدا پێویستی بە هەوڵو کۆششی بێوچان هەیە، کەم تازۆرێك مایەی ئێشو ئازارە، خوێنەری دەقە شیعرییەکان والیٚ دەکا بەڕاست و دروستیو وەك خۆی بیخوێننەوەو بەدوور بن لە هەڵە، لە سوودەکانی فێر بوونی ئەم زانستە زانینو جیاکردنەوەی کێشە شیعرییەکانە لەیەکتر، شاعیرانی کلاسیکمان بەچاکیو بەباشی وردودرشتی ئەم زانستەیان زانیوەو توانیویانە لەسەر هەریەکێك لەو بەحرە عەروزییانە شیعر دابڕێژن، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان مەلا بوونەو پەروەردەی دەستی مەلا بوونەو شارەزایی تەواویان لە نەحوو سەرف و بەلاغەو عەروزدا هەبووە، سەرباری هەموو ئەمانەش زەوقێکی پان وبەرینی شیعرییان هەبووەو کلتورو ئایینی ئیسلام کاریگەری لەسەداسەدی هەبووەو لەبەر دڵسافو پیرۆزی بەدایم پابەند بوونە بە عەروزی عەرەبی، زۆرێك لە ڕەخنەگران تێڕوانینیان بەرامبەر بە ئەدەب بەگشتیو شیعر بە تایبەتی گۆڕاوەو ڕایان وایە تووشی مەرگ هاتوونو نووزەیان تێدا نەماوە، بەندەش لە لە کوردستانی نویێ ژمارە 540 دا زۆر بە ڕوونی باسم لە مەرگی ئەدەب کردووەو بەکوردیو بەکرمانجی نووسیومە لەبەریەك هەڵوەشانی ئەدەب لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا بەشێکە لەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییە تەکنۆلۆجییەی کەزۆر بە خێرایی ڕۆشنبیری چاپکراوی گۆڕییە ڕۆشنبیریی ئەلەکترۆنی، جەماوەریش ئەم

سەرچاوەیەی ئێستای پێ قبوڵە، ئیدی ئەدەب لەزەتی سروشتیو تایبەتی خۆی لەدەست دەدا، کێشەی سەرەکی ئەدەب تەنها لە تەماشاکردنی تەلەفیزیۆنو کۆمیوتەرو ئینتەرنێتدا نییە، بەڵکو جیهانیەتی تەکنۆلۆجیاو ناجیهانیەتی ئەدەبە، مامۆستا ئەحمەد هەردی ڕەحمەتی لەو پەڕی ئیمان بوونیی بەشیعر کتێبی (**العروض في الشعر الكردي**) نووسیوەو زەمەنی ئێستای بە زەمەنی شیعر زانیوە، ڕەخنەگری میسری دکتۆر موحوممەد عەبدولموتەلیب پێیوایە تائێستاش لە زەمەنی شیعرداینو هونەری شیعرییەت بوون لە تەك گشت گۆڕانکارییەکاندا بووە هەر لە قۆناغی سەرەتایی، کشتوکاڵی، پیشەسازی، تاوەکو قۆناغی تەکنۆلۆجیا هەنگاوی هەڵناوەو خۆڕێکخەر بووە، چونکە شیعر تاقە گوزارشتکەری سروشتی مرۆڤەو پێوەندی ڕاستەوخۆی بە مرۆڤەوە هەیەو هەتا مرۆڤ بمێنێ شیعریش دەمێنێ، سیفەتی نەمریی (**الخلود**) دەداتە پاڵ، هەروەها پێی وایە شیعر لە کۆنو ئێستادا دیوانی عەرەبەو واتە هێشتا لە زەمەنی شیعرداین و مەرگ یەخەی نەگرتووە.

بێگومان هەر زانستێ بگری زاراوەگەلێکی تایبەت بەخۆی هەیە، واپێویست دەکا پێشوەخت هەموو ئەو زاراوانە بەباشی بناسرێن ئەوکات زۆر بە هاسانی ئەتوانیت لەدەرگای بدەییو شارەزایی تێدا پەیدا بکەی، زانستی عەروزیش بەو پێیەی گۆڕینو گۆڕانکاری ئێکجار زۆری تێدایە پێش هەموو شتێك ئەبێ زاراوەکانی بەباشی بناسی، سا ئەوکات زۆر بە هاسانیو بێ هیچ نارەحەتییەك ئەتوانی شیعرو قەسیدەکان بەم زانستە هەڵبکێشیو شیعرە ڕاستو دروستەکان لە شیعرە لەنگو نادروستەکان جیابکەیتەوە، کتێبی (**العروض في الشعر الكردي**) مامۆستا ئەحمەد هەردی کتێبێکی پڕقەدرو بەهایەو بە شێوەیەکی زانستییانەو عەروزییانە گوزارشتی لەم زانستە پڕ پێچو پەنایە کردووە، توانیویەتی تایبەتمەندی بداتە ئەم زانستەو لە عەروزی عەرەبی جیا بکاتەوە، بەلأم ئەم کارەی هەردی بەمانای ئەوە نایەت زانستی عەروز زانستێکی عەرەبی نەبێ، یاخود بڵێین شیعری کلاسیکی کوردی نەچۆتە ژێر کاریگەری عەروزی عەرەبی، بەڵکو کاریگەریی تەواوی هەبووە، لەهەمان کاتیشدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری عەروزی فارسیش، ئیدی لێرەکانەوە توانیویەتی کاریگەری عەروزی عەرەبی لە

سەر شیعری کوردی بدۆزێتەوەو خاڵە جیاوازو هاوبەشو لێکچووەکانی ڕوون بکاتەوەو ڕاڤەی بکا.

یەکەمینجار خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی (100–175ھ) دەرکی بەم زانستە کردووەو چەندین کتێبی بەقیمەتی پێشکەش کردووە لەوانە( **كتاب العروض - كتاب النغم - كتاب الايقاع – كتاب النقط والشكل**)، سەرباری ئەم کتێبە نایابانەش فەرهەنگێکی ناوازەو نازداری هەیە بە نێوی ( **كتاب العين** ) کە بایەخێکی گەورەی زمانەوانی هەیە، پاڵنەری سەرەکیش بۆ دانانی ئەم زانستە دوورکەوتنەوەی شاعیران بوو لە یاساکانی شیعر وتن، لە کتێبی (**التوشيح الوافي والترشيح الشافي في شرح التاليف الكافي في علمي العروض والقوافي**)ی ئیبن حەجەری عەسقەلانیدا هاتووە پاڵنەری سەرەکی بۆ داهێنانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ سەفەرێکی خەلیل کاتێك بەبیابانێکی وشكو برینگدا دەڕوا پیاوێکی دیوە ئەم ڕستەیەی بە منداڵەکەی دووبارە کردۆتەوە (نعم لا نعم لالا نعم لا نعم لالا) یەکسەری پرسیاری لێکردووە ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی لەباپیرانمانەوە وەك تەریکە بۆمان ماوەتەوە، خەلیل توانی ئیستیقرای شیعری عەرەبی بکاو پازدە بەحری لێ هەڵهێنجاو دواتر ئەخفەش بەحرێکی دیکەی دۆزییەوە ئەویش بەحری موتەدارەکە، بەڕای (**ستانسلاس جويار**)ی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (.. دوور نییە خەلیل خۆی بەحرەکانی (**المضارع، المقتضب**)ی دانابێ وەك ئەوەی فرایتاج تێبینی کردووە..) چونکە لەو شانزە بەحرە تەنهاو تەنها سیازدەیان لە شیعری کۆندا بەکارهاتوون، دیسانەوە بەڵگەی هێناوەتەوە بۆ ئەو بازنە عەروزییانەی بەحرەکانیان لەخۆ گرتووەو پێی وایە بازنەی چوارەم کۆمەڵگەلێك تەفعیلەو بەحری هەڵە لەخۆ دەگرێ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی (**نظرية جديدة في العروض العربي: ستانسلاس جويار، ت.منجي الكعبي**، 1996.)، بەهەر حاڵ ماموٚستای زانا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (بەدیع و عەروزی نامی/ لا 77)دا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەر شانزەیانی لە چەند دێڕە شیعرێکدا ڕیزبەند کردووە:

(بسیط)، (تقارب)، (خفیف) و (رجـــز)
(رمل) و (سریع) ئەی برای نەبـــــەز
(طویل) و (مدید)، (مجتث)، (مضــارع)
ئاگا لیّ بوونیان کــاریّکە نافیـــــع
لەپاش ئەمـــــانە جا (مقتضــــب)ە
ئەمیش بـــەحریّکی شیعری عەرەبـــە
ئـــــەمجار (منسرح) جا (متــــدارك)
(کــامـل) و (وافر)، (هـزج)ی نــاسك

بـەڵیّ یـەکیّکی تـر لـەو هەوڵـە دلخۆشـکەرانەی کـەدراون لـە پیّنـاو عـەروزی کوردیـدا بەشی یەکـەمی کتـیّبی (عـەرووزی کـوردی)ی مامۆسـتا نـووری فارس حەمەخانە لە دوتویّی 440 لاپـەڕەدا، یەکیّکە لـە چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لــە ســاڵی 2004، زانایانــەو بالآیانــە لــە وردو درشــتی زانســتی عــەروزی کۆڵیوەتەوەو بە ڕای من باشترینی ئەو کتیّبانەیە کە دەربارەی عەروزی کوردی نووسـراون، بەشـبەحالّی خـۆم چـەندجار بـەدەمیی بەمامۆسـتام ڕاگەیانـدووە ئـەو کتیّبــە بەعــەرەبی بکـاو تـاوەکو دەنگۆیـەکی زۆرتـرو زیـاتری هـەبیّو ڕاکـەی بەپەسـەند زانیـوە، نامـەویّ لیّرەکانـدا هـیچ بلّیّمو ڕاکـەم پشتڕاسـت بکەمـەوە بـەو هیوایەی بەم زووانە خویّندنەوەیەکی تیّرو تەسەل لەبارەیەوە بەئەنجام بگەیەنم.

(2)

## هەردی و کتیّبی (العروض في الشعر الکردی)

شـاعیرانو ڕەخنـەگرانی کـۆن کـۆن کـیّشو سـەروایان (**الـوزن والقافيـة**) بـە دوو ڕەگـەزو بـەهای سـەرەکی هـەر دەقیّکی شـیعرییان دانـاوە، بەتایبـەت کـیّش ڕۆڵـی سەرەکی لە ئەفراندنو جوانیو ڕازاندنەوەی شیعردا بینیوە، (**صابي**) ڕەخنـەگری گەورەی عەرەب ڕای وایە عەرەب لەکۆندا جیاوازی شیعرو پەخشـانیان بـە کـیّش و سەروا کردووەو بەلآم لە ئیّستادا لە ڕیّگەی ڕوونیو ناڕوونییـەوە جیـاوازی لـە نیّوانیاندا دەکریّ، شیعری بەرز ئەو شیعرەیە ناڕوونییـەکی داهیّنانـە لـەخۆبگریّ نەك ناڕوونییەکی پووچ و بـەتالّ و هیچ لەبارانەبووی بیّسـەروبەر وەك ئـەوەی لـە

شیعری ئێستای کوردیدا هەیەو بۆتە دیارده، بۆیە تاوەکو ئەوڕۆکە خوێنەری دەقە شیعرییەکان شیعری کلاسیکیان پێ بەرزترو نایابتره، لێرەکانەوە شیعری کۆن لە ڕووی یاسای شیعری، حەقیقەت، فەزیلەت، لەلوتکەدایە، بەڵێ کتێبی( **العروض في الشعر الكردي** ) مامۆستا ئەحمەد هەردی ڕەحمەتی و شارەزا داینـاوەو یەکێکە لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەمەو ساڵی 2004 لە هەولێر چاپ بلاّوکراوەتەوە لە دوتوێی 218 لاپەڕەدا، بەیەکێ لەو کتێبە عەروزییە ناوازو پڕ سوودانە دادەنرێ کەلە بواری زانستی عەروزدا نووسراوەو لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام دراوه، بیست دانە ساڵی ڕەبەق ئەرك و ماندوویەتی دەگەڵدا کێشاوە سەرەڕای دەردی سەری و لەشبەباری و کاری سیاسی، لێکۆڵەری کورد ناتوانێ لەبواری عەروزدا توێژینەوە ئەنجام بدا بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەم سەرچاوە عەروزییە، بەوپێیەی هەردی شاعیرێکی هەست ناسك و دڵشکاوو بەسەلیقەبووە زۆر بەباشی و سەرکەتووانە ئەم کارە قورسەی ئەنجامداوەو مێشکی دەگەڵدا خەریك کردووه، دەگەڵ ئەمەشدا خاڵی لاوازی تێدایە کەنەدەبوو ڕووی بدایە چ لە ڕووی زمانەوانییەوە، وە چ لە ڕووی عەروزیی و هونەری قەقتیع کردنی عەروزییەوە، دوایی دێمە سەر هەر یەکێ لەو خالاّنەو بەکورتی ڕوونی دەکەمەوە، ئەك کتێبە پێکهاتووە لە پێشەکییەکی دوورو درێژ، چوار فەسڵی سەرەکی لە خۆ گرتووە:

1. عەروز لە شیعری عەرەبیدا (**العروض في الشعر الكردى**).
2. بازنەکان دەکات لە شیعری کوردیدا ( **الدوائر في الشعر الكردى**).
3. دەریا بنچینەییەکان و نابنچینەییەکان (**البحور الاصلية والفرعية**).
4. لە فەسڵی چوارەمدا باس لە بنەماکانی تەقتیع و ئەو حاڵەتانە دەکات کە لە شیعری کوردیدا دروستن (**مبادئ التقطيع أو الجوازات الشعرية في الشعر الكردى** ).

بەپێویستی دەزانم بەکورتی ئاماژە بدەمە ئەو ڕوونکردنەوەیەی هەردی کەلە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەیدا باسی دەکا ( لەسەرەتای لێکۆڵینەوەمدا لەمەڕ ئەم زانستە، لەنیەتمدا هەبوو نمونە بۆ هەر یەکێ لەو کێشانە بهێنمەوە کەلە شیعری کوردیدا بەرجەستە بووه، ئەمەش کارێکی فرە قورس بوو، دەگەڵ ئەوەی ئەبوو ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆتایی هەشتاکاندا بکەوتایەتە بەردەست سەرەڕای تەواوبوونی بەلاّم پێویستی بە ڕێك وپێککردن هەبوو، بەلاّم بارودۆخی سیاسی

وایخواست لە ساڵی 1988 پەیوەندی بکەم بە شۆڕشی کوردییەوە، بۆیە ئاوا دواکەوت.. ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە دەربارەی زانستی عەروزو یاساکانی لە شیعری کوردیدا، بیست دانە ساڵی ڕەبەق بەم شێوەیەو بەدەردی سەری عەودالی کۆکردنەوی کەرەستە بووم تابە جوانیو زانستیانە ئەم باسە بخەمە پێشچاو، لەکاتێکدا خۆم خەریك کردبوو بە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیعرم دەنووسی بەبێ ئاگاداربوونم لەم زانستە، تاقە حەقیقەت ئەوەیە زانستی عەروز کە (خلیل) دایناوە چاوگەیەکی سەرەکی گەلانی ئیسلامو گەلی کوردبووە کەیاسای بۆئەو کێشانە دۆزیوەتەوە.. )، بەڵێ دواتر باس لەوە دەکا کە چەند قەسیدەیەکی هەڵبژاردەی شاعیرانی کوردی بە پێوەرە عەروزییەکان هەڵکێشاوەو لەئەنجامدا نەگەیشتۆتە پێناسی هەندێکیان، (**الزحاف والعلة**) گۆڕانو گۆڕین لەدەقە شیعرییەکاندا کێشی تازە دێننە کایەوەو میللەتان هەریەك بۆخۆیان چمکێکی عەروزیی لێ دەگرنو دەیکەنە زانستێکی تایبەت بەخۆیان، لەشیعری کوردیشدا ئەملاولاو پینەوپەڕۆی زۆری تێدایەو جۆرێ لە زەرورەی شیعری دەخولقێنێ، جارجارەش دەقە شیعرییەکە قەشەنگو جوانو ڕازاوەتر دەکا، ئیستیقراکردن و گەڕانی ورد ئەحمەد هەردی هەڵپێچاوە بۆ تێفکرینی زیاترو سەرەنجام بۆی دەرکەوتووە کە سیفەتی عەروزییانەیان هەیەو لە عەروزی عەرەبیدا بوونیان نییە، دواتر دەپرسێ ئایا ئەم کێشە عەروزییانە لەشیعری کوردیدا هاوشێوەی کێشەکانی شیعری عەرەبییە؟ ئەگەر هاوشێوە بێ ئەی ئەم کێشانە لەکوێوە هاتوون؟ سەرەنجام گەیشتۆتە ئەو ڕاستیەی کەشاعیرانی کلاسیك وەك چۆن کەوتونەتە ژێر کاریگەری عەروزی عەرەبی بە هەمان شێوەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عەروزی فارسی، بەڵگەشمان بوونی چەندین قەسیدەیەکە بە زمانی فارسیو کوردی، گومان لەوەدا نییە گۆرانی شاعیر پێش هەردی کەوتووەو لە سیمینارێکیدا کەلە ساڵی 1961دا لە زانکۆی بەغدا پێشکەشی کردووە لە ژمارە 19ی ژینی 1971 بڵاوکراوەتەوە دەڵێ :( ..شاعیرانی کۆنمان چەند بەحرێکیان لە کێشی فارسییەوە وەرگرتووە )، ئەم ڕایەی گۆران ڕێخۆشکەر بووە بۆ موتالاّ کردنی عەروزی فارسی، لەو پێناوەشدا تەماشای باشترین کتێبەکانی عەروزی فارسی کردووە لەوانە ( **تحقیق انتقادی در عروض فارسي**- د.پەروێز ناتل خانلەری-، فرصت شیرازی، **المعجم في معايير اشعار**

**العجم**)، بەخوێندنەوەیان گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کە شاعیرانی کورد لە ڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە چەندین کێشی عەرزییان ئاخنیوەتە نێو شیعرەکانیان، ڕێگای بەکارهێنانی شیعری فارسیشیان لە گۆڕان و گۆڕین (**الزحاف والعلة**) وەگرتووەو سوودیان لێبینیوە، دواتر وەك ئەمانەتی زانستیو ئەخلاقی دێتە سەر باسی عەروززانانی پێشینی وەك گۆران، شێخ نووری، عەلادین سەجادیو باس لە کارەکانیان دەکاو هەر یەکێ لەوانە وەك سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەکەی حساوی بۆ کردوون.

وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا عەروزی خەلیل هەوێنی گشت عەروزی گەلانی مسوڵمانە، لەهەمان کاتدا بەشی خۆیان لێچرپیوەو جۆرێ لە سەربەخۆییشیان پێداوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە عەروزی خەلیل چاوگەی ڕوونو ڕەسەنی گشتیانە، فارسەکان لە کاتێکدا بەکاریان هێناوە جۆرێ لە خەسڵەتو تایبەتمەندییان بۆ زیاد کردووەو هۆکەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ سروشتی زمانی فارسی، ئیدی ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تۆ ئیش لەسەر تێکدان سەرلێشێواندن بکەییو سەرچاوە ڕەسەنەکە پشتگوێ بخەی، مامۆستا ئەحمەد هەردی زۆرترو زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری عەروزی فارسی نەك عەروزی خەلیل، من وای لێتێدەگەم شارەزایی تەواوی لەسەر عەروزی خەلیل نەبووە ئەگین کارەکانی بەو شێوە بەئەنجام نەدەگەیاند، لەکاتێکدا شاعیرانی کورد ئەوەندەی کاریگەری عەروزەکەی خەلیلیان لەسەرە کاریگەری عەروزی فارسییان لەسەر نییە، سا بەکورتی باس لە خاڵە لاوازەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین:

1. لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم کتێبە بەوپێیەی بە عەرەبی نووسراوە پڕە لە ڕستەی هەڵەو پڵەو لاوازو ڕەکیك کە بە حساو بەڕێز (شاهۆ سەعید) پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کردووە، دەبو زۆر بەهێزتر دابڕێژرایە، زیاتر لە نووسینی نێو ڕۆژنامە دەکا نەوەك نووسینی زانستیو ئەکادیمی، هەڵەیەکی ئێکجار زۆری تێدایە بەتایبەت لە ڕووی نەحوییو تەرکیبەی ڕستەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستە لیستێکم ئامادەکردووە دەیەها هەڵەی لەخۆگرتووەو هەر کات پێویست بکا هەڵەکانو وەڵامە ڕاستەکانیان دەخەمە ڕوو، نەدەبوو ئەو هەڵانە بەهیچ شێوەیەك ڕوویدەن چونکە ئەو کتێبە خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕو عەروززان تەماشای دەکەنو بوونی ئەو هەڵە زۆروزەوەندانە حەیبەیەکی گەورەیە، نەچووە

بچیَ دەکریَ لیژنەیەك یاخود کەسێکی بەسەلیقە لە زمانی عەرەبیدا ئەرکیان پێبسپێردریَو جارێکی دی پێیدا بچنەوە.
2. عەروز لە شیعری کوردیو عەرەبیدا خاڵی هاوبەشو جیاوازیان هەیە، بۆیە کاتیَ شاعیرێکی کورد قەسیدەیەکی نووسیوە ئەو پێیانەی (**تفعیلات**) لەسەرەتاوە بەکاریهێیناوە تاکۆتایی هەمان پیَ (**تفعلة**) بووە، و هەر گۆڕانێکیش بگری کێش دێنێتە بوونو جیاوازی ئالێرەدا ڕوودەدا، لەم فەسڵەدا باس لە بەشەکانی کێشی شیعری عەرەبیو نووسینی عەروزییو بڕگەو بازنەو دەریاکانی ئەم زانستە کراوە، ئەوەی جێی داخە خوێندەواری کورد هیچ فێرنابیَ بەو زانیارییانەی هەردی داویەتی دەربارەی عەروزی عەرەبی، چونکە گوێی بە لایەنی پڕاکتیکی نەداوە، وە لایەنی پڕاکتیکیش بنەمای فێربوونی عەروزە، لە بواری نووسینو ڕێنووسی عەروزیدا یاسایەکمان هەیە دەڵێت ( **ماینطق یکتب وما لا ینطق لا یکتب**) واتە ئەوەی بەدەمی دەوتریَ دەنووسریَ، ئەوەی ناوتریَ نانووسریَ، ئەم جۆرە نووسینە وردترین هەنگاوەکانی فێربوونن، تەنهاوتەنها یەك شێوازی بەکار هێناوە، بۆ نمونە ( قریبٌ) بە نووسینە عەروزییەکی (قریبن/ ب--)، دەگەڵ ئەوەی چەندین شێوازی دیکەی هاسانو سوك هەنە، بۆ نمونە (رسولٌ) بە شێوازەکانی دیکە دەبێتە (رسولن: ب – –، //ه/ه، 221، نعم لا)، مەنزورم ئەوەیە زیاتر ئاوڕی لە لەلایەنی هونەری بکردایەوە، دکتۆر عومەر خەلوف لە کتێبەکەیدا بە نێوی (**العروض العربي: تحدید و تجرید و تجدید**) ڕاشکاوانە بەپێویستی دەزانیَ لێکۆڵەر لەم بوارەدا زیاتر بایەخ بە لایەنی هونەریو جۆری نووسینە عەروزییەکە بدا.
3. دەبوو باشتر لە چەمکە عەروزییەکانی وەك گۆڕانو گۆڕین (**الزحاف والعلة**) بدوایەو بایەخی زیاتری پێبدایە، چونکە ژمارەیان زۆر لەوە زیاترە کە مامۆستا ئاماژەی پێداوەو گۆڕنکارییەکانی شیعریش ئەم دوو چەمکە فەراهەمی دێنن، سەرباری ئەمانەش بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لە (**الظرورات- الظرائر الشعرية** ) نەکردووەو دەگەڵ ئەمەشدا باسێکی زۆر گرنگو پڕ لوغزنو لە شیعری کوردیشدا پانتاییەکی بەرچاویان داگیر کردووە.
4. گەر بە وردی سەرنجو تێبینی لەم کتێبە بدەی لایەنی پڕاکتیکی تێدا فەرامۆش کراوەو ئەرکی خوێنەری کوردی قورسو گرانتر کردووە بەوەی

یەکسەری شیعرەکانی بە تەقتیع کراوی پیشانداوە، لە پێشدا دەقە شیعرییەکانی وەك خۆی نەنووسیوە بە پێچەوانەی کتێبە عەروزییەکانی دیکە.
5. لە عەروزەکەی خەلیلدا بازنە عەروزییەکان( **الدوائر العروضية**) پێنجن ئەوانیش بازنەی(**المختلف، المؤتلف، المجتلب، المشتبة، المتفق**) ، بةلاَم ئةوةی جيَي داخة كشيَنراونء كراونةتة نؤ بازنةء بريتين لة بازنةكانى (**المجتلب، المجتلبة الزائدة المزاحفة، المشتبه المسدسة، تحتوى علي 16 مقطعا ثمانية مقاطع منها قصيرة وثمانية مقاطع متوسطة، المشتبه المزاحفة، المتفق، المختلف، الرجز المخبون، المؤتلف**)، هۆکاری ئەم کارەش کاریگەری عەروزی فارسییەو مەنزروریش لەم کارە فارساندنە نەوەك کارئاسانکردن، لامسەرلایی چۆتە ژێر ئەم کاریگەرییەو نەگەڕاوەتەوە سەر ئەسڵە عەرەبییەکە کەزۆر زانستیترە، دیسانەوە ئەرکی خوێنەری قورس گرانتر کردووەو جۆرێ سەرئێشانو سەر لێشێواندنو تەرەکردنی تێدایە، شاعیرانی کورد زیاتر لەسەر دەریای هەزەجی هەشتی شیعریان نووسیوە، باوترین کێشە لە شیعری کوردیدا، لەبەر ئەوەی بڕگەکانی زۆرو دوورودرێژو ئامانج شکێنە، بۆ نمونە بازنەی (**ألمجتلب**)دا کەسێ دەریا لە خۆ دەگرێ (**الهزج المثمن السالم، الرجز المثمن السالم، الرمل المثمن السالم** ) لەخۆوەو بێ هیچ بنەمایەك دەریایەکی تری هەڵهێنجاوە ( **مفعولات مفعولات مفعولات** ) و نمونەشی بۆ نەهێناوەتەوە واتە لە شیعری کوردیدا بوونی نییە.
6. سەروا ( **القافية**) یەکێکە لەباسە زیندوو گرنگەکانی نێو زانستی عەروزو زۆربەی هەرە زۆری زانایانی عەروز بایەخی تایبەتییان پێداوەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسیان لێوە کردووە، سەروا هاوشێوەی کێشەو پێکەوە گرێدراونو باسێکی فراوانو فرە لقو پۆپە، دیسانەوە سەروا بەو پیتە یان بڕگە مۆسیقییە دەوترێ کەلە کۆتایی هەر قەسیدەیەکدا دووبارە دەبێتەوە بەبێ هیچ گۆڕانێ، بەهەر حاڵ ئەمە باسێکی دیکەیە، هەردی بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی نەداوەتە ئەم باسە لە کاتێکدا قورساییەکی گەورەی هەیەو پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشناسییەوە هەیە، دەکرا بە شێوەیەکی کورتو پوخت باسی لێوە بکردایە، هیچ نەبوایە بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر باسێکی لەبارەوە پێشکەش بکردایە.

**ڕۆژنامەی هاوڵاتی/ ژمارە (346-348)**
**2007/8/15، 2007/8/22**




# نوربەخشی
# شیعرەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجی

نوربەخشی... شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی، مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی ئەرکی کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو پەراوێز بۆ نووسینی گرتۆتە ئەستۆ، چاپی یەکەمەو ساڵی ڕابردوو (2006) لە چاپخانەی شڤان- سلێمانی چاپو بڵاوکراوەتەوە بە تیراژی (2000) دانە، لە ڤێستیڤاڵی شێخی نەمردا خەلاَتی زێڕینی پێبەخشراوە، لێکۆڵەر دوای هەوڵو تێکۆشانێکی زۆرو بەردەوام توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، بالأیانە ئەم نووسینە بە قەدرو بەهایە بخاتە پێشچاوی خوێنەری کورد، کەم کەس لە کۆنو ئێستادا دەرکێکی ئەوتۆیان بەوە کردووە کە مەلیکی کوردستان قودرەتی نووسینی شیعری هەبووە، تەژنەی جیهانی ئەدەب بووەو لەو پێناوەشدا شیعرگەلێکی زۆری هەنە، سا لەم ڕوانگەیەوە مامۆستای زێدە ئەزیزو لە دلاَ شیرینمان عومەر مەعروف بەرزنجی شەوو ڕۆژی لەیەك ناوەو ئەم بەرهەمە نازدارەی پێشکەش بە خوێنەرانی کورد کردووە، زۆر لە مێژە ئەم کارە ئەدەبییە لە مەژگیدا چەکەرەی کردووە تا سەرەنجام بە ئەنجام گەیشتو چاپکرا، (**انما يحيى الانسان على هذه الارض شعريا** ) ئەم گووتەیەی هۆڵدەرلین (holderlin) ی کردۆتە بنەمای کارە زانستییەکەیو کە مرۆڤ لە ڕێگای تەجروبەی شیعرییەوە دەبێتە سیمبول، ڕۆشنفیکرو حەقخواز، بەڵێ حەقیقەتی شیعری مامۆستای هەڵپێچاوە تاوەکو بە شیعرەکانی مەلیك خوێنەر بگەیەنێتە کونهی ئەو حەقیقەتە مێژوویی و ئەدەبیو مرۆڤانەیەی ئەوسا، چونکە مەسەلەی وەدیار خستنی حەقیقەت جا هەر حەقیقەتێك بێ ئایینی، مێژوویی، ئەدەبیو سیاسی کەمترین کەس توانای بەسەریدا دەشکێ، هەتا بڵێی کارێکی قورسو گرانو ئاڵۆزەو پێویستی بە حەوسەڵەو تێفکرینو لێوردبوونەوەو بیری دوورو قووڵو ئامانج شکێنە، سەرەنجام حەقیقەت غایەتە، لە ڕێگای مومارەسەکردنی حەقیقەتەوە دەگەینە ئەو ئامانجە، نەخاسمە حەقیقەتەکەش شیعرییەت بێ، هەنگاونان لەم پێناوەشدا مرۆڤ بەو نهێنییە دەگەیەنێ، ئەم بەرهەمە بەنمونە، دکتۆر (**خليل الموسي**) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە نێوی (**قراءة الخطاب الشعري المعاصر**) کەلە ژمارە (29)ی گۆڤاری (**عالم الفكر**)ی کوێتیدا بلاَوی کردۆتەوە، ڕایوایە شیعر یاخود بڵێین گووتاری شیعری پەیامێکی مرۆڤانەی ڕووتەو جیاوازە لە لە پەیامەکانی دیکەی شیعر نەبوون، گووتاری شیعری فرە ڕەهەندو فرە مانایە، خوێنەر لەکاتو

زەمانەوە دەگەیەنێتە شوێنو مەكان، لە خوێندنەوەی سەرپێییەوە دەگەیەنێتە خوێندنەوەی دوورو قوولْ، ئالێرەدا ڕۆڵو پێگەی خوێنەری شیعر لە گووتاری شیعریدا وەدیار دەكەوێ، چونكە خوێنەر دیاریكەری ماناو ئامانجی دەقە، خوێندنەوەی شیعر وەك خۆی كارێكی هاسان نییە، بەڵكو پڕ لە هەورازو نشێوو قورسە.

شیعرەكانی شێخی نەمر پەرتەوازەنو لە مـلاولا تۆماركراونو لەبەركراون، لێكۆڵەریش بەم شێوەیە باسی دەكا ( ئەم دیوانە خنجیلانەی مەلیكی كوردستان، ئەنجامی هەوڵو سۆراخو گەڕانێكی بەردەوامە، چونكە شیعرەكانی شێخی نەمر پەرەوازەنو تۆمار نەكراون... لەمێژەوە بەم كارەوە خەریكم، دەیان دەستنوسی كۆنم پشكنیوە، چەندین سۆراخم كردووە، بەڵام مەرج نییە ئەم دیوانە سەرجەم شیعرەكانی شێخی نەمر بن، ڕەنگە هەندێكیان فەوتا بن، یان دەس ئێمە نەكەوتوون، بەڵام لەوە دڵنیام زۆربەی شیعرەكانی لێرەدا تۆماركراون..) هەڵبەتە مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی خاوەن تەجروبەیەكی یەجگار زۆرە لە بواری نووسینو لێكۆڵینەوەی شیعریو مێژوویيدا، لەساڵی (1959) ئەوكات تەمەنی پانزە ساڵان بووە یەكەمین بابەتی خۆی لە ڕۆژنامەی (پێشكەوتن)دا بڵاوكردۆتەوە، هەر لە ئاخروئۆخری ئەم ساڵەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بابەتو لێكۆڵینەوەو ڕەخنە ئەدەبییەكانی بڵاوكردۆتەوە، گرنگترینیان ( پێشكەوتن، ژین، هەتاو، دەنگی كورد، ڕۆژی نوێ، دەنگی كوردستان، نووسەری كورد، ڕۆژی كوردستان، برایەتی، بەیان، النور، التاخی، العراق، گولان العربی..)، بەڵێ خاوەن قەڵەمێكی شەریفو بەسەلیقەیە، دایمیش وای خواستووەو ئەخوازێت نووسراوەكانی جێی ڕەخنە بن، لەگرنگترین بەرهەمەكانی تا نهۆ:

- لێكۆڵینەوەو بیلۆگرافیای چیرۆكی كوردی (1978.
- هەڵبزڕكاندن (1978.
- سەرجەمی بەرهەمەكانی مەعروف بەرزنجی شەهید (1993).
- مەحمود خانی دزڵی (2002).
- برایم ئەحمەد لە كارە زانستیو ئەدەبییەكانی پرۆفیسۆر دكتۆر مەعروف خەزنەداردا (2004).

**. گۆرانو ئەدەبی ئینگلیزی** (2006).

**دەگـەڵ دەیـەها بابـەتو لێکۆڵینـەوەو ڕەخنـەی ئـەدەبیو وتـاری سیاسـیو مێـژوویی، هـەر یـەکێکیان بگـری بابـەخی زانسـتیو مێـژووییو ئـەدەبی گرنگـی هەیەو هەناسەدانێکن بە کتێبخانەی کەمدەستی کوردی، لێرەکانەوە وا پێویست دەکا بچینە ناو باسەکەو لە بابەتەکانی ئەم دیوانە شیعرییە بدوێین، تا لانی کەم بەرچاو ڕوونییەك بێت بۆ خوێندەوارانی زێدە ئەزیز.**

**مامۆسـتا عومـەر مـەعروف بـەرزنجی بە پێشـەکییەکی جوانو قەشـەنگو پـڕ بایـەخ باس لـە مـەلیکی کوردسـتان دەکاو ئاوڕێکی مێـژوویی کورتی لـە ژیـانو فەرمانڕەوایەتییەکـەی داوەتـەوە، لـە سـێ کـات و شـوێنی جـوگرافی جیـاوازدا فەرمانڕەوایەتی گرتۆتە ئەستۆ زەمەنییـەتی بە قۆناغی شیعرەکانی بەخشیوەو هـەر دەقـە شـیعرێکیش بگـری هـەڵقوڵاوی ئـەو کـاتو زەمەنـەن، وەك بـاوکێکی جەرگهەڵقرچـاو بـووە بـۆ ڕۆڵـەکانی میللەتەکـەی، لـەم پێناوەشـدا چـەندین جـار تووشـی گیرانو ئەشکەنجەو نەفیکردنو حەپسکردن بۆتـەوە، هـەموو ئەمانـەش بوونەتـە هـەوێنی شـیعرەکانی، دواتـر نووسـەر بـاس لـە بنەماڵـەی شـێخی نـەمر دەکاو کە باوکی (شێخ سەعید) شاعیر بووەو بەرهەمی جوانی لەبەردەستدان، واتـە لـە بنەماڵەیـەکی بـە سروشـت خوێنـدەوارو زاسـتخوازدا چـاوی کردۆتـەوە، لاکردنەوە لە شیعرو ئەدەبیاتی شێخ مەحمودی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ نووسینو باسـکردنەکانی دکتـۆر مـەعروف خەزنـەدار لـە کتێبـی مێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا "وەك سەردارێکی تەریقەتی قادری، پەیوەندی بە شیعرو ئەدەبەوە بەهێز بووە، چـونکە ئـەدەبی کـوردی هەناسـەی بـەهێزو گـەرمی لـە بزوتنـەوەی سـۆفیزم وەرگرتـووە، لـە حوجرەو مزگەوتـەوە چێژی ئەدەبی لای شێخ مـەحمود دروسـت بووە"، بەڵێ داننانە بەوەی کە شاعیرانی کوردزمان پەروەردەی حوجرەو دەسـتی مەلا بوونە، لە حوجرەدا شارەزاییەکی یـەکجار زۆریـان لـە لـە زانسـتە ئیسلامی و زمانەوانییەکاندا پەیدا کردووە، ئەمەش پاڵنـەرێکی کارا بووە بۆ شیعر گووتن، سـۆفیزمو بزووتنـەوە سـۆفیگەریی بۆخـۆی کاریگـەری بەرچـاوی لـە ئـەدەبیاتی گەلانو بەتایبەت ئەدەبی کوردیدا دروست کردووە، سامانێکی ئەدەبی مـەزن و تۆکمەیان بۆ ئەفراندووین، سۆڤ مەشرەبە شاعیرەکانی کوردزمان کاریگـەری فرە بەرزیان لە کلتور و فەرهەنگی کوردی کردووە، هەر لە ڕێـی سـۆفیزمەوە دەیـەها**

زاراوەی تەسەوفو عیرفان تێهەڵکێشی ئەدەبی کوردی بوون، سۆفیزم بەو پێیەی دەچێتەی نێو خانەی فەلسەفەی کرداری (**الفلسفة العملية**)، هەروەها فەلسەفەیەکی ئەخلاقیشە پێوەستە بەناخو کرداری باوەڕیارانو شوێنکەوتووانی، ئیدی تەسەوف لە عانی حوکمڕانی شێخی نەمردا جێی گرنگیو بایەخ بووە، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دروستە بۆ گەیشتن بە خودا، مانای خاوێن بوونەوەی دڵ و دەروونەکانە لە پێناو ڕەزامەندی خوادا، مانی گەڕانە بە دووی خودو کردنەوەی تێکڕای گرێ کوێرەکانە بۆ گەیشتن بە خودا، کورتو مەختەسەر گەر کاریگەری تەسەوف نەبوایە ئەدەبی کوردی پتر لە ئێستا داماوترو کەمدەستر دەبوو.

مەلیکی کوردستان وەك ئەوەی شوێنکەوتووی ڕێبازی قادری بووە تەسەوف جێی گرنگی پێدانی بووە، لە کاتو سەردەمی خۆیدا وەك ئەوەی تێکەڵ بووە بەکاری سیاسی زێدەتر ئاشنا بووە بە ئەدیبانو دانیشتنو کۆڕە ئەدەبییەکان، ئاشنایەتی دەگەڵ زۆری لە شاعیرانی ئەو سەردەمەدا پەیدا کردووە، لەوانە ( حەمدی، ناری، بێخود، ڕەفیق حیلمی، عەلی باپیر ئاغا...)، دواتر لێکۆڵەر باس لە پەرۆشیو بەخەمی شێخی نەمر دەکا لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، یەکێکە لە دیارترین لایەنەکانی ژیانی سیاسی ئەو زاتە، بەدرێژایی فەرمانڕەواییەکەی توانیویەتی بەهاوکاری کۆمەڵگەلێك لە ڕووناکبیرانو شاعیران چوار ڕۆژنامە بڵاوبکەنەوە ئەوانیش ( بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی هەق، ئومێدی ئیستیقلال).

## شیعرو شاعیرێتی مەلیکی کوردستان

شیعرەکانی مەلیکی کوردستان وەك ژمارە زۆرنین، وەلێکان مێژوویەکی پرشنگدارو ڕەونەقداریان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمارکردووە، عومەر مەعروف بەرزنجی بەشێوەیەکی زۆر جوانو ڕێکوپێكو بە کوردییەکی ڕەوان ڕاڤەی کردووە، لەم پێناوەشدا پەراوێزگەلێکی زۆرو زەوەندی لەسەر شیعرەکان نووسیوە، لەلایەن خۆشمەوە بە پێویستی دەزانم سەرجەمی شیعرەکان جێی سەرنجو ڕەخنەبنو ئەو سەرنجو ڕەخنانەش لە بەرچاو بگیرێن، دکتۆر مارف خەزنەدار بەم شێوەیە باس لە شیعرو شاعیرێتی شێخ مەحمود دەکا (لە ڕووی

ڕوخسارەوە شیعری لەسەر سیستمی عەروزی داناوە، لە قافییەشدا هەمیشە لەسەر یەکێتی قافیە ڕۆیشتووە، شیعری بە ژمارەی دێڕ کورتە، لەبابەتی لیریکە، لە شیعردا قەسیدەی پێنجینی هەیە، بایەخ بە چوارینو تاك دراوە، زمانی شیعری شێخ مەحمود ئاسانە، لە سیمبۆلیزمو مانای ژێر وشە دوورە، بەرهەمێکە بۆ زۆرترین خەڵکی ناو کۆمەڵ نووسراوەتەوە)، نووسینی شیعر بە پێی پێوەرە عەرووزییەکان بەئەرکە و هاسان نییە، لە نێو هەر شانزە بەحرەکەی زانستی عەرووزدا بەتەنێ لە سەر دوو دەریا (هەزەج– ڕەمەل) شیعری گوتووە، لە زانستی عەروزدا ئەو دوو دەریایە لە شەش بەشی عەرووزی پێکدێن، دەریای هەزەج:

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن    مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

دەریای ڕەمەل:

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن    فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

بەحرەکانی زانستی عەروز شانزەن، شاعیرانی کلاسیکیش لە سەر پەیڕەوو ڕیتمی عەروزی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی شیعریان نووسیوە، ئەوەتا مەلا عەبدولکەرمی مودەڕیس ڕێك هەر شانزەیانی بە چەند دێڕە شیعرێکی ناسكو نازدار ڕیزبەند کردووە:

(بسیط)، (تقارب)، (خفیف) و (رجـــز)
(رمل) و (سریع) ئەی برای نەبـــــــەز
(گویل) و (مدید)، (مجتث)، (مضــارع)
ئاگا لێ بوونیان کـــارێکە نافیـــــع
لـــەپاش ئەمـــانە جا (مقتضـــــــب)ە
ئەمیش بەحرێکی شیعری عــەرەبـــە
ئــەمجار (منسرح) جــا (متــــــدارك)
(کامل) و (وافر)، (هـزج)ی نـــــاسك

ئەگەر پرسیارگەلیٚ بهروژێن لە بارەی نووسینو داڕشتنی شیعر لە سەر هەردوو دەریای هەزەجو ڕەمەل لە لایەن شێخ مەحمودەوەو پەنا نەبردنی بۆ دەریاکانی دیکەی عەروزی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دوو دەریایە کێشەکانیان سووكو هاسانە زوو خۆی دەدا بە دەستەوە، لە شیعرەکانیدا واقیعی تاڵو خێر لە خۆنەدیوی خۆییو گەلەکەی باسکردووە، لە ڕووی داڕشتنی شیعریشەوە قەوەتێکی زۆری هەبووەو خەیاڵی فرە فراوان بووە، بەکوردیو فارسی شیعری نووسیوە، دیسانەوە لە ڕووی تەرکیبەی شیعرییەوە پابەند بووە بە ڕێبازی کلاسیك، لە شیعرەکانیدا نازناوی (نوربەخشی) لەخۆ ناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ موحەممەد نوربەخشی بەرزنجە.

دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا
(نوربەخشی) ناسرەویٚ مەیلی شەڕو غەوغا ئەکا
ئینتیقامی قەومی لێقەوماو بە حەق دوا ئەکا
ڕۆژو شەو فیکرم لە دنیادا عیلم بەرپا ئەکا

مەلیکی کوردستان زنیاری هەبووە لە بارەی ئایین و مەزەبو بەلاغەی زمانی عەرەبی، پارچە شیعری (شەڕی سورداش) گەواهی ئەم ڕاستییە دەدا:

تا بە ئازادی ئەگەم کوێری ئەکەم چاوی ڕەقیب
شاسواری قەومی مادم میللەتێکی زۆر نەجیب
(أطلب العلم و التوفيق من رب مجيب)
ئایەتی (نصرالله)یە ...تا (فتح قريب)

بە بەڵگەی ئەم دێڕە شیعرەی کۆتایی پێدەچیٚ شیعری عەرەبی هەبووبیٚو بەر شەپۆلی فەوتان کەوتبیٚ، هەر لەم دێڕە شیعرەدا جۆریٚ لە ڕازاندنەوەی لەفزی (المحسنات اللفظية)ی تێدایە ئەویش (الاقتباس)ە واتە لیٚ وەرگرتن، ئەوەیە لە ڕستەیەکدا یان لە سەدرو عەجزی دێڕە شیعرێکدا ئایەتێکی قورئانی پیرۆز

یاخود حەدیسێکی پێغەمبەر (د.خ) تێهەڵکێشی شیعرەکە بکەی، واتە پەنای بردۆتە بەر ئایەتێکی سورەتی سەف (13) (وأخرى تحبونها نصر من الله و فتح قريب).
یان:

عەزیزم من نە (جـــانی)مو نە (زانی)
بەدەردی دەهر گیـرۆدەم بــزانـــی
لە فەحوایی حەدیسی (الفتنه) نیـم
نەکـەی هەرگیـز وەك خۆتم بزانـی

لە پارچە شیعری (شكار)دا نووسیویەتی:
نەقـشـیو سـوورەوەردیو چەشتــیو قــــــادری
ئەمریان بە (فەرزی عەین) ئەزانم وەك یەك ئەدا ئەکەم

ئەم دێرە شیعرەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە زانیاری هەبووە دەربارەی ڕێبازە سۆفیزمەکان، هەروەها لە ژیاننامەی ڕەمزو باوەڕیارانی ڕۆشنگەری ئەو ڕێبازانە بە ئاگا بووە، وەك نێوبردنی سورەوەردی خاوەن کتێبی (**عـوارف المعـارف**)، وە نێوبردنی (فەرزی عەین) دیسانەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی زانیاری هەبووە دەربارەی زانستی (**أصول الفقه**).
کاتێ تەماشای شیعرەکانی مەلیکی کوردستان دەکەی دەبینی وەك سیمبولو شۆڕشـــگێڕو نیشـــتیمانپەروەرو مشـــورخۆری نەتەوەکـــەی هەســـتی بـــەرزی نەتەوایەتی بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هێرش دەکاتە سەر دوژمنکاری عەرەب بەرامبەر بە گەلی چەساوەی کورد:

گەر مانیعی حقوقی کورد بن عــەرەب
بێشك نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم

لە کۆتایی دیوانەکەی نوربەخشیدا پاشکۆیەکی ڕەنگینو باخچەیەك وێنەی جوانو قەشەنگو ناوازەی تێدایەو دیوانەکەی هێندەی تر ڕازاندۆتەوە، وێنەی

مەلیکی کوردستانو کەسایەتییەکانی وەك مەحمود خانی دزلیو مەحمود خانی کانی سانانو حەمدی شاعیرو حسێن نازمو ئیسماعیل حەقی شاوەیسی لە خۆ گرتووە، دەگەڵ وێنەی ئەو نامانەی شێخ مەحمود بۆ دۆستانو خۆشەویستانی ناردووە، بایەخێکی گرنگی مێژوویی و ئەدەبییان هەیە، لەو کەسایەتییانەی نامەی بۆ ناردوونو تۆمارکراون ( مەحمود خانیدزلی، مەحمود خانی کانی سانان، حاجی بابە شێخ، شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم، حسێن نازم، ڕەفیق حیلمی، شێخ موحەممەدی خاڵ...)، لەو کەسایەتییانەی شیعری بۆ نووسیونو بەسەری کردوونەتەوەو هەستو سۆزی بۆ دەربڕیون ( حوزنی، عەبدوڵلا عادیل، سەی برایمی حەفید،خەسرەوخانی دەرەویانە، وسو ئاغا، شێخ جەعفەری نۆدێ، شاکیر مجرم، ناهیدەی شێخ سەلام، ڕەشید مەستی) دەگەڵ وێنەی ئەو کتێبانەی لە سەر نەفەقەی شێخی نەمر چاپکراونو کۆتایی بە دیوانەکە هاتووە.

**ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ ژمارە 531**
**2007/4/19**



## حەمەکەریم عارف

# قەڵەمێکی بە ئەزموون و ڕەسەنی کوردستانی

**(1)**

حەمەکەریم عارف، چیرۆکنووسو نووسەرو وەرگێڕو ڕەخنەگر، قەڵەمێکی دیارو نێودارو ناسراوی دونیای ڕۆشنبیریو ئەدەبی کوردییە، بەرهەمگەلێکی زۆروزەوەندو بەقەدروبەهاو سەنگین و سەلاری هەیە، لە بوارەکانی چیرۆکنووسینو نووسینو وەرگێڕاندا خەمخۆرێکی بێ وێنەو خاوەن سەلیقەیەکی زۆرو توانایەکی لەڕادەبەدەری زمانەوانی هەیە، لە پێچوپەناو کونو قوشبنەکانی زمانی کوردیدا وشەی مردووی دەرهێناوەو زیندووی کردوونەتەوەو تەڕێتی پێ بەخشیون، (هەژار)ی وشەو بووژێنەرەوەی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردییە، بە هەڵگێڕو وەرگێڕکردنی بەرهەمەکانی دەگەیتە ئەو قەناعەتە، لە بوارەکانی دیکەی هونەری، سیاسی، مێژوویی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی بەرهەمو نووسراوەی گرنگ گرنگو بەپێزی هەیە، لێوانڕێژن لە بیروبۆچوونو فیکرەو تەرحی بەرز، لە دونیای ڕۆژنامەنووسیشدا سەرنووسەری چەندین گۆڤارو بڵاوکراوەی ئەدەبی بووە لەوانە (گولانی العربی، نەوشەفەق، گزنگ)، لە چیرۆکنووسیندا بەتواناو فرە بەرهەمەو چەندین چیرۆکی نایابو فرەماناو فرە ڕەهەندی هەیە، چەندین چیرۆكو ڕۆمانو شاکاری گەورەی جیهانی کورداندووەو خەڵکانێکی زۆر عەوداڵی بەرهەمەکانین لەم ڕووە، دیسانەوە لەبارەی شیعرو شاعیری، چیرۆك و ڕۆمان نووسینو سەرنجو ڕەخنەی تایبەت بەخۆی هەیە کە دەکرێ ئیشی لەسەر بکرێو بنیاتی شیعرو چیرۆكو ڕۆمانی کوردی لەسەر بکرێ، لەم پێناوەشدا دوو کتێبی پڕبایەخی خستۆتە بەر دەست (دەربارەی شیعرو شاعیری، دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان).

هەموو تەکنیكو ڕەگەزەکانی چیرۆکی لە چیرۆکەکانیدا تاقیکردۆتەوەو بەرجەستەی کردووە، ڕۆمانەکانی (کۆچی سوور)و نۆڤلێتی (بەیداخ)و چیرۆکی (داوەتی کۆچەرییان) ئەم ڕاستییانە دەسەلمێننو زیاترو زۆرتر قەدروبەهای دەردەخەن، لە ڕووی وەرگێڕانەوە بەدایم هەوڵی جددی داوە شاکارە جیهانییەکان بەکوردی بکاو کتێبخانەی داماوو سەرگەردانی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات، بەجوانترین شێوەو گوزارشتو ڕێكو پێکترین شێوازی

دیاریکردن بەرهەمەکانی پێشکەش کردووەو تینوویەتی خوێنەرانی کوردی پێ شکاندووە.

ح.ك. عارف، ساڵی 1951 لەشاری کەرکوك هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی 1975 کۆلێژی ئەدەبیاتی لەبەغدا تەواو کردووە، یەکەمین بەرهەمی هەڵبەستێکی شیعرییە ساڵی 1973 بڵاوی کردۆتەوە بەنێوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو)، لەساڵی 1977 وە تاوەکو ئێستا بەردەوام بێ بچڕان خەریکی نوسین‌و وەرگێڕانە، سەری لەنوسین‌و وەرگێڕاندا سپی کردووە، خاوەنی زیاتر لە (75) بەرهەمی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییە، زۆرێکی بەرهەمەکانی وەرگێڕانن، خزمەتێکی بێ وێنەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بدەمە هەندێ لەو بەرهەمانە (مەسەلەی کورد لەعێراق- کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو- کورد لەئەنسکۆپیدیای ئیسلامدا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، مێژووی رەگ‌و رەچەڵەکی کورد- تیرۆژ (کۆ چیرۆك)- کۆچی سوور (چیرۆك)- بەیداخ (چیرۆك- جێ پێ (چیرۆك)- داوەتی کۆچەریان (کۆ چیرۆك)- نینا( ڕۆمان)- نامۆ( ڕۆمان- رێبەر(ڕۆمان)- شکست (ڕۆمان)- هاوماڵەکان (ڕۆمان)- بێناسنامەکان (ڕۆمان)- دوورە ووڵات (ڕۆمان)- ئازادی یامەرگ (ڕۆمان)- دادپەروەران (شانۆنامە)- بەدحاڵی بوون (شانۆنامە)- منداڵە دارینە (چیرۆك بۆ منداڵان)- شوانە بچکۆلەکە (چیرۆکێکی چینییە بۆ منداڵان)- دەربارەی شیعرو شاعیری (لێکۆڵینەوە)- دەربارەی چیرۆك و ڕۆمان (لێکۆڵینەوە)، خافروخ لەشیعر دەدوێ- ڕیالیزم‌و دژە ریالیزم لەئەدەبیاتدا- رێبازە هونەرییەکانی جیهان، قوتابخانە ئەدەبییەکان، مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری، یەڵماز گۆنەی، سادقی هیدایەت نمونەی مەرگی نووسەر،...هتد، لەتەك چەندین بەرهەمی ناوازەو نازداری دیکە، ئەمساڵیش فەرهەنگێکی گەورەی بەنێوی (گۆڤەندو زنار)ەوە پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، لەزۆربەی زۆری رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرهەم‌و بڵاوکراوەی هەیەو ئێستاش سەرنووسەری گۆڤاری (گزنگ)ە لە شاری کەرکوك.

**(2)**

**حەمەکەریم عارف... خاوەنی ڕا و بیرو بۆچوونو تەرحی تایبەتە دەربارەی ئەدەب بەگشتیو ئەدەبی کوردی بەتایبەتی، ڕایوایە لە ناو لێشاوی نووسینی دوای ڕاپەڕیندا نووسینی ڕەسەنو خۆڕسك کەمترین کات دەرکەوتووەو جگە لەوەی نووسینی دوای ڕاپەڕین کەمترین پرسیاری خوڵقاندووە، بێگومان نەبوونی ڕەخنەو پرسیار واقیع و بزووتنەوەی ئەدەبیو ڕۆشنبیری بەپاشدا دەهێنێتەوە، دیارە لەوکاتەوە گۆڕانێکی زۆر هاتۆتە کایەوە بەتایبەت گۆڕانی تەکنۆلۆجی، تاڕادەیەك سووکە وەرچەرخانێك لە بواری ڕۆشنبیریدا دروست بووەو واقیعی نووسینو نووسینکاری بەرەو ئایندەیەکی گەش بردووەو لە هەمان کاتیشدا بێسەروبەری و زۆروبۆری باڵی بەسەر ئەم واقیعەدا کێشاوە، چونکە هەر قۆناغێکی مێژوویی بگری پێویستی بە تازەگەریو نوێگەری هەیە لە گشت بوارەکاندا سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری...، هەڵسوڕێنەرانو بەدەستەوەگرانی ئەم تازەگەریو نوێکارییە دەبێ زادەی ئەو واقیعە بنو کۆمەڵ لە مەترسییەکانی ئاگادار بکەنەوە نەبادا لەچاڵێکەوە بکەونە بیرێکی قووڵ، بێسەروبەریو لامسەرلایی لە بواری نووسینو وەرگێڕاندا گەورەترینو خەتەرترین مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵو نەوە یەك لەدوا یەکەکان، زمانی نووسینی سەقەت وپەقەتو لاوازو وەرگێڕانی خراپو نامەفهومو ڕەکیك لە سیما دیارەکانی واقیعی نووسینی ئەوڕۆکەن، گەر بێتو بەم شێوە بڕوات بینای ئایندەی لەسەر بکرێ ئەوا خەتەرێکی گەورەیە لەبەردەم ئایندەماندا.**

**لە ئێستادا واقیعی نووسینو نووسینکاری پێویستی بە کورتبڕیو دیقەت و ئامانج پێکانە بە شێوەیەکی وردو لە ئەنجامی تێڕوانینو لێوردبوونەوەی چڕوپڕەوە، وە هەروەها پێویستی بە پشت بەستنە بە مەنتیقو واقیعەوە، گومانیش لەوەدا نییە بابەت ئوسلوبی نووسەر دیاریدەکاتو ئاراستەی دەکات، نووسینی ئێستای کوردی لەم خەسڵەتو سیمایانەوە دوورن، بۆیە بەقۆناغێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبینو پێویستیمان بە چەندین ڕەخنەگر هەیە تا واقیعی نووسینمان بخەنەوە سەر ڕاستەڕێ، بەمانایەکی دیکە نووسین لەزەتی سروشتی**

لەدەستداوە، لەکاتێکدا نووسەرو خوێنەر لە نێو دونیای نووسینو تێگەیشتندا تێکەڵ بەیەکترنو هەر یەك لەلای خۆیەوە هەوڵی گەیشتن بە حەقیقەت دەدات، هەر کاتێکیش نووسین لەزەتی لەدەستدا خوێنەر دەتۆرێنیو لە خوێندنەوەی دەخاو زەوقی شیرینی ڕۆشنبیری لێتاڵ دەکات، بەڕاستی گرنگە خەڵکانێکی ڕەخنەگر لێیان بێنە دەستو شڕوشیتاڵی ئەو نووسینە بێ لەزەتانە دەربهێننو حەیایان بۆ نەهێڵنەوە، وا لەخاوەکانیان بکەن سەریان پێ شۆڕ بکەنو دزیو فیزییەکانیان وەدەرخەن ، چونکە دزیو دزیکاری باڵی بەسەر نووسینی کوردیدا کێشاوەو هەر یەك بە جۆرێك خەریکە، هەموو ئەم سیفەتانەش بەدەرن لە ئەخلاقیاتی نووسینو بە جۆرێك لە جۆرەکان بێئەخلاقیین، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دیمانەیەکی بەندە لەتەك مامۆستا حەمەکەریم عارف لە ژمارە 37 ی گۆڤاری (نووسەری نوێ).

خوێندنەوەی ورد ڕەخنە دەخوڵقێنیو تاموبۆیەکی دیکە بەسەر نووسینو پرۆسەی نووسیندا دێنێ، نەبوونی ڕەخنە دەرگا ئاوەڵا دەکات بۆ هاتنەپێشەوەی خەڵکانی لاموبالاتو هیچ لەبارا نەبوو، خەڵکانێك کە لە قەدرو بەهای نووسین کەمدەکەنەوە خۆیان دەکەنە خائینی دەرەجە یەك، زەرووڕەتی ڕەخنە ئالێرەدا وەدیار دەکەوێت، خوێندنەوەی هەر خوێنەرێك خۆی لە خۆیدا بە سەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێ، قۆناغی یەکەم: خوێندنەوەی سەتحیو سادەو ساکار، دووەم: خوێندنەوەی قووڵ و قاڵبوونەوە بەهەر دەقێکدا جا ئەو دەقە دەقێکی ئەدەبی یان فەلسەفی یان فیکری یان هەر دەقێکی دیکە بێ، سێیەم: خوێندنەوە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە، خوێندنەوەیەك ئەمسەرو ئەوسەری دەق لە خۆ بگرێو لە کونو قوشبنی دەقەکە حاڵی ببێ، تا ئێستا خوێنەری ئێمە لە قۆناغی یەکەمدایەو گیری خواردووەو چەقیوە، ئەم سیفەتەش کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی نووسین دروست دەکاو بەرەو ئاقارێکی خراپ ڕەوانەی دەکات، گرنگە لا لەمەسەلەی ڕەخنەو ڕەخنەکاری بکرێتەوەو بایەخی زۆرترو زیاتری پێبدرێ، چونکە خوێنەری ڕاستەقینە دایمەن بەدووی کاری ئەدەبی سەرکەوتوودا دەگەڕێو لەهەمان کاتیشدا زیندوویەتی بەدەقەکانی دەبەخشێ، بەداخەوە خوێنەری ئێمە لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو لە حەقیقەتی

خوێندنەوەوە زۆر زۆر دووره، بە ڕای حەمەکەریم عارف (... خوێنەری بە ئاگا بە ئاسانی تەسلیمی دەق یان هەر نووسینێکی دیکە نابێ، بەڵکو بە کلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جددی دەقەکە یان نووسینەکە دەکات، پاش گوێگرتنو پرسیار کردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی ڕەفز یان قبوڵ هەڵدەبژێرێ)، واتە خوێنەری ڕاستەقینەو جددی پاش خوێندنەوەی سەتحییانەو شکڵییانە یەکسەری ئیمان بە حەقیقەتی دەق ناهێنێ، بەڵکو دوای ئیستیقراکردنو حاڵیبوونی ئەو هەقە بە خۆی دەدات کە ئەو دەقە نەمره یان نا، زیندووە یان نا، بەڵێ خوێنەری کوردی دەبێ بگاتە ئاستی خەیاڵی بڵاوو دوورو قووڵو مەنتیقیانەو لە حەقیقەتی دەقەکان وەك خۆی تێبگاو بە شوێن دەقەکاندا بڕوا تا ئەو کاتەی لەزەتی حەقیقی لێدەبینێ.

(3)

" شیعر بە گوێرەی سروشتی هونەریانەی خۆی دەبێ هەندێ ئاڵۆزو تا ڕادەیەك تەم مژاوی بێ، بەڵام ئاڵۆزیو تەمو مژاوییەکی ناسكو هونەریانە، هەڵبەتە ئەم ئاڵۆزییە وێڕای تەبیعەتی هونەریانەی خودی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرەستە زمانەوانییەی کە پێکیدێنێو بۆ ئەو سەرچاوەی هەستە دەروونییەی کە لێوەی هەڵدەقوڵێت... شیعر هەرگیز نایەتە دابڕان لە بیرو فیکر، بیری شاعیریش لە ژینگەو سەردەمی خۆیدایە، ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە سادەو ساکاربێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعریەکە سادەو ساکار دەبێت، خۆ ئەگەر ژینگەو سەردەمەکە ئاڵۆز بێ، تەژی نیگەرانی فیکری بێو یەکپارچە ناسەقامگیری دەروونیو ڕۆحی بێ ئەوا ڕەنگدانەوە شیعرییەکە ئاڵۆزو تەمومژاویو قورس دەبێ... ئەفسانە وەکو مەوداو سەرچاوەیەکی ئەبستمۆلۆژی ڕۆشنبیری هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ... شیعر ئەمڕۆکە لەوە دەرچووە ڕێژنە هەستێکی خۆبەخۆبێ بەداوی جوانترین وشەدا بێتە خوارێو لەبارترین ڕستە بکات بە نیشتمانو ئاوەدانی بکاتەوەو سەروەری شیعری پێببەخشێت، شیعری ئەمڕۆکە ئەوە دەڵێت کە ناگوترێت.. فاکتەرێکی دیکەی ئاڵۆزاندنی شیعری نوێ دوورکەوتنەوەیە لە هەر ڕوونکردنەوەو شرۆڤەو گوتنێکی ڕاستەوخۆ چونکە شیعر ڕووت دەکاتەوەو لە شیعرییەتی دەخات.. "

**حەمەکەریم عارف**

**کتێبی (دەربارەی شیعرو شاعیری) یەکێکە لەبەرهەمە نازدارو سەنگینەکانی حەمە کەریم عارف، لێکۆڵینەوەیەکی شیعریو بابەتێکی ڕەخنەییو تەرحێکی گرنگو پڕ بایەخە دەربارەی شیعرییەت بوونی دەقەکانی شیعری نوێ، سەنگی مەحەکە بۆ جیاکردنەوەی شیعری ڕەسەنو زیندوو نەمر لە شیعری ناڕەسەنو خراپو مردوو، ئەم کتێبە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، یەکەمیان نووسینی لێکۆڵەر خۆیەتی، دووەمیان لێکۆڵینەوەیەکی ڕەزای بەراهەنییەو لێکۆڵەر کوردانددوویەتی، چاپی یەکەمو ئەمساڵ (2007) لە دوتوێی 80 لاپەڕەدا چاپو بڵاو کراوەتەوە بە ژمارە سپاردنی 319 ی وەزارەتی ڕۆشنبیری.**

**سەرنجدانو ردبوونەوەو تێڕامان لە هەر دەقێکی شیعری چەندین خەسڵەتی شیعریانە بۆ خوێنەر وەدیار دەخات، بەتایبەت ئەو دەقە مۆرکی تازەگەریو نوێگەری تێدا نەخشێنرا بێ، خوێنەر زۆر بە زویی دەتوانێ هەڵیبسەنگێنێو بە دەقێکی نەمرو زیندوو حوکمی بەسەردا بدات، بەتەبیعەتی حاڵ شیعر هەڵگری خەسڵەتو سیمای بەرز بەرزەو ڕەنگدانەوەی واقیعو ڕۆژگارە، ئەمە حەقیقەتەو نکوڵی لێناکرێ، شیعرو گوتاری شیعری مێژوویەکی فرە دێرینیان هەیەو پەیوەستن بە ژیاری مرۆڤایەتییەوەو لە گشت قۆناغەکاندا وەك گوتارێکی کاریگەر خۆی نیشانداوەو خۆی سەلماندووە، کەواتە شیعر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سروشتو تەبیعەتی مرۆڤەوە هەیەو هەتا مرۆڤ بمێنێ شیعریش هەر دەمێنێ.**

**هەر دەقێکی شیعری بگری خاڵ نییە لە هونەر، خاڵی نییە لە هەستی مرۆڤانە، خاڵی نییە لە ئاڵۆزیو نادیاری، واتە لایەنی هونەری ڕەگەزێکی سەرەکی داڕشتنی هەر دەقێکەو دەبێ ئیعتیباری بۆ دابنرێ، شیعری ئێستای کوردی- ناڵێین هەموویان- بەدەوری تاقە شتێکدا خولدەخۆن، زەمەنیان یەك زەمەنە، گەر کۆیان بکەیتەوە یەك شت دەڵێن، جوگرافیایان یەك جوگرافیای تەسكو بێ مانایە، لەتەك ئەوەی جوگرافیای ئینسانی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرە لە نەمربوونی هەر دەقێکدا، دەبینین شیعری شاعیرانی کلاسیك لە ڕووی دەلالەت، حیکمەت، فەزیلەت، حەقیقەت لە ئاستێکی باڵادانو شیعرەکانیان جێی مشتو**

مرو لێکدانەوە لێوردبوونەوەی دوورو قووڵن، شیعری نوێ هێندە ئاڵۆزکاوەو بەملیەکدا چووە لێحاڵیبوونی قورسو گرانو زەحمەتە، ئەم باسە بێنەو بەرەیەکی زۆری تێدایە، حەمەکەریم عارف پێیوایە (... تای تەرازوو بەلای ئاڵۆزیدا قورسە، چونکە تەبیعەتی شیعر جۆرێك لە ئاڵۆزی تێدایە کەلە هونەرییەتی شیعرەکە نایەتە دابڕان، بۆیە زۆر کەس پێیان وایە شیعری چاك ئەوەیە کە بڕێك ئاڵۆز بێو بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، تا درەنگتر خۆی بەدەستەوە بدات سیحرو ئەفسوسی پتر دەبێت، تا پتر روونو ئاسان بێ زیاتر لە هونەرییەت دەکەوێتو دەبێ بە شتێکی سواوی بازاڕیو بێ تامو لەزەت...)، گومانیش لەوەدا نییە مەعریفە خۆی بۆ خۆی کاریگەری تەواو لە سەر زیاترو زۆرتر ئاڵۆزبوونو سەختبوونی دەقە شیعرییەکان دەکاو ئەرکی خوێنەر قورسو گران دەکات، جاوەرە ئەو شیعرە فەلسەفاوی بێ، ڕۆمان یاکبسۆن ڕایوایە (ناڕوونی و ئاڵۆزی لە شیعری نوێدا تایبەتمەندی هەرە سەرەکی دەقی نوێیەو پێش هەر شتێکی دیکە سیفەتێکی نێوخۆییە)، هەر ئەمەشە وایکردووە شیعری نوێ لوغزاویو مەتەڵاوی بێ و لە ڕووی دەلالەتو مەفهومەوەو درەنگ خۆی بدا بەدەستەوە.

شیعری فەلسەفی بە سروشت ئاڵۆزکاوو تەمومژاوییو ناڕوونو بەیەکدا چووە، هەموو ئەم سیفەتانەش بایەخ و خەسڵەتی بەرز بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشن، مەژگی خوێنەر دەهێننو دەبەن، وای لێدەکەن زیاتر خەیاڵو هەستو هۆش وگرنگی بداتە ئەو دەقانە، فەلسەفە پەیوەستە بەمرۆڤەوەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەلە قالو بەلاوە مرۆڤ خەونی پێوە دیوەو دەیبینێ، فیکرە فەلسەفییەکانیش کاتێك ئاوێزانی ئەدەب دەبن زاتییەتی مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ سروشتە خواییەکەیو بەهێزی دەکەن، یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی ئاڵۆزبوونی دەقەشیعرییەکان.

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی زیاتر ئاڵۆزکاندنی دەقە شیعرییەکان چەمکەکانی تەسەوفو مەسەلە ڕۆحییو غەیبییەکانە، سۆفیزم بەندە بە ناخو کرداری باوەڕیارانو شوێنکەوتووانی، تەسەوف مانای گرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دروستو بێ پێچوپەنایە بۆ گەیشتن بەخوداو شتە بەرپێوارەکان،

کردنەوەی گرێ کوێرەکانە لە نێوان ئەو شتانەی هەستی پێدەکرێو ئەوانەی هەستیان پێناکرێ، قاڵبوونەوەو قووڵبوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ خود، کەواتە تەسەوف یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانەی کار لەسەر ئاڵۆزتربوونو ناڕوون بوونی دەقی شیعری دەکاتو ئەرکی خوێنەر قورستر دەکاتو پێویستی بە شرۆڤەکردنو لێکدانەوەی باتینیو ڕۆحی دەبێ .

شاعیرە نوێخوازەکان لە گشت قۆناغو گۆڕانکارییەکاندا سیمبولو پێشەوا بوونەو خەباتی ئایدۆلۆژیانەو شۆڕشگێڕانەیان ئەنجامداوە لە پێناو بیروباوەڕو هەست بەرزی نەتەوایەتیو بەرزکردنەوەو زیندووکردنەوەو غیرەتدان بە گیانو خەباتو شۆڕشی ڕزگاریخوازان، هەموو ئەم هەولأنەش پەیوەستو بەندبوونە بە کۆمەڵەوە، لەم ڕێیەوە شیعر ڕەنگدانەوەی ڕۆژگارو واقیعەو چەندە واقیع سیحراویو ئاڵۆزکاوو بەیەکداچووبێ بێ هێندەش دەقە شیعرییەکان سیحراویترو ئاڵۆزکاوتر دەبن، سەرەنجام واپێویست دەکا شیعری نوێ بە ئەقڵییەتێکی تازەو مۆدێرنانەوە لێی بڕوانرێ و لێکدانەوەی بۆ ئەنجام بدرێ، بەهاو نرخی شیعریش لەوەدایە خوێندنەوەی تێرو تەسەل و چڕوپڕی لەبارەوە ئەنجام بدرێ تا بە زیندوویەتیو تەڕێتی بمێنێتەوە.

**سەرچاوە:**


1. **الحداثة في حركة الشعر العربي المعاصر: د.خليل الموسى، الطبعة الاولى، مطبعة الجمهورية**، 1991.
2. **في نقد الشعر العربي المعاصر-دراسة جمالية-: د. رمضان الصباغ، الطبعة الاولى، دار الوفاء**، 1998.


**ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە** 379
2007/12/12

- 4 –

## هەڤپەیڤینێك دەربارەی نووسین‌و وەرگێڕانی دوای ڕاپەڕین

ب.م. تەها: دیارە لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستان شێوە وەرچەرخانێکی بە خۆوە دیوە لە زۆر بواردا، بەتایبەت بواری ڕۆشنبیری، نووسین لەم کات‌و ساتەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لە کوێدا دەبینیتەوە؟

ح. ك. عارف: راستە کوردستان لەدوای راپەڕینەوە (1991) هەندێ سووکە وەرچەرخانی بەخۆوە دیوەو زۆر بواریشی گرتۆتەوە.. هەڵبەتە هیچ وەرچەرخانێك لەفاکتەرە بابەتی‌و خودییەکانی سەردەمی خۆی بەدەرنابێ‌و لاوازی‌و بەهێزی ئەو فاکتەرانە چەندیەتی‌و چۆنیەتی وەرچەرخانەکەدا رەنگ دەداتەوە، بێگومان هەر گۆڕانکارییەکی گەورە، بەحوکمی ئەوەی گۆڕان لەکەمترین حاڵەتدا دەکاتە شکاندنی کۆمەڵێك قاڵب‌و چوارچێوەو بەزاندنی زۆر سنووری کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری، واتە جۆرە ئامادە سازییەکە بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵ بەهەموو لق‌و پۆپ‌و بوارێکی مادی‌و مەعنەوییەوە لەقۆناغێکی مێژوویییەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووترو جیاوازتر، دیارە لەم حاڵەتەدا جۆرە ئەنارشیزمێك هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، رەنگە ئەمە لەقۆناغی یەکەمی پرۆسەی گۆڕانکارییەکەدا ئاسایی بێ‌و پاساوو پاکانەی خۆیشی هەبێ، بەلام بەردەوام بوونی ئەم ئەنارشیزمە زۆر مەترسیدارەو نیشانەیەکی زەقە بۆ لەبارچوون‌و پاشەکشەی ئەو قۆناغە رەخساوەی کە بەگۆڕانکاری ئاوسە.

هەڵبەتە هەر قۆناغێکی مێژوویی پێداویستی‌و داخوازی تازەی خۆی هەیە، دەنگ‌و سیماو نوێنەرانی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێ‌و لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەدەر دەکەون‌و هەوڵ دەدەن رەسەنایەتی خۆیان لەبواری پراکتیکیدا تاقی بکەنەوەو دیاردەو رووداوە تازەکان بەکەرەستەی تازە مالیجە بکەن..

جا بالێرەوە بێینە سەر نوسین‌و دنیای نوسین، ئەمیش لەکاریگەری وەرچەرخانەکە بەدەر نەبوو، هەڵبەتە پێویستە نوسین فاکتەرێکی هەرە گرنگی ناو پرۆسەی گۆڕین‌و گۆڕان بێ. بەهەرحاڵ نوسین‌و کاری رۆشنبیری لەهەموو کات‌و سات‌و قۆناغ‌و سەردەمێکدا مەسئولیەتێکی گەورەیە، هەر کە نووسەر رێی

بەخۆیدا بەرهەمەکەی لەنێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوەو هەر بەوەندەوە نەوەستا کەبەرهەمەکەی تەنیا بۆ خۆیو بۆ سەرگەرمی خۆی تەرخان بکات، ئیدی دەکەوێتە ژێر باری ئەو مەسئولیەتە گەورەیەوە، بۆیە دەبێ لەسەر شوێنەوارو کاریگەری بەرهەمەکەی بەسەر کۆمەڵەوە موحاسەبە بکرێ.

زۆربەی نوسەرو رۆشنبیران لەوەدا یەك دەگرنەوە کەبابەتی هەرە سەرەکیو کاری رۆشنبیری مرۆڤو ئازادی مرۆڤە، ئیدی جۆری چارەسەرو مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا لەنوسەرێکەوە بۆ نووسەرێك دەگۆڕێ.. کەواتە سارتەر گوتەنی: (نوسین رێگەیەکە لەرێگەکانی تێکۆشانی ئازادی هەرکاتێ گرتتە بەر– بتەوێو نەتەوێ– مولتەزیمیو دەبێ مولتەزیم بی) ئیلتیزامیش دڵسۆزیو وەفادارییە دەرهەق بەئامانجێك، ئامانجی کاری رۆشنبیریش مرۆڤو ئازادی مرۆڤە.

جوانترین ئیلتیزام ئەوەیە لەناخی خاوەنەکەیەوەو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانەو مرۆڤانەی خۆڕسك هەڵقولابێ، دزێوترین ئیلتیزامیش ئەوەیە لەدەرێ راسەپێنرابێو بەخوتو خۆڕایی تەلبەندی هەمەجۆری عەنتیکەی لەدەوری نوسەر کێشابێو بەملاو بەولادا ئاڕاستەی بکات، قەڵەمی ئاڕاستەکراو هەمیشە لەقەڵەمی بەکرێگیراو خەتەر ترە، چونکە ئەگەر تاسەریش نەتوانێ، ئەوا بۆ ماوەیەك دەبێتە دێوجامەی راوە جەماوەرو تەفرەدانی خەڵکانی سادە.. نوسینو کاری رۆشنبیری لەکەشو هەوای ئازادا دەڕسكێو ئازادی لەڕۆحی مرۆڤدا بێدار دەکاتەوەو ئیدی مرۆڤ دەکەوێتە سەر راستە رێگەی بیرکردنەوەو بەئاسانی چەواشەو دەسخەڕۆ ناکرێت، کەواتە نوسین چرایەکە رێگەی بیرو بیرکردنەوە رۆشن دەکاتەوەو نابێ ئەشکەوتێك بێ کۆمەڵێك دەنگی ناڕەسەن عەکس بکاتەوە.. هەڵبەتە گەلێك لەنوسەرو شارەزایانی بواری نوسینو کاری رۆشنبیری پێیان وایە نوسین هۆیەك نییە بۆ گوزارشت کردنو دەربڕین بەڵکو هۆی هەرە کاراو کاریگەری گەڕانو پشکنینو کەشف کردنو ڕۆچوونە بەناخی دیاردەو رووداوەکاندا.

یانی نوسین نابێ لەرەخنە بەدەربێ.. کەواتە نوسین دەبێ راستگۆیانە بێو حورمەتی زمان بگرێ کەبنەمای هەرە سەرەکی نوسینەو، بەناچاریو بەتۆبزی شتی لێ بار نەکاتو نەیهێنێتە گۆ.

هەڵبەتە نوڤالیس گوتەنی هەر کەسێك حورمەتی زمان پێشێل بکاتو ناچاری بکات بەنابەدڵیو ناچاری شتێك بڵێ، ئەوا زمان تۆڵەی خۆی لێدەکاتەوەو دوچاری گەوجە گەوجێژی دەکات.. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کەزۆربەی نوسینی نوسەرانی پاش راپەرین لەڕووی زمانەوە مایەی گلەییەکی زۆریو زمانی سەقەت بووە بەدیاردەیەکی زەقو پێویستە بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوەی زانستیانەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە.

بێ چەندو چوون مرۆڤایەتی قەرزارباری وشەیە، وشەش ئەو داهێنراوە هەرە مەزنەیە کەگەورەترین وەرچەرخانی لەژیانی مرۆڤدا تۆمار کردوو، لەهەموو بوونەوەرانی ئەم گەردوونەی جیاکردەوە، وشە بوو بەهەوێنی (بوون)و بناغەی شاکارە فیکریو حسییەکانی بنیادەم. هەڵبەتە وشەو بایەخو چەمکی وشە لەبوارێکی ژیانەوە بۆ بوارێکی دی دەگۆڕێ. بۆ نموونە وشە لەدنیای ئەدەبیاتدا هێندە سەرەکیە دەکرێ بگوترێ: نوسین بەتایبەتی ئەدەبیات دەکاتە بەکارهێنانێکی ئەفسوناوی وشە... بەداخەوە زۆر نوسینی ئێمە لەو رووەوە تەواو شێواوو کاریگەرییەکی رۆشنبیری ئەوتۆیان بەسەر جەماوەری خوێنەرەوە نییەو بێ ناسنامەیەو لەنێوان لاسایی کردنەوەی کاڵو کرچو رەسەنایەتیدا لەمۆڵەقدان.

دیارە خراپترین نوسین، یان یەکێك لەئافەتەکانی نوسین ئەوەیە کەهیچ دەنگدانەوەیەکی نەبێ، خەڵکانێك نەوروژێنێ چ بەقەبووڵ کردنی چ بەرەفز کردنی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەئەو کارە رۆشنبیرییەمان ئەدەبی گوتاری نییە، یان گوتاری زۆر لاوازی هەیەو بستێك لەخاوەنەکەی دوور ناکەوێتەوە، واتە ئاوێتەی ژیان نابێ خۆی بۆ گەشاندنەوەی ژیان تەرخان نەکردووەو دوورە لەگێرو گرفتەکانی ژیانو ناوێرێ خۆی لەقەرەی ئەو گێروگرفتو نهێنیانە بداتو ئیدی نوسینەکە خودی خۆی پێ نایەتە دیو لەبار دەچێ.

هەڵبەتە یەکێك لەخەسڵەتەکانی نوسینی رەسەن روانینی ئەقڵیو میتۆدی رەخنەییە، واتە جیهانبینی ئەقڵانیو میتۆدی رەخنەیی کۆڵەکەی نوسینی رەسەنن، ئەقڵو ڕەخنە لێکدی نایەنە دابڕان، کەئەقڵ هەبوو دەبێ رەخنە هەبێ، غیابی رەخنەکە لەئەقڵو بیرکردنەوەوە هەڵدەقوڵێ، نیشانەی لاوازیو سستی

ئەقڵە، ئەقڵ دەبێ رەخنەیی بێو هەر ئەقڵێك بەڕوانینێکی ناڕەخنەییەوە خۆی لەگرفتەکانی فیکرو بارودۆخی کۆمەڵو خەڵکی بدات، خیانەت لەتەبیعەتی خۆی دەکاتو خۆی لەئەنجامدانی ئەرکەکانی دەدزێتەوە، چونکە خەسڵەتی بنەڕەتی ئەقڵ، خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەیەو کار بۆ بەزاندنی شتە باوەکان دەکات، بۆیە رەخنە بالاترین وارە کەفیکر خۆی تێدا بنوێنێ، خۆی تێدا تەحقیق بکات.. کەواتە نوسینی ڕەسەن دەبێ دەسەلات، هەر دەسەلاتێك بێ سەغڵەتو تەنگەتاو بکات.

کەمەخابن ئەمە لەناو لێشاوی نوسینی دوای راپەڕیندا بەکەمی دەبینرێ. ئەمە جگە لەوەی لەزۆربەی نوسینی پاش راپەڕیندا پرسیاریان هەر نییە، یان زۆر کزە.. کەدیارە پرسیار کز بوو نوسین لەچوارچێوەی ئینشاکارییەکی نامەفهوم تێناپەڕێو گوتاری چالاکو کاریگەری نابێو، نابێ بەچراو لەوە تێناپەڕێ کەدەنگدانەوەیەکی کزی تەمەن کورتی کۆمەڵگەیەکی نووستوو بێ.. چونکە پرسیاری بەجێو ماقوول لەناو مێژووی فیکردا لەوەلامەکەی کاریگەرتر دەبێ، پرسیاری بەجێو دروست خۆی لەخۆیدا نوقلانەو بانگەوازی دەستپێکی رابوونێکی هزرییە، ئیدی ئەو رابوونە گەورەو بەر بلاوبێ یان بچووكو سنووردار بێ.. پرسیار وەلامو وەلامانی لێدەکەوێتەوە، ئیدی وەلامی جیاوازین یان چوونیەك، بەلام وەلامەکان یان کۆی وەلامەکان بەکۆکیو بەناکۆکییانەوە مادامێکی بەدەوری یەك تەوەردا دەسوڕێنەوە، جۆرە رابوونێکی رۆشنبیریو یکری چیدەکەنو گەر بگوترێ هەر قۆناغێکی تازەی رۆشنبیری هزری زادەی پرسیارو پرسیارێن تازەو بەجێیەو هەر پرسیاریش ئەقڵ دەمەزەرد دەکاتەوەو لەتەمەڵی دەخەلەسێنێ. ناکاتە زێدەرۆیی.

بۆیە ئەگەر بتەوێ بۆ خەسڵەتی تازەی هەر قۆناغێك بگەڕێی، دەبێ پرسیارە ریشەییەکانی ئەو قۆناغە بخوێنیتەوە، کەمەخابن لای ئێمە هێشتا بەتەواوی نەخەملیوەو لەڕەشبینیشەوە ناناڵێم، چونکە من قەناعەتم نە بەنەزۆکی میللەت هەیەو نە بەنەزۆکی هیچ قۆناغێكو ئەم قۆناغەش دەنگو رەنگ نوێنەری خۆی بەرهەم دێنێو رۆژگاریش رەسەنو ناڕەسەن لەبێژنگ دەدات.

– ب.م تەها: نووسین دەبێت لەزەتی خۆی لێ وەربگیرێ ئەوسا نووسینە، بەو پێیەی بەشێکە لە مەعریفە، لەزەتی عەقڵیش مەعریفەیە، غەزالی واتەنی(لذة العقل المعرفة كلما كانت المعرفة اكبر كانت اللذة اكبر)، بێ گومان بەرهەمی عەقڵیش فیکرە، رای بەڕێزت چییە؟

ح.ك. عارف: هەر گوتارێك بگری خەڵكێك یان خەڵكانێك دەدوێنێ، هەر كارێكی رۆشنبیری كەمەبەستم نوسینە بەلای كەمەوە دوو لایەنی سەرەكی هەیە، یەكەمیان نوسەرەو دووەمیان ئەو جەماوەرەیە كەگوتارەكەی، واتە نوسینەكەی ئاڕاستە دەكرێت.. كەواتە لێرەدا هاوكێشەیەكو لایەنەكانی هاوكێشەیەك دروست دەبێ، نوسەر، پەیام، وەرگر. جابۆیە نوسەر لەسەرێتی لەئاستێكی هەرە بەرزدا پەیام یان گوتارەكەی بگەیەنێ، لێرەدا چۆنیەتیو ئاستی گوتارەكە، هاوسەنگی هاوكێشەكە رادەگرێ لەزەتەكە، یانی لەزەتە ئەپستمۆلۆجییەكە ئاسانتر دەگەیەنێ. جانوسەر لەبەرئەوە نوسەر نییە كەلێرەوە هەندێ شتی دیاری كراو بڵێ، بەڵكو لەبەرئەوەیە كەلێرەوە بەشێوازێكی تایبەتی بیڵێو گومانیش لەوەدا نییە كەشێواز بەها بەپەخشان دەبێتو نووسەر دەزانێ كەووشە كارو كردەوەیە، ووشە كەشف كردنە، كەشفیش گۆڕینە، جائەركی نووسەر لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە كارو كارلێكەدا ئەوەیە بەجۆرێ كاربكات كەكەس نەتوانێ ئەم جیهانە فەرامۆش بكاتو خۆی لەمەسئولیەت بدزێتەوە.

هەڵبەتە نووسەرو خوێنەرو بابەت لەم پرۆسەی نوسینەدا بەجۆرێ ئاوێتە دەبنو دەكەونە كارلێكەوە، مەگەر هەر لەزەتە ئەپستمۆلۆژییەكە یەكیان بخات.. نووسەر بەڕاستگۆییو لەزەتەوە ووشە بەكاردێنێ، ئەو وشانەی لەسەرەتاوە هەڵیاندەبژێرێ، لەهەوەڵەوە بابەت نین، بەڵكو جۆرە ناونانێكە لەبابەتان.. بەرەبەرە لەسیاقی سەرلەبەری پرۆسەی نوسیندا دەبن بەدەلالەت، دەلالەت لەشتێكی دیاری كراو، دەلالەت لەچەمكێكی دیاری كراو، پاشان دەبێ بەهەڵوێستی فیكریو كەشفو گۆڕینی بەدوادا دێ.. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەكاتە بەرهەم هێنانی مێژوو دەكاتە خۆگێڕانەوەو خۆسەلماندن لەناو ئەو بوارەدا كەتیایدا دەژینو بەشداری لەبەرهەم هێنانو دروست كردنی دەكەین..

ـ بەهەرحاڵ ئەمە هەندێ لایەنی ئەو لەزەتە ئەبستمۆلۆجییەیە کە لەنوسینی رەسەنو ریشەییدا هەیە.
– ب.م. تەها: نوسینێك نەتوانێت شۆڕشێکی فیکری دروست بکا یاخود بڵێین وەك پەیامێکی مرۆڤانە خۆی نەنوێنێو نەتوانێ ژیاری ڕۆشنبیریو ئینسانی بەرجەستە بکا، بزوێنەری واقع نەبێ، ئەبێ چ جۆرە نووسێنێك بێ!، واتە دەبێ نووسین هەڵقوڵاوی کەشو هەوایەکی لێوانڕێژبێ لە بەهاکانی مرۆڤبوونو پێوەست بێ بە بەها شارستانییەکان، نووسین پەیامو عیشقو لەزەتە، بەهەرحاڵ لە واقیعی ئێستای نووسیندا وا دەبینم گرنگ نەبێ چی بنوسی بەڵکو گرنگ ئەوەیە بنوسی، ئەی بەڕێزت پێت وانییە؟
ح. ك. عارف: نوسینی رەسەن خۆی لەخۆیدا پڕۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەو هەر نوسینێك بگرێ ئاوسە بەهزرو بیر هزرو بیر وەختێ بلاودەبێتەوەو تەشەنە دەکات کەزانستیانەو مەنتیقی بێ، پابەندی روانینو جیهانبینی ئەقڵیو مینۆدی رەخنەیی بێ، وەرگش، ئیدی هەر کەسو گروپو چینێك بێ تاڕادەیەکی باش هۆشیار بێو بایەخی ئەو نوسینە بزانێو کاریگەرییەکەی لەسەر رزگاری خۆیو پەرەسەندنی کۆمەڵەکەی بخوێنێتەوەو لەدوا ئەنجامدا ببێ بەفاکتەرێك لەفاکتەرەکانی گۆڕین بەئاڕاستە ئیجابییەکاندا.
هەڵبەتە ئەوەی سەردەمێکی فیکری دەکات بەیەك سەردەم، یەکێتی یان نزیکی پرسیارەکانە، نەك چوونیەکی وەڵامی هزرڤانان. هەر نووسینێك بەپرسیاری زۆر جدیو ریشەیی ئاوس نەبێو وەرگر عەودالو تامەزرۆی وەڵامان نەکات ناتوانێ شۆڕشگێڕانە بێ، بۆیە چی نووسینو ئاستی نووسین زۆر گرنگەو تەنیا لەو حاڵەتەدا کاریگەری رۆشنبیریو فیکری خۆی دەبێت.. دەنا وانەبووایە ئەو لێشاوە نووسینەی ئەمرۆ لەبازاڕی نووسینی کوردیدا دەبینرێ، دەبووایە کاریگەرییەکەی زۆر بەزەقی لەوارەکانی ژیانی کوردەواریدا رەنگی بدایەتەوەو ئەم پاشا گەردانییە بەم جۆرە بەردەوام نەدەبوو، راستە لێرەو لەوێ، لەتوێی کتێبانو بلاڤۆکاندا هەندێ بریسکەی پەراگەندە دەبینرێ، بەلام گرنگ ئەوەیە بکرێن بەچرا.. فیکر بەدیالۆگ دەوڵەمەند دەبێ، ئەهلی فیکرو رۆشنبیری لەلای ئێمە زۆر دوورن لەیەکترەوەو کەس دەفتەری کەس ناخوێنێتەوە، هاوبەشی

کردن لەبەرهەم هێنانی فیکریدا نییە، دیالۆگ قاتییە.. فیکر دەنگدانەوەی نییە، رەنگدانەوەی نییە، بێدەنگی کوشتویەتی.. پێویستە دەنگ چ بەرەفزو چ بەقەبوولْ هەبێ،چونکە ئەو رەفزو قبوولە سەرچاوەی گەشەکردنو پەرەسەندنە.. دیارە ئەم پەراگەندەییە هەرگیز نایەڵێ کەشو هەوایەکی فیکریو رۆشنبیری هاوبەشی ئەوتۆ دروست ببێ کەسیمای مەڵبەندێك یان قۆناغێك یان سەردەمێکی فیکریو رۆشنبیری دیاری کراوی پێوە بێ..

– ب. م. تەها: بەلای بەرێزتەوە خوێنەری کورد لە چ ئاستێکدایە؟ لە کاتێکدا خوێنەر دیاریکەری ماناو ڕەهەندی دەقەکانە، خوێنەری جیددی دوای نووسەرو نووسینی باشدەکەوێ بەشکەم بەرهەمی مەعریفی زۆرترو زیاتری پێببەخشێو بیخاتە نێو دونیای مەعریفەو جوولە بداتە ئەقڵی، وەلێکان لای ئێمە خوێنەر لە ئاستێکی زۆر ساردو سەتحیدایەو هیچ قەوەتێکی ئەوتۆی تێدا نییە بگاتە نێوەرۆكو مەبەستی نووسراوەکان، ئیدی خوێنەری ڕاستەقینە ئەرکی زۆر زیاترە لە نووسەر بەو پێیەی ڕەگەزی یەکەمە لە بواری خوێندنەوەدا، ئەلیوتی شاعیر لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت (خوێنەر بەهەمان ئەندازەی خودی شاعیر مانای شیعرێك دیاری دەکات)، لێرەکانەوە وا پێویست دەکا دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خوێنەری کورد لە مێژەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە لە مەرگدا بووە و نووسەریش نیوە مەرگ، ئایا ئەمە کارەسات نییە؟

ح.ك. عارف: خوێنەر وەکو نەوعییەت دەتوانێ رۆڵی یەکجار کاریگەر لەگەشەکردنو نەشونمای رۆشنبیریو ئەدەبیدا ببینێ، هەر دەقێك یان نوسینێك بەندە بەخوێنەرەکەیەوە، واتە نوسین بەخوێنەر تەواو دەبێت. وەکو چۆن پەیام دەبێ پەیامبەری هەبێ، بەهەمان شێوەش دەبێ وەرگری هەبێ، واتە قەدری دەقێك، بەهای دەقێك لەرێگەی خوێنەرەوە، بەهۆی خوێنەرەوە دەردەکەوێو بەرجەستە دەبێ.. بەهەرحاڵ خوێنەری جددی چی وای لەڕەخنەگر کەمتر نییە، چونکە خوێنەری چاكو جددی هەرگیز ئەوە لەنووسەر قبوڵ ناکات، بەرهەمی بێ پێزی دوور لەدیدو بۆچوونی مێژوویی نوێخواز، دور لەجیهانبینییەکی قووڵ دەربارەی، بەلای کەمەوە، ئەو بابەتەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، پێشکەش بکاتو کاتی بەفیڕۆ بدات.

خوێنەری هۆشیار، بایەخی کاری ئەدەبیو رۆشنبیریو هزری هەر لەوەدا نابینێ کەچەند زانیاری تازەی پێ دەبەخشێت، چونکە رەنگە نووسینێك زانیاری یەجگار ووردی دەربارەی ژیان تێدابێ، وەکو رواڵەت وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیان بێو نووسەرەکەشی زۆری پێوە بنازێ.. بەڵام خوێنەری ووریاو بەئاگا قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەریو دەقی ئەدەبی نەقڵی دەکاو لای خوێنەر دەیهاڕوژێنێ، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کەژیانی ئاسایی رۆژانە دەیوروژێنێ.

ئەگەر هەستە ئەدەبیو هونەرییەکە، گەلەك باڵاتر نەبێ ئەوا لای خوێنەری ووریا ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جوینەوەو کاوێژکردنەوەیەکی بێهودەی ژیان. خوێنەری بەئاگا لای عەیانە داهێنەر لەهەر بوارێك دابێ، فیکری، ئەدەب، هونەر، رۆشنبیری، تەنیا کەرەستە خاوەکان لەژیانەوە وەردەگرێ. تاوتوێیەکی ووردی دەکات، هەڵیدەسەنگێنێو پاشان (گوشراوێکی) تازەی ناسكو جوانی لێ دروست دەکاو دەخولقێنێ، رەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بەجۆرێ لێکدی دەداو مونتاژی دەکاو دەیکات بەیەکەیەکی یەك پارچە کەهەرگیز لەرەگەزەکانی جارانی ناچێت.. واتە خوێنەری بەئاگا بەئاسانی تەسلیمی دەق یان هەر نووسینێکی دیکە نابێ، بەڵکو بەکلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جددی دەقەکە یان نووسینەکە دەکات، پاش گوێگرتنو پرسیار کردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی رەفز یان قبوڵ هەڵدەبژێرێ.

بەڵام سەبارەت بەئەدەبو بەنوسینی کوردی وێڕای ئەوەی خوێنەری جددیو بەئاگا زۆر کەمە، دەبێ ئاوڕێك لەو حەقیقەتە بدەینەوە کەدەقی کوردی لەئاستەنگدایەو هەندێ جار وادێتە بەرچاو کە لەکوێرە کۆڵانێکدا گیرۆدە بووە، هەڵبەتە ئاستەنگەکەش پتر ئاستەنگو قاتی هۆشیاری نووسەرانە، قاتیو ئاستەنگی جیهانبینیو زمانە لای زۆربەیان، غیابی جیهانبینی ئەقڵیو میتۆدی رەخنەیی، کزی خوێندنەوەی فیکریو فەلسەفیو هونەرییە.

دیارە غیابی مەعناو چەمکی قووڵو خەیاڵی ناسكو.. ئاشکراشە هەر دەقێك داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ رەگەزەکانی خۆیدا نەکات زۆر بڕ ناکاتو تەمەنی لەو

چەند ساتانە تێناپەڕێ کەخوێنەرێکی تەمەڵ بۆ بێتاقەتی دەخوێنێتەوە. بەهەرحاڵ هیچ گوتارێکیە فیکری، رۆشنبیری، هونەری لەدەرێی خوێنەردا ناژی.. خوێنەری ئێمە زۆربەی کات ناهۆشیارو تەمەڵ بووە.

– ب.م. تەها: نووسەر کاتێ سەرقاڵی هەر بەرهەمێ دەبێ ئەوکاتە خاوەنی نووسینەکەیەتی کە لە ژێر دەستیدایە، دوای بڵاوبوونەوەی خوێنەر خاوەنیەتی، ئەتوانیت پێوەندی نێوان نووسەرو خوێنەرمان بۆ باس بکەیت، لەکاتێکدا نووسەرو خوێنەر دوو کاراکتەری بەقەوەتن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتەکانی نووسین، واتە وەك دووکاراکتەر یارمەتی پرۆسەی خوێندنەوە دەدەنو بەسەرکەوتنی دەگەیەنن؟

ح.ك. عارف: بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان نووسەر، نوسین، رەخنەگر یان خوێنەردا هەیەو هەموو ئەو لایەنانە لەحاڵی کارلێکدانو هەر لایەنەو نەخشو دەوری خۆی لەپێکهاتەی بەرهەمەکەدا هەیەو بەزمانی تازەی رەخنەیی دەبێ بگوترێ کەهەر یەکێك لەو لایەنانە تاڕادەیەك دەور لەنووسینو زیندوو راگرتنو خوڵقاندنی نووسین یان دەقدا دەبینێ.

جالەم پرسیارەداو لەپرسیاری پێشووتریشتاندا مەسەلەی مەرگی نووسەر هاتۆتە گۆڕێ. ئەمە زاراوەیەکی رەخنەیی تازەیەو دەگەڕێتەوە بۆ بونیاد گەراو بونیاد شکێنەکانو، ئەوە ناونیشانی نوسینێکی رۆڵان بارتە.. هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە کەئێوە لەپرسیارەکەدا خستووتانەتە روو، بۆیە بۆ دەقێکی نووسراو نووسەرەکە گرنگ نییە، هەر کێیەك دەبێ بابێ، شەکپیە خاوەنی ئەو کەلەپورە شانۆییە بێ کە بەناوی ئەوەوەیە یان کەسێکی دی، یان خاوەنی هەر نەبێ گرنگ نییە، گرنگ بەرهەمەکەیە کەپەیوەندی تەواو لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکاتو بوونی بەندە دەبێ بەخوێنەرەوەو رەنگە لەئاکامدا پێویست بەڕەخنەگریش نەمێنێو ئەویش وەکو نوسەر بچێتە خانەی مەرگەوە، هەڵبەتە لێرەدا مردنەکە مردنی مەعنەوییەو دەرهەق بەدەقی نووسینەکەیە.. بەهەرحاڵ لەمیتۆدی بونیاد گەریو هەڵوەشانەوە گەریدا بایەخو گرنگی نووسەرو هاندەرەکانی نووسەر بەڕادەیەك لەتۆژینەوەی بەرهەمێکدا کەم دەبێتەوە دەگاتە رادەی سڕینەوەو نەمانو بەمەش دەگوترێ (مەرگی نووسەر).

وەکو گوتمان ئەوە ناوی گوتارێکی رۆلان پارتە دەربارەی ئەو مەسەلەیە.. واتە هەر کەپرۆسەی نووسین دەست پێدەکاتو نووسەر تەواو دەبێ ئیدی پەیوەندی نوسەرو خوێنەر دەپچڕێ. رەنگە ئەمە لەکۆنیشا بەشێوەی دیکە هەبوو بێ، بۆ نموونە ئەو حیکایەتو نەقڵو ئەفسانانەی لەکۆڕو مەجلیساندا هاتوونەتە گێڕانەوە، خاوەنیان نەبووە، گوتیار (راوی) دەوری خاوەنی ئەو بەرهەمانەی گێڕاوەو گوێگری کردووە بەشەریکی خوڵقاندنی ئەو بەرهەمانە.. هەڵبەتە نوسین، بەتایبەتی دەقی هونەری سەرچاوەی جیاوازی هەیەو هەموو ئەم جۆگەلە جیاوازانە لیەك رووباردا دەگیرسێنەوە کەئەویش خوێنرە خوێنەر.. بەهەرحاڵ یەکێتی نووسین بەتایبەتی دەق لەدەست پێکدا نییە، بەڵکو لەئەنجامو ئاکامدایە. یانی یەکێتی بەرهەمێك لەخوێنەردا بەرجەستە دەبێ نەك لەنووسەردا.. جابۆ ئەوەی ئایندەی نووسین دروست ببێ پێویستە ئەفسانەی نووسەر سەرنگوون بکرێو، بەبەهای مەرگی نووسەر، خوێنەر لەدایك ببێ. بەهەرحاڵ ئەمانە روانگەو بۆچوونو یاسای بنجبڕو پیرۆز نین. ئەم بۆچوونانە زیاتر هی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەو لەئاخرو ئۆخری سەدەی نێو براوداو لەهەرەتی برەوەی بونیاد گەریو بونیاد شکێنیدا گەییووەتە لوتکەی خۆیو رەواجی پەیدا کردووە.. دیارە ئەمەش پاپەندی پرۆسەی گۆڕانەو هەر بەو دەقەوەو تاسەر نامێنێ.

بەم پێیەو لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی رۆلان پارتدا ئەوە ساغ دەبێتەوە تارۆشنبیریو چالاکیە هزریو هونەرییەکان لەکۆمەڵگەدا بەرینترو گشتی تر بێ، واتا دیموکراتیکتر بێ، رۆڵی رێژەیی وەرگر (خوێنەر) لەپێکهێنانو پێناسەی چالاکییە هزریو هونەرییەکاندا زیاتر دەبێو دەوری نووسەر کەمتر دەبێ.

بەهەرحاڵ کەنووسین بەووشە سپێردرا، ووشە لەناو پێکهاتەی نووسیندا بوو بەتانوپۆی زمانو خوێنەر پەی بەڕەمزو رازی برد، ئیدی دەستکراوە تر دەبێ لەچۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکەداو پێویستی بەنووسەر نامێنێو نەمانی نووسەریش رەنگە نەمانی رەخنەگری بەدوادا بێو ئیدی هەم دەسەڵاتی نووسەرو هەم دەسەڵاتی رەخنەگر هەرەس دێنو خوێنەری جددی لەدایك دەبێو بەخۆی هەموو بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوەو بایەخی نووسینەکە دیاری

دەکات.. جالەم قۆناغەدا پێم وایە رەخنەگریش، هەڵبەتە بەمانا ئیستیعمارییەکە، دەمرێو کەس پێویستی پێی نامێنێ.

– ب.م. تەها: نووسین بە مانا گشتییەکەی هەڵگری کۆمەڵێك ئەخلاقیاتە، واتە نووسینێك نییە بەدەربێ لە ئەخلاق، سەرپاکی بوارەکانی دیکەش پێوەستن بە ئەخلاقەوە، بۆیە وا پێویست دەکا نووسەر پابەند بێ بە رێساکانی نووسینەوە تاوەکو مەهامە راستەقینەکانی نووسین بەرجەستە بکا، واتە دەبێ بەجۆرێ لەجۆرەکان پێوەست بێ بەو رێسایانەوە، ئەخلاقیاتی نووسین وەك چی؟

ح.ك. عارف: نووسین شێوەیەکە لەشێوەکانی ئازادیخوازیو مرۆڤپەروەری هەر کەدەستت دایێ ئیدی بتەوێو نەتەوێ دەبێ مولتەزیم بی. واتە یەکێك لەئەخلاقیاتی نووسین پابەندییە بەمرۆڤو ئازادی مرۆڤەوە، چونکە ئەم گەردوونە لەمرۆڤدا بەرجەستە دەبێو لەدەرێی مرۆڤدا هیچ حەقیقەتێك بوونی نییەو هیچ شتێك بایەخی نییە.. یەکێك لەئەخلاقیاتەکانی دیکەی نووسین بریتییە لەنەدۆڕانی ئەنجامدا لەخوێنەرداو بەخوێنەر بەرجەستە دەبێو لەخوێنەردا بەردەوامی پەیدا دەکات، بۆیە نووسەر دەبێ ئەو خاڵە دەرك بکاتو راستگۆیانەو دوور لەهەر ریاو ریاکارییەك خوێنەر بکات بەشەریکی پێکهێنانی نووسینەکەیو متمانەی خوێنەر نەدۆڕێنێ.. کاری نووسین، قاڵب شکێنیو شۆڕشگێڕانە، واتە شۆڕش لەدەروونو سایکۆلۆژیەتی خوێنەردا بەرپا بکاتو ئەقڵی بوروژێنێو لەزەتێکی ئەقڵی گەورە، واتە لەزەتێکی ئەبستمۆلۆژی پێ ببەخشێو تاك لەدرێژایی زەمەندا هەست بەبوونی خۆی بکاتو هەرگیز بەوە قابیل نەبێ دیکتاتۆریەت ببێ بەشتێکی هەمیشەییو جیهانگیر، بۆیە نوسین موغامەرەی مانو نەمانە، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسانە، نووسەر دەبێ بەتەواوەتی پابەندی بێو بەیەکێك لەئەخلاقیاتی نووسینی بزانێ.. بەهەرحاڵ..

– ب.م. تەها: بیریارو زاناو نووسەری گەورە (مەسعود موحەممەد) لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت (گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لە بڕینی زمانی باشترە)، واتە نووسەری خاوەن هەڵوێست و داهێنان، واتە نووسەرێ سیمبولو پێشەنگ بێو

ئـازادی مەبەسـت بـۆو کۆمەڵگـە لـە مەترسـییەکانی دواکـەوتوویی و دەردە کۆمەڵایـەتی و سیاسییەکان وە ئاگا بهێنێ، نووسـینەکانی بـە جـۆرێ بن وەعـی ڕۆشنبیری و ئینسانی بخولقێنن، بەڕێزت چۆن لەم وتەیە دەڕوانیت؟

ح.ك. عارف: (گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لەبڕینی زمانی باشترە).

هەرچەندە پێم وایە ئەو رستەیە لەسیاقی خۆیو لەمەتنی خۆی دابڕێنراوەو بەم رووتیو قووتییە وەکو پێویست چەمكو مانای خۆی ناگەیەنێ، بەڵام گومان لـەوەدا نییـە ئـەم رسـتەیە زادەی هامـاجێکی دکتاتۆریـەت زەدەیـەو جـۆرە تاریخیەتێکی لەخۆگرتووەو رەمزیەتی پەیدا کردووە.. بەشێوەیەکی گشتی دادو بێدادە لەدەست ستەمو زۆرداریو نەبوونی ئازادی کەبۆ نووسـەر لـەئاوو هـەوا فەرزترە. هەڵبەتە من پێم وایە نەگرتنی قەڵەمی نووسەرو نەبڕینی زمانی هیچیان نەڕەوانو نەباشـن، بـەڵام لەکەشوهەوای دکتاتۆریەتدا، کـەمرۆڤ ناچـاری بـەراورد یـان هەڵبـژاردن بکـرێ، ئـەوا پـێم وایـە چـاری ناچـارە دەبـێ بـەراورد بکـا یـان هەڵبژاردنەکـەی بـەتۆبزی لـەنێوان خـراپو خـراپتردا بـێ، دیـارە لـەو حاڵەتـەدا خراپەکە هەڵدەبـژێردرێو پێشی دەگوترێ هەڵبـژاردن!! بۆیـە لـەو جـۆرە کـەشو هەواو هامەجەدا، نووسین دەبێ بەجۆرێك لەموغامەرە، موغامەرەی مـانو نـەمان، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسان، واتـە دەبـێ بەخـەباتێکی شارستانیانەو هیچ خەباتێکیش بێ بایەخ نابێ.

بێگومان ووشە لەدوای پەیامبەران هی نووسـەرانەو نووسـەران بۆشایی ئـەوان پـڕ دەکەنـەوەو ئـەرکی هـەرە سـەرەکی نووسـەر مـرۆڤو ئازادی مرۆڤـە.. کەئەمـە ئەکرێ نووسەر بێ، دەبێ بێ هیچ ترسو دوو دڵییەك ئازادی بێ قەیدو شـەرتو ئـازادی موتڵـەقی بـدرێتێ، چـونکە پیشـەی نووسـەری خـۆی لەخۆیـدا جـۆرە عیبادەتێکـەو راسـتگۆیانەو دوور لەهـەر دووڕوویيـەك لەپەرسـتگەی ئەفرانـدندا دێتـە ئەنجامـدانو هەوڵدانـە بـۆ وەدەسـت هێنـانی جـۆرە نەمرییـەك. نووسـین خۆراکی ئەقڵو رۆحە، هـزر دەخـەملێنێ، سۆزی مرۆڤايەتی جۆش دەدا، خـودو ئاسـتی خـود بـەرز دەکاتـەوە، زەوق دەپـاڵێویو مشـتوماڵی دەدا، دیـارە ئـەم کەڵکەڵـەی وەدەسـت هێنـانی نەمرییـە، لەچوارچێوەی تاقـە کـەسو تـاك تـاکی کۆمەڵدا نامێنێو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. چونکە نووسینی رەسـەنو دوور ڕێگـە

بۆ ئاوێتەبوونی خودی پاکیزەو پالێوراو لەگەڵ کۆمەڵدا خۆش دەکات. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.. لەسایەی سیستەمی پۆلیسیو سەرکوتکەردا کەشوهەوای سامناك دەخوڵقێو بەرەبەرە خەڵکەکە خووی پێوە دەگرێو لەسەری رادێو هەموو قسەکردنو ئازادی دەربڕینێك دەبێ بەبڤەو قسەش کەڤافی هاتو نەکرا، زەین کوێر دەبێ. نووسەریش لەکەشو هەوای ئاوا خنکێنەردا زەینی قەڵەمەکەی کوێر دەبێ، چونکە چەند یاخیش بێ، ئەوا هەندێ درەنگتر لەگەڵ بارودۆخەکەدا رادێ. کەراشهات یادەبێ بکەوێتە سازشو تەسلیم بوون، یادەبێ قوڕو قەپی لێبکاتو زمانی خۆی کۆتو زنجیر بکات. هەردوو هەڵوێستەکە زۆر خراپنو دوژمنی قەڵەمو داهێنانو نوسینن...

جا پێم وایە وتەکەی مامۆستا مەسعود محەمەدی رەحمەتی بانگەوازێکی بێ چەندو چوونە بۆ ئازادی، لەکەشو هەوایەکی خنکێنەردا، پەیڤی خۆی گوتووە. بۆیە نووسەری رەسەنو خاوەن گوتاری مرۆڤانی لەسەرێتی لەهەر کەشو هەوایەکدا بێو بەهەر شێوەو شێوازێك بێ ئاوێکی وەها بڕێژن کەدەسەڵات پێیان نەوێرێو هەمیشە وەها سەیر بکرێن کە لەسەرووی دەسەڵاتەوەنو لەوێندەرەوە بەردەوام بن لەسەر شۆڕشگێڕاندنی هەموو لایەنەکانی ژیانو مەحەبەت بکەن بەئاییینی سەر لەبەری مرۆڤایەتی.

ب. م. تەها: ڕای بەڕێزت چییە بەرامبەر بەو قەڵەم ڕەشانەی کە بە قەڵەمەکانیان ئاگری شەڕی ناوخۆیان تاوداو و بوونە ئاگر خۆشکەری ئەو شەڕە براکوژی و کوردکوژییە، کۆمەڵی کوردییان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیو ڕۆشنبیرییەوە تووشی هەزار دەردو ئافەتان کرد، تا ئەمڕۆکەش کۆمەڵی کوردی وەدەست ئەم دەردانەوە دەناڵێنێو تاکی کوردییان تووشی دەیان گرێی کۆمەڵایەتی خراپ کردەوە؟

ح. ك. عارف: خەڵکانێکی زۆر لەئەهلی قەڵەمو ووشە پێیان وایە نووسین هۆیەك نییە لەهۆیەکانی گوزارشت کردنو بەیان، بەڵکو ئامرازی هەرە کاراو کاریگەری گەڕانو پشکنینو کەشفکردنو رۆچوونە بەناخی دیاردەو رووداو شتەکاندا، بەمرۆڤانی کردنێکی هەرەجوانی شتەکانە. کەواتە نوسین دەبێ زۆر راستگۆیانە بێ، حورمەتی زمان بگرێ کەبنەمای هەرە سەرەکی نووسینەو

بەتۆبزیو ناچاری شتی لێبار نەکات و نەیهێنێتە گۆ، چونکە ئەو کەسەی حورمەتی زمان نەگریو ناچاری بکات بەنەبەدڵی شتێك بڵێ، ئەوا تووشی گەوجە گەوجێکی زۆر دەبیو وردە وردە دەکەوێتە سازش لەگەڵ دەسەلاتداو بەرەبەرە تەسلیم دەبیو بەخۆی فەرمانی لەسێدارەدانی نووسەرایەتی خۆی مۆر دەکات و ناسنامەی (نۆسەر)ی هەڵدەگریّ. جائەو (قەڵەم رەشانە)ی کەئێوە باسیان دەکەن خەڵکانێکن هەموو پێوەرە مرۆڤانیو ئەخلاقییەکانیان بەزاندووەو بوون بەکەسێکی دیکتاتۆر سازو شەریکی هەر هەموو ئەو تاوانانەن کە لەشەڕی ناوخۆدا ئەنجامدراون.

دیارە دیکتاتۆرساز زۆر تاوانبارترو خەتابارترە لەخودی دیکتاتۆر.. چونکە ئەوانە دەبن بەخەڵکێکی درۆزنی رمۆزنی زمان لووسی عەوام خەڵەتێنی، ریبابێژی هەرزەوێژی خوازەڵۆکی پولەکی چاوچنۆکی وێڵی دەریی مێژوو.. هەقە ئەوانە بەبەڵگەی دروست و بنجبڕەوە لەقاو بدرێن و . ئەلبێر کامۆ قسەیەکی جوانی هەیە کەدەڵیّ لەدنیادا هیچ ئابڕووچوونێك لەوە گەورەتر نییە کەمرۆڤیّ بدینی مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکریّ.

جاوەرە تۆ نووسەربەو کار بۆ ئابڕوو بردنی هاوڵاتیو هاونەژادی خۆت بکەی، فەتوای کوشتن و بڕین و ورە هەندەکردن و دەربەدەر کردنی بدەیو دیکتاتۆرانی لێ هانبدەی.. دەبیّ ئەمە چ ریسواییو ئابڕووچوونێك بیّ خودایە!!

ب. م. تەها: بەڕێزت زیاتر مەیلت بەلای وەرکێڕاندایە ، ئەمەش لە بەرهەمەکانتدا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ح. ك. عارف: گومان لەوەدا نییە کەپەیوەندی نێوان میللەتان بەجۆریّ فراوان بووەو بەرادەیەك تێکرژاوە، هەموو میللەتان خەریکە دەبن بەشەریك لەبەرهەمهێنانی هزرو فەلسەفەو هونەرو رۆشنبیریو ژیارو شارستانیەتدا، هەر ئەم دیاردەو رووداوانەو لق و پۆپی ئەو دیاردەو رووداوانە کردوویانەتە کارێك کەوەرگێڕان و پرۆسەی وەرگێڕان ببیّ بەکارێکی زۆر پێویست و دەبیّ لەزانکۆکانی کوردستاندا کۆلێژی تایبەتی بۆ بکرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنریّ.. چونکە هیچ میللەتێك ئەمڕۆکەو لەم رۆژگارە جەنجاڵەدا ناتوانیّ بەتەنیّ هەموو بوارەکانی رۆشنبیریو ژیاریو شارستانیەت بەرهەم

بهێنێ، بۆیە وەرگێڕان بووە بەکارێکی هەرە پێویستو فاکتەرێکی هەرە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی رۆشنبیری، کۆمەلاّیەتیو سیاسیو ئابووری میللەتان پێکدێنێ، بەهەرحالّ کتێبخانەی نیشتیمانیو نەتەوەیی هیچ میللەتێك، ناتوانێ بەبێ وەرگێڕان دەولّەمەند ببێو رەونەق پەیدا بکات.

رەنگە ئەو خالاّنەی بەخێرایی ئاماژەم پێکردن هاندەرێك بووبن کە تاڕادەیەك بایەخم بەکاری وەرگێڕان داوە. هەلّبەتە بەرنامەداری لەوەرگێڕاندا کارێکی گەلێك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمو کارە فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیانەوە دەست پێ بکرێ کە لەگەلّ باری واقیعی کۆمەلاّیەتیو مێژوویی ئەو قۆناغەدا کەمیللەتی تێدایە بگونجێو خێرایی بەرەوتی گەشەسەندنو بەرەو کاملّ چوونو پێگەیشتنی ئەو قۆناغە کۆمەلاّیەتیو مێژووییە ببەخشێتو ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیریو شارستانی چێدەکات. بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێڕان کەبریتییە لەگوێزانەوەی شێلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتری لەچوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەکی رێكو پێکدا ئەنجام بدرێ: روو لەوەرگێڕانی ئەو کتێبو شاکارانە بکرێ کەبایەخی رۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لەکاروانی بەرەو پێشبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

ب.م. تەها: بەڕێزت بەو پێیەی ئەزموونێکی ئێکجار زۆرت هەیە لە بوارەکانی وەرگێڕاندا، خەسلّەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو کامانەن؟

ح.ك. عارف: دیارە وەرگێڕی چاك پێویستە بەلای کەمەوە کۆمەلّێك خەسلّەتی تێدابێ، کەرەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەم خالاّنەدا چڕ بکرێنەوە. وەرگێڕ دەبێ کەسێکی بەهرەداری ئەوتۆ بێ، کەتواناو بەهرەکانی لەئاستی تواناو بەهرەکانی خودی نووسەری بەرهەمە ئەسلّییەکەدا بێ، واتە بەم پێیە وەرگێڕ دەبێ بەخۆیشی نووسەر بێو نووسەرێکی چاك بێ تابتوانێ بەرهەمێکی چاك وەربگێڕێو نووسەرانە بتوانێ ژیانو جوولّە وەبەر ئەو بەرهەمەدا بکات کەوەری دەگێڕێت.. دیارە تواناو بەهرەی وەرگێڕ پتر لەوەرگێڕانی گەورەدا دەردەکەوێ، ئاشکراشە کەکاری گەورە هیمەتی گەورەی دەوێ.. وەرگێڕ دەبێ کەسێکی زمانزان بێ، تایبەتمەندییەکانی زمان هەلّبێنێ، کەلتوور دۆست بێ، وردو تیژو سەرنجو زیرەكو بەزەوقو خۆش سەلیقە بێ، ویژدانی کاری هەبێ، پشوو

درێژو پرسا بێ، هەمیشە فەرهەنگی لەبەردەستدا بێو لەبچوکترین دوودڵیو گوماندا بگەڕێتەوە سەری.. وەرگێڕان مەسئولیەتێکی گەورەیە، جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە، وەرگێڕان کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێڕ نەلەبەر بێتاقەتی پەنای وەبەر دەباتو نەلەبەر ئەوەیە کەخۆی ناتوانێ بنووسێت. وەرگێڕ نابێ دەست بداتە وەرگێڕانی کارێك کەدەرەقەتی نەیات، چونکە لەحاڵی وادا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانی وەرگێڕ.. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی زۆر جدی بێو جیهانبینییەکی رەخنەیی هەبێو بەتەواوەتی چەمكو رۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە، ریتمو ئاهەنگی نووسەر بپارێزێو تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقەکە کەشف بکاتو رەمزو ڕاکان بپارێزێ.. زەمەنو کاتی ئەو فرمانانەی بەکار هاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە کەزەمەنەکە شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێو لەسکەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.

وەرگێڕی سەرکەوتوو، دەبێ بونیادی ڕستەکانی نووسەر، بەتایبەتی ڕستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپارێزێ.. خاڵبەندی، بەشێکە لەپێکهاتەو بونیادی دەقو شێوازی هەر نووسەرێك، واتە بەشێکە لەقولایی دەق، بۆیە وەرگێڕی چاك دەبێ زۆر بەجددی رەچاوی بکات، دەنا ئاهەنگو چەمكو مانای دەقە ئەسڵییەکە دەشێوێ.. لەوەرگێڕاندا، وەرگێڕ نابێ بێت بەرگێکی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێڕاوەکەدا بکات کەخوێنەر بڵێ لەتۆ وایە لەبنەڕەتدا بەکوردی نووسراوە، واتە کوردانـدن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕان نییە، چونکە دابو نەریتو تایبەتمەندیو رەنگو بۆی ئەو ژینگەیەی کەکارە وەرگێڕدراوەکەی تیادا بەرهەم هاتووە، نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە، کەیەکێکە لەخەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو ئیدی نازانم.

ب.م. تەها: شارستانیەتی ئەوروپا لە پێش بەرقەرار بوونی لە گشت بوارەکاندا سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری... بزوتنەوەو قوتابخانەگەلێکیان پێك هێنا بۆ وەرگێڕانی کتێبە وێنانیو ئیسلامییەکان، لەم ڕووەوە تەعزیز کردنی ماددیو مەعنەوی نووسەرانو وەرگێڕەکانیان کردە پیشەی خۆیان لە پێناو دروست بوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و بە مەرکەزبوونی، لە سەردەمی

عەبباسییەکانیشدا بەهەمان شێوە، ئیدی لێرەکانەوە وەرگێڕان پردی پێوەندی ڕۆشنبیری نێو میللەتانە، لەم ڕوانگەیەوە ئاستی وەرگێڕان لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی، لەم پێناوەدا چ بکرێت باشە؟

ح.ك. عارف: ببورە ئەگەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هەندێ درێژدادڕی بکەم، چونکە پرسیارەکە ئەوە هەڵدەگرێ. بەهەرحاڵ ئەگەر بگوترێ مرۆڤ بەوشەوە مرۆڤایەتی پەیداکردووە ڕەنگە نەبێتە زێدەڕۆیی. هەموو دەزانین وشە خۆی لەخۆیدا جفرەو ڕەمزە، مرۆڤ خۆیو دەستکەوتەکانی خۆی پێ دەگێڕێتەوەو تۆمار دەکات.

مرۆڤ بەر لەووشەو بەر لەبەکارهێنانی ووشە بوونەوەرێکی بێدەنگ بووە.. پاشان لەڕێگەی ووشەوە زمانی کراوەتەوەو نوتقی پەیدا کردووە، ئەمەش وەرچەرخانێکی یەجگار مەزن بووە.. هەر ووشەیەك بگری ئاوسە بەهزر، هزریش دەلالەت لەشتێك یان کۆمەڵێك شت ئەکات.. واتە هزر لەبنەڕەتدا پڕۆسەیەکی ڕەمزیو ڕەمز ئامێزی گەورەیەو دەلالەتی دوورو وردی خۆی هەیەو لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ گۆڕاوەو مرۆڤایەتی پەیدا کردووە. ئیدی مرۆڤ بەرەبەرە هەموو چالاکییە فەلسەفیو هزریو زانستیو هونەریو ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بەووشە سپاردووەو خۆیو ڕابووردوی خۆی تۆمار کردووە، لەنزیکەوە ئێستای گێڕاوەتەوەو نەخشەی ئایندەی داڕشتووە..

بەهەرحاڵ وەرگێڕان شەرعیەتی خۆی لەپێداویستییە مرۆڤایەتییەکانەوە وەرگرتووەو هیچ میللەتێك ناتوانێ فەرامۆشی بکات. ئەگەر فەلسەفەو هزرو هونەرو ڕۆشنبیریو زانست لەچوارچێوەی یەك زماندا قەتیس بمێنێ هەرگیز مەدای ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێت، چونکە گوتاری چالاکییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ، گوتارێکی دوورو بوردی هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ.

لەڕێگەی وەرگێڕانەوە بوردی ئاسایی خۆی وەردەگرێتو دەبێ بەموڵکی خەڵکانێکی دیکەو بەپێی پێویستی مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، لێی وەردەگرن، دەستکاری دەکەن، دەیگۆڕنو بەم جۆرە سەر لەبەری تیرەی بەشەر ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبن بەشەریکی بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی،

شارستانیەت لەڕێگەی وەرگێڕانەوە لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە دەچێتو بەرەبەرە هەموو دنیا دەگرێتەوە..

جا بەمەدا بۆمان بەدیار دەكەوێ كەوەرگێڕان خۆی لەخۆیدا داهێنانێكی گەورەیەو تەعاروفێكی شارستانیانەی میللەتانە لەگەڵ یەكتردا، فاكتەرێكی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی رۆشنبیریو هزریو هونەریو زانستیو كۆمەلایەتیو سیاسی میللەتان پێكدێنێو شەرعیەتی خۆی لەزەرورەتە مرۆڤایەتییەكانەوە وەردەگرێو هیچ میللەتێك ناتوانێ دەستبەرداری بێ. جا با بێینە سەر وەرگێڕان لەلای خۆمانو چەند سەرنجێكی خێرای بدەین.

*گومانی تیدا نییە كەكتێبخانەی كوردی، یەكێكە لەكتێبخانە هەژارەكانو بەو حاڵەشەوە دەبینی ئاستی هۆشیاری خەڵكی كورد تاكو ئێستاش هێندە نزمە كەكاری وەرگێڕان بەكارێكی كەمو سووك تەماشا دەكەن.

رەنگە زۆر كەس- هەڵبەتە لەڕووی نەفامییەوە- نامیلكەیەكی ناشیعری كاڵو كرچی پێ پەسەندتر بێ لەوەرگێڕانی شاكارێكی هزری یان فەلسەفی یان هونەری یان زانستی جیهانی!!

*بێ بەرنامەیی لەوەرگێڕاندا زاڵە، دیارە ئەمە زۆر مەترسیدارە، چونكە لەم رۆژگارەی ئێمەدا هیچ شتێك بەبێ بەرنامە نابێ، گەر بگوترێ هیچ شتێك لەدەرێی بەرنامەو بەرنامەداریدا وجودی نابێ، زێدەڕۆیی نییە. بۆیە بەرنامەداری بۆ كاری وەرگێڕان گەلەك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمە فەلسەفیو كارە هونەریو زانستیانەوە دەست پێبكرێ كەخێرایی بەرەوتی بزاڤی كەلتووریمان دەداتو دەوڵەمەندی دەكات. بۆیە پێویستە بەپێی بەرنامەیەكی رێكو پێك رۆشنبیریو ئینسانیو فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیو ژیانی تۆماركراوی میللەتان بۆ زمانەكەی خۆمان نەقڵ بكەین، تا لەلایەكەوە زمانەكەمان دەوڵەمەند بكەینو سەدان زاراوەو ووشەی هاوچەرخ بڕژێتە ناو زمانەكەمانەوەو ببێ بەزمانی بەرهەمهێنانو بەخششی رۆشنبیریو زانستیو هونەریو لەلایەكی ترەوە بیرو بیركردنەوەی خۆمان بەئەزموونی پێشكەوتووانەی میللەتانی موتوربە بكەین.

*دیارە ئەم نەفەس کورتیو بیرکردنەوە سەقەتە داخراوە وای لێکردووین بەزۆری پەلاماری شیعرۆکەیەك یاکورتە چیرۆکێك گووتارۆکەیەك یانووسینێکی سەرقەی نەرمە قووت بدەینو خێراو بەکاڵوکرچی تەرجومەی بکەینو لەم بلاڤۆكو لەو رۆژنامەو غەزەتەدا بیان کەین بەئاردی نێو دڕکانو چ کاریگەرییەکی رۆشنبیریو ئەدەبیو هونەرییان لێنەکەوێتەوە.
هەڵبەتە ئەم جۆرە پاشاگەردانییە خزمەتێکی ئەوتۆ بەکتێبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەك بەسەر ئەدەبیاتو رۆشنبیری میللەتاندا، بۆ هونەرو رۆشنبیری کوردی دەستەبەر ناکاتو چ هەناسەیەکی تازەی بەبەردا ناکاتو نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوە خۆماڵییەکانی داهێنان.
*وەرگێڕانی شاکارەکانی جیهان یەکێکە لەئەرکەکانی وەرگێڕ، مەخابن ئەم کارە تائێستا لەلای ئێمە نەکراوەو شاکارە رۆشنبیریو فیکرییەکانی جیهانمان بەجەماوەری خوێنەری کورد نەناساندووەو نەمانتوانیوە بەئەمانەتو وەفادارییەوە وەریان بگێڕینو بیان خەینە بەردەست خوازیارانی رۆشنبیری..
بۆیە پێویستە تازووە ڕوو لەوەرگێڕانی ئەو کتێبو شاکارانە بکرێ کەبایەخی رۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لەکاروانی پێشڤەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.
وازهێنان لەوەرگێڕانی پەراگەندەو بەرهەمی کەم بایەخو نیمچە مردوو.. رەچاوکردنی پسپۆڕیو حەزو زەوق لەوەرگێڕاندا، واتە هەر بابەتێك پێویستە خەڵکی پسپۆڕو شارەزای خۆی وەری بگێڕێ، پزیشك نەچێ بەلای بابەتی ئەندازەوە، ئەدیب نەچێ بەلای بابەتی تەکنیکییەوە، چونکە ئەمە جگە لە سەقەت بوونی بابەتەکە پاشاگەردانیو کێشەی دژواری زمانەوانیشی لێدەکەوێتەوە.
پێویستە ڕێز لەکاری وەرگێڕ بگیرێو وەرگێڕەکان لەسەر زاراوە هەمە پەسەندو زانستیو چەسپاوەکان بگرن. دەرگا فەرمییە رۆشنبیرییەکان وەرگێڕە بەتواناکان بەسەر بکەنەوە، دەستیان بگرن، هانیان بدەن کەشاکاری هونەریو رۆشنبیریو زانستی بەزمانی پاراوو ڕەوان وەربگێڕن، چونکە بەم کارە هەم توانا و بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەملێو هەم بەهرەو سەلیقەی بەراوردو

جیاکردنەوەی بەرهەمی رەسەن لەبەرهەمی نارەسەنو بازاڕی دەرسکێ. ئەمە لەدوا ئەنجامدا خزمەتێکی فرە بەنووسینی خۆماڵیش دەکات. چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێو ناوێرێ بەرهەمی کاڵو کرچ رەنگماڵ بکاتو بەنرخی شاکاری هونەری رەسەن بەخوێنەری بفرۆشێت..

هەروەها پێویستە گۆڤارو خانەی تایبەتی بەوەرگێڕان دابمەزرێو بدرێتە دەست خەڵکانی شایستەو کارامەو ئەهلی مەیدانەکە.. نەك بدرێ بەخزمو کەسوکاری ئەم مەنسوولو ئەو مەسئولی ئاخر زەمان.. هەروەها لەزانکۆکانی کوردستاندا، کۆلێژی تایبەتی بەوەرگێڕان بکرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنرێ، چونکە بەراستی ژمارە کادیرانی بواری وەرگێڕان زۆر کەمنو زۆرجار گومان لەتواناو دەسەڵاتی وەرگێڕییان دەکرێو زۆربەی کات لەهەڵبژاردنی بابەتدا ناسەرکەوتوون، بەرهەمی کاڵو کرچ بەزمانی سەقەتو نامەفهووم دەخەنە بازاڕەوە.. ئەمە جگە لەوەی کەوارە زانستو فیکریو فەلسەفییەکان بەتەواوەتی فەرامۆش کراونو کەم کەس خۆی لێدەدا.. خۆ مۆسیقاو سینەما هەر باس مەکە.. ژارۆ کتێبخانەی کوردی.

بەڵێ واری وەرگێڕان پاشاگەردانییەکی زۆری پێوە دیارەو دوور لەهەموو نەخشەو بەرنامەو پلانێكو بەپێی خاوسی بەناو کەوتووین، رەنگە هەژاری کتێبخانەی کوردیو خەمساردی پسپۆڕان فاکتەرێکی بنەرەتی ئەم پاشاگەردانییە بێ... هەڵبەتە لەئەنجامی ئەم پاشاگەردانییەداو بەهۆی بێ توانایی گەلێك لەوەرگێڕەکانمانو بەحوکمی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی ئەسڵیو وەرگێڕاوەو دووچاری بەدوەرگێڕان بووینو ئەم دیاردەیەش روو لەزیادییەو خەریکە هەرەشە لەشێواندنو سەقەت کردنی زمانەکەمان دەکات. بەلێشاو رستەو دەستەواژەو رستەبەندی هەڵەو بێ بنجو بناوانی زانستیو دوور لەتەبیعەتی زمانی کوردیو سەرباری ئەمەش نامەفهووم واخەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێرانکردن دەبات.

ئەم دیاردەی بەدوەرگێڕانو شێوانی زمانە زۆر بەزەقی لەکتێبی قوتابخانەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم ئەو کتێبانە بەقۆنتەرات دراونەتە وەرگێڕانو ئەو بەدوەرگێڕانەش رێژەی دەرچوونی قوتابیانی تەواو کەم

کردۆتەوەو.. ئەمە جگە لەوەی ئەو زمانە سەقەتەی ناو قوتابخانەکان تەشەنەی کردووە بۆ ناو کەناڵە هەمە جۆرەکانی راگەیاندن (نووسراو، بینراو،و بیستراو). هەڵبەتە گەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی کوردینووسو کوردیزان دەچنە قاتیو مەگەر بەچراوە بۆیان بگەڕێی.

هەڵبەتە خەتەری گەورەی شێوانی زمان لەوەرگرتنی ووشەی بێگانەدا نییە، بەڵکو لەوەرگرتنی ئەو دارشتنو رستەبەندییە ناکوردیانەدا کەهەندێ وەرگێڕ لەبەر نابەلەدیو تەمەڵی خۆی خێرا وەری دەگرێو.. ئیدی بەرەبەرە ئەم زمانە سەقەتە دەبێ بەزمانی باوو وەرگێڕانی پچڕ پچڕو نیوەچڵ کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکانو پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسینو ئەدەبیاتی تازەو نەوەکانی دی کەچاویان بەبەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ لەهەڵەو بیسەرو بەردەکەوێ واهەست دەکەن کەئاڵۆزیو پچڕپچڕی بابەتەکە بۆ خۆی جۆرە شێوازێکی نوێیە.. جا لەبەرئەوەی نەوەی تازە هیچ پشتیوانییەکی رۆشنبیریو سەرچاوەیەکی دیکەی فیکریو فەلسەفی تری نییە، بۆیە خێرا دەکەونە لاسایی کردنەوەی ئەو زمانە سەقەتەو گوایە رۆشنبیری سەردەمی خۆیانی پێ بەرهەم دێنن.. بۆیە سەیر دەکەی گەلێك لەو خوێنەوارانەی کەپەیوەندی هەرە سەرەکیان لەگەڵ رۆشنبیری جیهانیدا، لەرێگەی ئەو وەرگێڕانە سەقەتو شێواوانەوەیە، بێ ئەوەی تاقە یەك زمانی زیندووی جیهانی یان ناوچەیی بزانن، وەکو دەم سپیو نوێنەری رۆشنبیری خۆ لەقەرەی مالیجەو چارەسەری گەورەترینو گەرمترین کێشەی رۆژی ئەم دنیایە دەدەن بێ ئەوەی پشت بەتاقە سەرچاوەیەك دەرەجەیەك ببەستن، دێن سەرچاوە دەرەجە چوارو پێنجە لەبنەڕەتدا شێواوەکان کاوێژ دەکەنەوەو دەیتەقێننەوەو خەڵکەکە بێ چ قێز کردنەوەیەك هەڵیدەگرنەوەو تارادەیەکی زۆریش پێی قایلنو بانگەشەی هزرڤانیو پیتوڵیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەنو ئیدی لەچەندین لاوە دەهۆڵو زوڕنایان بۆ لێدەدەن.

گەر هەندێ وورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلەك نموونەو دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعری زادەو لەدایك بوونی ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین.. راستە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی قۆناغو پێداویستی

کۆمەڵ دەگۆڕێو تازە دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەبنەما سەرەکییەکانی نەمێننو هەڵوەشێنەوە. لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کەئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکی فرە خێراو خۆشبەزەوەو تەکنولۆژیا میللەتانی تەواو لێکدی نزیک کردۆتەوە.. مرۆڤایەتی پێویستە بەشداری بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی کەونی بکات، ئەگەر هەر بەم خەم ساردییە بمێنینەوەو بەتەما بین لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئەدیبانی ڕەسەن کاریگەر- بەپشتیوانی نامیلکەی شیعر کاڵو کرچو کۆمەڵە پیرۆکی پەرپووتو بێ ڕەونەقو کەم نموودەوە ببین بەخودانی کتێبخانەی دەوڵەمەند، ئەوا کاتێ بەخۆ دەزانین لەهەموو جەژنان بووینو دەستمان لەبنی هەمبانەوە دەرچووە بۆیە دووپاتی دەکەمەوە بەبێ وەرگێڕانی بەرنامەدارو بەردەوام نابین بەخاوەنی کتێبخانەی دەوڵەمەندو نەوەیەکیش پشت بەوەرگێڕانی نادروستو بێ سەروبەر ببەستێ هەرگیز ناتوانێ ببێ بەئاڵا هەڵگری بزاڤی ڕۆشنبیری ئاێندە.

ب.م. تەها: لەو بەرهەمانەی تاوەکو ئێستا کوردانددووتن لەڕووی فیکرییەوە بەکام نووسەریان کاریگەر بووی؟

ح.ك. عارف: بەرهەمم زۆرە پتر لەهەفتا کتێبە، وەرگێڕان بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەی پێکهێناوە، زۆربەی زۆری ئەو بەرهەمانە بەخۆمو بەدەم خوێندنەوەوە بۆ وەرگێڕانم هەڵبژاردوونو هەستم کردووە بۆشاییەك لەکتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکەنەو.. یەکێك لەو نووسەرانەی کە لەڕووی فیکرییەوە خۆشم ویستووە، د. فوئاد زەکەریای هزرڤانی عەرەبەو لەخزمێکی خۆمم خۆشتر دەوێ.. بەداهەوە تەنیا یەك کتێبی ئەو نووسەرە هێژایەم کردووە بەکوردی (گوزارشتی مۆشیقا) ئەم کتێبەم لەهەشتاکاندا، لەچیاو بەدەم پێشمەرگایەتییەوە کرد بەکوردیو ئەوسا لەژمارە (یەکی) گۆڤاری کەلتووردا بڵاومان کردەوە. ئێستاش، لەساڵی 2006دا لەلایەن یانەی قەڵەمەوە وەکو کتێب چاپو بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤاری کەلتوور، یەکێك بوو لەگۆڤارە زۆر چاکەکان، تەنیا چوار ژمارەمان لێدەرکرد. کاك محەمەد موکری سەرنووسەرو بەندە سکرتێری نووسینی بووم. هەر ژمارەیەکی پتر لە دە کتێبی نایابو هەڵبژاردەی لەخۆ گرتووە.

هەقە ئەو ژمارانە وەکو خۆیان چاپ بکرێنەوەو بەنوسخەی زۆر بڵاو بکرێنەوە.. کێ ئەمە بکات؟! خەمخۆرانی رۆشنبیری..

ب.م. تەها: ئەمساڵ فەرهەنگێکی گەورەو نازدارت بەناوی (گۆڤەندو زنار) پێشکەش بە قوتابخانەی کوردی کرد، بەرگی یەکەمی چاپکراوەو دووەمیش لە ژێر چاپدایە، لە ڕووی فەرهەنگنوسییەوە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە لە کوێدایە؟

ح.ك. عارف: (گۆڤەندو زنار) لەبواری کاری فەرهەنگنووسی کوردیدا، هەوڵێکە لەنێو هەوڵەکانی تری ئەو بوارەدا، ئەگەر لەهەوڵەکانی پێش خۆی سەرکەوتووتر نەبێ، ئەوا هەرگیز کەمتر نییە.

بیرۆکەی ئەم فەرهەنگە لەئەنجامی کاری وەرگێڕانەوە لەلام دروست بوو.. چونکە کاری وەرگێڕان بەبێ پشتیوانی فەرهەنگ نابێ و زۆر زەحمەتە.

بەهەرحاڵ فەرهەنگی (گۆڤەندو زنار) ئەو کارەیە کەتوانیومە بیکەم، ئەوە نییە کەویستوومە. من ئەوەندەم پێکراوە، باخەڵکی دیکە زیاتر بکەن. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە لەبەرامبەر هەر واژەیەکی فارسیدا چەندین واژەی هاو واتای کوردی دانراوەو هەوڵێکە بۆ تۆمار کردنی زۆرترین ووشەی کوردی لەو بوارەدا، فۆنەتیکی ووشەکان بەهەردوو رێنووسی کوردی باوی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستانو بەڕێنووسی لاتینی کە لەنێو کوردی باکوردا بڵاوە، تۆمار کراوە، کەئەمە سنووره رێنووسییە نایەکگرتووەکەی ناو کوردەواری دەبەزێنێ و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان سوودی لێوەر دەگرنو لەو رووەوە کورد یەکدەخاتەوە.. خوا یاربێ بەو زووانە بەرگی دووەمیشی بڵاو دەبێتەوە.

**گۆڤاری نووسەری نوێ/ ژمارە** 37
**مایسی** 2007



# هەوڵێک لە پێناو بووژاندنەوەی ژیان و شیعرەکانی شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی

یادکردنەوەو ژیاندنەوەی ئەو زاناو نووسەرو شاعیرە بەرز بەرزانەی کە خزمەتیان بە ئایینو نیشتیمانو داهێنان کردوو ئەرکێکی فرە پیرۆزو جێی دەسگوشینە، هەولێکە لە پێناو بووژاندنەوەی ژیانو بەسەرهاتی زانایانو نێودارانی بەرزی نەتەوەکەمان، گەر بەوردی چاوێ بخشێنین بە ڕۆژانی ڕابردووی نەتەوەکەماندا، دەبینین دەیان کەسایەتی گەورەو ناسراو ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە پرینگانەوەی مێژووی نەتەوەکەماندا، هەقوایە شانازییان پێوە بکرێو لە لاپەڕە پرشنگدارو زیندووەکانی مێژووماندا بە خاسی باسیان بکرێ، ئیدی وا دەخوازێ قوڵی مەردایەتی لێهەڵماڵینو ئەو گومناوانە لە شەپۆلی فەوتانو لە نێوچوون ڕزگار بکەین، چونکە هەر ئەو مەردانە بوون زانیارییەکانیان بە ئەمەكو وەفاوە پێشکەش بە نەوەی نوێ کرد، شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی بە نمونە.

## مشتێك لە خەرمانی ژیانو بەسەرهاتی (بابا)ی شاعیر:

بابای شاعیر کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوسەمەدی بێدەنییە، لە گوندی بێدەنی بناری شارەزوور لە دایکبووە، حەفت ساڵان بووە بابی عەمری خوایکردووە، داکی لە ماڵی شێخ مەحمودی موفتی لە هەڵەبجە گلی داوەتەوە بە مەبەستی خوێندن، لەوێکان ماوەیەك ماوەتەوەو کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو عانەی فەقێیەتی تەواو کردووە، دواتر ڕێی کەوتۆتە بیارەو چاوی بە شێخ عومەری زیائوددین کەوتووە، بابا وەك سەرپاکی فەقێیانی کوردستان تامەزرۆو تاسووقی خوێندنو خوێندەواری بووەو چەندین ناوچە گەڕاوە بە مەبەستی خوێندن، زۆربەی زانستە ئیسلامییەکانی لە حوجرەکانی خوێندووە، لەوانە ( **علم النحو والصرف، علم البلاغة، علم الحديث، علم أصول الدين، الفقه، أصول الفقه، علوم القران، المنطق، الفلسفة**...)، بەم شێوەیە گەلێ لە زانستە باوەکانی ئەو سەردەمەی خوێندووە، پاش گەشتە زانستییەکانی ڕوو دەکاتە بیارەو لە سەر دەستی شێخ نەجموددین تەمەسوك دەکا، بابای شاعیر سۆفی مەشرەب بووەو لەم ڕووەوە پایەیەکی بەرزی هەبووە، باوەڕیاری ڕێبازی نەقشبەندی بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بووە و خۆش مەشرەب بوو، لە

ماوەی مانەوەی لە بیارەدا دەرسی بە فەقێیان گووتووەو سەرقاڵی ئەم کارە بووە.

## شیعرو شاعیرێتی شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی:

بابای شاعیر هەر لە منداڵییەوە هەستو سۆزی شیعری پڕاوەو لە ناخیدا چەکەرەی کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە لە ڕووی داڕشتنی شیعرییەوە بە قەوەت بێو بیرکردنەوەی فراوان بێ، جگە لە زمانی کوردی بە فارسیش شیعری نووسیوە، لە شیعردا پابەند بووە بە ڕێبازی کلاسیکی، نازناوی (بابا)ی لە خۆ ناوە، بە سروشت شاعیرێکی خێرلەخۆ نەدیو بووە، لە شیعرەکانیدا باسی لە دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی سروشتو بەهاری ڕازاوەو بەسەرهاتی مێژوویی و گەلێ بابەتی دی کردووە، شیعرەکانی بە هەستێکی کوردانەوە پێشکەش کردووە، هەتا بڵێی شاعیرێکی کوردپەروەر بووەو ڕووداوی فرە ناخۆشی مێژوویی لەم ڕووەوە تۆمار کردووە، ئیدی بەهای مێژوویی و ئەدەبی فرە بەرزیان هەیە، لە تەسەوفیشدا پایەیەکی گەورەی هەبووە، تەسەوفیش یەکێکە لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندبوونی ئەدەبی کوردی، بێگومان ڕێبازێکی گەورەی وەك ڕێبازی نەقشبەندی هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە لە سەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کەسانێکی زۆر ئاشنایەتییان دەگەڵ ئەم ڕێبازەدا پەیدا کردووەو شانازییان پێوە کردووە، لێرەکانەوە تەسەوف کاریگەری لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کردووەو وەرچەرخانی گەورەشی لە ئەدەبی کوردیدا تۆمار کرد.

گەر پشتاوپشت زانایانو مێژووناسانو نووسەرانو شاعیران سەردەمو بارو گوزەرانی خۆیان بکردایە سەر کاغەز ئەوا وەك ئاوێنەی باڵا نما هەموو شتێ تۆمار دەکراو وەچە بە وەچە یەك لە دوای یەك میچژووی ڕاستەقینەیان بەرەو هەورازتر دەبرد، بەهەرحاڵ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس گەلێ لە شیعرەکانی بابای تۆمار کردووە، وەلێکان بەداخەوە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەر شەپۆلی فەوتان کەوتوون، بابا گەلێ لەشیعرەکانی لە کەشکۆڵەکەی مەلا عەزیزی جوانڕۆییدا پارێزراو بووە، بەداخەوە ئەم کەشکۆڵە لەم چەند ساڵەی دواییدا

فەوتاوە، جگە لە شیعرەکانی بابا شیعری گەلیٚ شاعیری دیکەشی تیٚدا بووە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس گرنگی داوەتە شیعرەکانی باباو گەلیٚ لە شیعرە فارسییەکانی تۆمار کردووە.

لە شیعردا نازناوی بابای لە خۆناوە، ئەوەتا لەم دیٚڕە شیعرەدا کە بۆ مەلا ڕەئوف مەلا ئەحمەدی سائیبی نووسیوە دەڵیٚ:

ئەی (ڕەئوف) خاصییەتی صوحبەتی بابایە کەمن
ئـــەدەب ئامۆختـــــــەیی مەجلیسی عیرفـــانیٚکم

بەو پیٚیەی شاعیرانی کوردزمان پەروەردەی حوجرەو دەستی مەلا بوونە شارەزاییەکی ئیکجار زۆریان لە زانستی نەحوو سەرفو بەلاغەدا هەبووە، ئەمەش پاڵنەریٚکی باش بووە بۆ شیعر وتن، شاعیرانی ئەوسا لە گشت زانستەکانی حوجرەدا شیعریان نووسیوە، شیعرەکانی بابا زیاتر لە یەك مانا هەڵدەگرنو هەڵقوڵاوی بیریٚکی فراوانن، لەم دوو دیٚڕە شیعرەدا باس لە تەشەنەکردنی نەزانی دەکاتەوەو بەدەردیٚکی کوشندەی دەزانیٚ، زانای ڕاستەقینە بە لای باباوە ئەوەیە کە سوود گەیاندنی بۆ هەموان بەلاوە مەبەست بیٚ نەوەك هەر خۆی ببینیٚو حساو بۆ دەوروبەر نەکات:

زوڵمەتی جەهل ئەرچی زۆری سەندووە باکت نەبیٚ
نووری عیلمی عالمیٚکـــە عالـــەمیٚ تەنویر ئەکـا
پیـــاوی عالـــم دائیما نەفعی عمومی مەتڵـــەبە
جـاهیلی ناپیاوە هەر بۆ نەفعی خۆی تەدبیر ئەکا

بیٚگومان ژیانی فەقیٚیانی کوردستان پڕبووە لە دەردی سەریو ناڕەحەتی، بەتایبەت ئەگەر فەقیٚ تازە چووبیٚتە حوجرە، حوکمەت هیچ کاتیٚ دەسگیرۆیی نەکردوونو ژیانیان لەسەر گیرفانی خۆیان بەند بووە، ئەمەش هۆکاریٚ بووە بۆ خراپی باروگوزەرانیان، هەر لە کۆنی کرنەوە واهاتووە سروشتی حوجرە وابووە لە دوای نویٚژی بەیانی فەقیٚ دەستی کردووە بە دەرس خویٚندن تاوەکو نیٚزیك بانگی نیوەڕۆ، ئەگەر فەقیٚیەکی تازە بووبیٚ ئەرکی زۆر لەسەر بووە، لە لایەن هاوڕیٚکانییەوە نیٚردراوە بۆ ڕاتیبە کۆکردنەوەو چیٚشت کۆکردنەوە، جار جارەش دەت نراوە بە ڕوویەوە، زۆربەی کاتەکان کارەکانی سەرشانیان بە هەرەوەزی

بووە، فەقێ بە هەموو شێوەیەك خۆی تەرخان کردووە بۆ خوێندنو موتالاَ تا لە نێو هاوڕێکانیدا گەر پرسیاری لێکرا بە باشی وەلاَم بداتەوە، لە ناو فەقێیانی کوردستانیشدا پرسیارکردن باو بووە بۆ زانینی ئاستی زانستی، بۆیە دوای بەڕێکردنو شەونخونیو هەولێکی زۆر فەقێ بۆتە مەلاو ئاهەنگی تایبەتی بۆ سازدەدرا، ئیدی لە زۆربەی زانستە ئیسلامیو عەرەبییەکاندا زایاری ئێکجار زۆری پەیدا دەکرد، بابای شاعیر وەك هەموو فەقێیانی کوردستان ژیانی ناڕەحەت بووەو لە پارچە شیعرێکدا گوزارشتی لەو ژیانە تالە کردووە، تەنانەت دۆعای وێران بوونی حوجرەی خواستووە:

حالی بەدحالی ئەمن مەعلومە، ئیفشای عالەمە
دیدە پڕ ئابو جگەر داغو زوبانم ئەبکەمە
عەیشو شادیم، چاوەکەم، گریانو شینو ماتەمە
ساکنی گۆشەی دەروونم پێم مەلێ دەردت کەمە
خوا لەباتی لەعلی فەننەر حوجرەکەم مەملوی خەمە
تاقەتو سەبرو قەرارو هۆشو ئارامم چووە
مەصلەحەت وایە سەری خۆم هەلگرم تاکو زووە
بۆ کەسێ دینی ببێ لەم جێگە قەت دانیشتن بووە
حوجرەکەی ئەم دیو (یقینا) هەروەکو قەبری جووە
چۆن لە باتی لەعلو لەمپا دوودو عەقرەب هەمدەمە
قەت لە باسی خواردنی ئەم جێگە هیچ کەس نادوێ
دۆینە گەر بیکەیە صەحرا ئیتر گیای ناڕوێ
بێ درۆیە ئەم قسەیە دەیکەم بە ڕاستی بیبێ
گەر لە بەحسی ئەکلو شوربیش بێمە تەحریر جوزئی
بێدرۆ نابێ لە فەرچێ ئەر بلێی عەینی سەمە
من لەبەر خوێندن دائیما خوێنی جەرگی خۆم ئەخۆم
بێ کەسو ڕووتو غەریبو عاجزو دلّ پڕ لەغەم
بەحسی عیلمی ئەم زەمانەت بۆ بکەم بێ زیادو کەم

خوێندنۆ تەحسیلی ئیستە باعیسی دەردو غەمـــە
من فێرارم کرد لە دەست ئەم جێگە وا ڕێم تیٚ کەوتەوە
بەختم هەڵسا بوو لە خەو، دووبارە بۆ خۆی خەوتەوە
ڕەببی وێران بیٚ بە حوجرەو مەدرەسەو مزگەوتـــەوە
من خۆ مەحرومم لە چایی هەر لە دارو نەوتـــــــــەوە
بەحسی دۆینەش وەستابیٚ دەر دوو هەفتە یەك ژەمە

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا چۆتە بنج و بناوانی ژیانی فەقێیەتی نێو کۆمەڵی کوردەواریو باسی لەو دەردی سەریو مەینەتیو نارەحەتییانەی ئەوسا کردووە، ڕێك لێرەکاندا پێویستە هەڵەیەکی نێو کتێبی (کەشکۆڵی ئەدەبی کوردی)ی موحەممەد عەلی قەرەداخی ڕاسکەمەوە کە گوتوویەتی پێدەچیٚ شێخ بابە ڕەسولٚ دەگەڵ مەحرومی شاعیردا ئەم شیعرەیان بە شەریکی نووسیبیٚ، چونکە لە یاسای پێنج خشتەکیدا دەبیٚ نێوی هەردوو شاعیر بنووسریٚ، ناوهێنانی مەحروم لەم پارچە شیعرەدا نێو نییە بۆ شاعیری ناوبراو، بەڵکو مەحروم بوونە لە چاییو نەوت.

**بابای شاعیر و هەستی نەتەوایەتی:**

بەو پێیەی بابای شاعیر لە نێوان سالآنی (1885، 1944) دا ژیاوە، کوردستان لەو عانو ساتەدا بندەستو لە ژێر ستەمو زۆری داگیرکەراندا بووە، بە تایبەت سەردەمی عوسمانییەکان، هەستی نەتوایەتی لە ناخیدا چەسپیبوو، شایەتحاڵی گۆڕانە سیاسییەکان بووەو فرە هۆشیار بووە، لە چەندین جێدا ڕەخنە لە دەستەلآتی عوسمانییەکان دەگریٚ کە تەنانەت نێوبردنی کوردستانیان بە کوفر زاینوە، ئەوەتا لە دێڕەش شیعرێکدا دەڵیٚ:

کەعبە کەچ نابیٚ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێی بڵێن بە واعیز بۆچی مـن تـەکفیر ئـەکـا

ئەم شیعرەی بۆ مەلا موحەممەدی وانی نووسیوە لە کاتێکدا نەفی کراوە بۆ شاری وان، ئەمەش پارچە شیعرەکەیە وەك خۆی:

ناتیقەی حـــاڵی وەتن دەرسی وەتەن تەقریر ئەکـــا
کـــاتبی دڵ حەرفەکانی یەك بە یەك تەحریر ئەکـــا
گفتوگۆیەکی خـــۆش‌و پڕ مەغزە دایم دێتـــە گوێم
وا ئـــەزانم هـــاتیفێکی غەیبی یە تەفسیر ئـەکـــا
پێم ئەڵێ بۆ غەم ئەخۆی، سوڵتانی سیـــاسی وەتەن
هەر بە قانونی مـــەحەببەت دوژمنی تەسخیر ئەکـــا
عـاقیبەت میعمـــاری فیکری ئیتتیفاقی قەومی کورد
دارولئیحسانی بیلادی کـــوردەکان تەعمیر ئەکـــا
سیلسیلەی کاکۆڵی ئاڵۆزاوی مـــــەحبووبەی وەتەن
وا بزانە زوو بە زوو عـــاشقی خۆی زنجیر ئەکـــا
خزمەتی خاکی وەتەن فەرزێکی عەینە بۆ هــــەموو
داخڵی ئەم حوکمەییە کێ فەرقی جوان‌و پیر ئەکـا
زوڵمەتی جەهل ئەچی زۆری سەندووە باکت نەبێ
نووری عیلمی عالمێکە عـــالەمێ تەنویر ئـەکـــا
بۆ دیفاعی زەهری ماری دوژمنی خاکی وەتـــەن
سەرتەیبی مەعریفەت تەرتیبی شەکر شیر ئەکـــا
شەوو ڕۆژ بۆ پاسی نامۆیی وەتەن ئینســـانێ کورد
سنگ بە قـــەڵغان سوپەر بۆ نـووکی شیرو تیر ئەکـا
هەر کەشێ فکری مەزاری بـاوك‌و بـاپیری هـــەبێ
بۆ بەقای ئیعزازی خاکی خۆی چلۆن تەقصیری ئەکا
بۆ نیشـــاندانی میسالێ پـــاڵەوانی قـــەومی کـورد
ئاوی کوردستان عەکسی شێری نەڕ تەصویر ئەکـــا
دادی حیکمەت دائەخا صەییادی تەبعی موستەقیم
هەر لە یەك داوا بە ملوێن وەحشی پێ تەسخیر ئەکا
تەبعی کەششافی ئەدیبی چاپ ئەکا (روح البیـــان)
ئایەتی عەقدی برایی کـــوردەکان تەفسیر ئەکـــا
پیـــاوی عالم دائیمـــا نەفعی عمومی مەتڵـــەبـــە

جـــاهیلی ناپیاوە هەر بۆ نەفعی خۆی تەدبیر ئەکا
لووتی وەرچەرخان لە شووشەی پڕ گوڵاوی شیعری من
منکری ئاســــــاری کوردی بۆنی پیازو سیر ئەکـا
بەعزە ئەشخاصیٚ هەیە مەیلی لە خورمـــا خواردنە
زائیقەی بەعزێکی تر مەیلی تریٚو هەنجیر ئەکـــا
کەعبە کەچ نابیٚ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم
پێی بڵێن واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر ئەکـا

شـاعیر لـەم پارچـە شـیعرەدا هەسـتی نەتەوایـەتی دەگـەڵ ئاییـندا تێکـەڵاو کردووەو وابەستەی یەکتری کردووە، فەرزی عەین چەمکێکی ئاییـنیـە وەك نوێـژ، واتە چۆن نوێژ فەرزە لە سەر هەر تاکێکی مسوڵمان ئاواش خزمەتکردنی خاکی نیشمان فەرزە، لە کۆتایی ئەم باسەدا دێینە سەر پارچە شیعرێکی دیکەی شێخ بابا ڕەسوڵ کە لە ڕووی کەشکۆڵی مەلا عەزیزی ڕێشاوییەوە نووسراوەتەوە، ئاشـکراو بـیٚ پـەردە بـاس لـە چەوسـاوەییو گـەلی کـورد دەکـاو ئامۆژگـاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکاو باس لە ژێردەستەییو ناهەمواری باروگوزەرانی ئەم گەلە دەکا، هەر لەم پارچە شیعرەدا دوا لە هۆزە کوردییەکان دەکا تەباو یـەکڕیزو یەکدەنگ بن بەرامبەر بە دوژمنان:

هەر کوردە عوشرەتی نەمـــابیٚ
هەر کوردە بەزمی بیٚ صەدا بیٚ
پیاویٚ بە ڕەواندزی ئەیفەرموو:
(ئەم مەسەلە کو دەبیٚ وەها بیٚ)
عالەم لە سەعادەتا ئەژی گشت
هەر کوردە حەیاتی لیٚ بڕابیٚ
دنیا هەمووی عەیشو نۆشە تەنها
هەر مەحفەلی کوردە بیٚ صەفا بیٚ
قانوونی تەزەللومە ئەفەرمویٚ:
ئەم کوردە لە ژێر ئەسارەتا بیٚ
سا گاز کەنە قەومی کوردی (خۆشناو)

با ڕۆمی لە قەومی (پشدەر)ا بێ
دەشتی (دزەیی) لە دەشتی (هەولێر)
باعیس چییە ئەهلی بۆ جیا بێ
ڕمبازی (جاف)و (زەنگنە)ی تیا بێ
(سورداش‌و)و (سیوەیل)و (شارباژێڕ)
بۆ (شیوەکەڵ) ئەبێ فیدا بێ
(هەورامی)و کوردی (شارەزوور)ی
بۆ دەردی (لهۆن) ئەبێ فیدا بێ)
(گەڵباغی)و (تیلەکۆ)و (مەریوان)
بۆ میللەتی (ژاوەرۆ) نەما بێ
(سنجاوی)و (کەلوڕ)و (هەمەوەند)
بۆ میللەتی (لوڕ) ئەبێ شیفابێ
(سابلاٚغ)و (سنە)و (سەقز) بە جارێ
با بانگ کەنە ئەهلی (بانە) دا بێ

**تا دەگاتە:**

ئیمانی هەیە ئەگەر بە ئایەت
ئەم کوردە هەموو ئەبێ برا بـێ
بورهانی موفەککیراتی کـوردی
بێ شوبهەیە بێ نەتیجە نـابێ

**گۆڤاری گزنگ/ ژمارە**38
**تەموزی** 2006



لای چەپەوە ( مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەلا موحەممەدی خاکی)

# مەلا موحەممەدی خاکی
# وەک زانایەکی خومناوو کوردپەروەرێکی ڕاستەقینە

(1)

مەلا موحەممەدی خاکی وەك زانایەکی گومناوو کوردپەروەرێکی ڕاستەقینە، یەکێکە لەو مامۆستاو زانا بەرزانەی کە لە لانکەی حوجرەو لە سەر دەستی مەلایانی خوێندەواری ئەوساکە پەروەردە بووە، ئەو خاوەن دڵێکی گەورەی پڕ لە عیرفان بوو، قەڵەمێکی بە بڕشت‌و مەلا باشێکی ئەم کوردستانە بوو، هەستی کوردایەتی‌و بۆ کوردژیان لە ناخیدا دەهات‌و دەچوو، خزمەتکردنی خاك‌و نیشتمانی بە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردی دەزانی، وەك کوردێکی جەرگ هەڵقرچاو هەموو تەمەنی تەرخانکرد بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوردی‌و کوردانـدنی زانستـە عەرەبیـە ئیسـلامییەکان، ئیـدی زیندووکردنـەوەی بـاس‌و خواسـی ژیـان‌و بەسـەرهات‌و بەرهـەمی ئـەم زانایانـە هـەوڵێکی فـرە گرنگـە بـۆ نووسـینەوەی سـەربهوردی ئـەو نێودارانـە، هەوڵێکـە بـۆ ناسـاندنی لایەنـە شاراوەکانیان‌و ناساندنیانە بە نەوەی نوێ، خاکی کوڕی حاجی عەبدولکەریمی کـوڕی حـاجی خواڕەحمـە، سـاڵی (1929) لـە گونـدی هەرگێنـەی سـەر بـە شارۆچکەی پێنجوێن لە دایك بووە، لە باوایەوە دەگات بە مەلا عەلی قزڵجی، هەر لە شارۆچکەی پێنجوێن‌و دەوروبەریدا زانستە باوەکانی ئەو عانەی خوێندووە، دواتر لە ساڵی (1950) ڕووی کردتە سلێمانی‌و تێکڕای زانستەباوەکانی ئەو کاتی فەقێیەتی بە پایان گەیاندووە، ساڵی (1956) هەر لە شاری سلێمانی لە لایەن شێخ موحەممەدی خاڵەوە ئیجازەنامەی دوانزە عیلمی پێبەخشراوە، بەو پێیەی شێخ موحەممەدی خاڵ سەرۆکی لێژنەی زانستی سلێمانی بووە، کتێبی (یاساکانی ئیسلام) ساڵی (1969) لە سلێمانی چاپکراوە، یەکێکە لەو کتێبە بە قـەدرو بـەهاو قـەبارە گەورانـەی ئەوسـا لـە کـاتی خۆیـدا دەنگۆیـەکی گـەورەی نایەوەو توانی بۆ یەکەمین جار زانستی فیقهی ئیسلامی بە کوردی بخاتە سەر کاغـەزو تۆمـاری بکـات، لـە کوردسـتانی ئێرانیشـدا وەك کتێبێکـی سـەنگین تەماشایان کردووەو لە هەشتاکاندا چەند جارێك چاپکراوەتەوە، یەك بەرگی لێ چاپ بووە، ئیدی ئەم کتێبە گرنگییەکی گەورەی هەبووە لە چ لە ڕووی ئاینییەوە

وە چ لە ڕووی زمانەوانییەوە، نووسینی شتێکی لەو بابەتە قورس‌و دژوار بووە، لە هۆی دانانی ئەم کتێبەداو لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: (کتێبخانەی کوردی لەم کاتەدا پێویستی بە هەموو جۆرە خزمەتێك هەیە، واتە پێویست‌و فەرزو ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە کە ئەم هەلە لە کیس خۆی نەدات‌و بەرهەمی زانیاری خۆی بە زمانی کوردی بخاتە بازاڕی کوردەوارییەوە، چونکی دەمێکە بازاڕی زانیاری‌و ئەدەب‌و ئایین بە زمانی کوردی کەساس‌و بێبرەوە، ئومێدم وایە کە لەمەودوا هەموو کوردێکی ڕۆشنبیرو قەڵەم ڕەوان چاکی مەردانەی لێبکا بە لاداو ئەوی لە توانایەتی بۆ ئەم گەلە کلۆڵە دواکەوتووەی نەشارێتەوە...).

(2)

خاکی خاوەن قەڵەمێکی کوردانە بوو، هەمیشە هەستی بە دواکەوتوویی کتێبخانەی کوردی دەکرد، زۆرجاران لە کتێبەکانیدا ئاماژەی داوەتە ئەم ڕایەو ئامۆژگاری نووسەران‌و خوێنەرانی کردووە کە بە کوردی بنووسن‌و بخوێننەوە، هەر زوو هەستی بەوە کردووە کە کورد وەك میللەتێکی ئایین پەروەر لە ڕووی نووسراوەی ئاینییەوە کەمدەست بووە، ئەوکات خەڵکانێکی زۆر زمانی کوردییان بێقەوەت تەماشا دەکرد، لەم پێناوەدا ساڵی (1971) بە دوو ساڵ ڕاڤەی قورئانی کردووە، نێوی ناوە تەفسیری (خاکی)، هەتا بڵێی کوردیەکەی پاك‌و ڕەوانە، هەر حەز دەکەی بیخوێنیتەوە، ئەم تەفسیرە بەکوردی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی تێدایەو بەم خەسڵەتانەش لە کتێبە هاوشێوەکانی جیادەکرێتەوە، زمانی نووسینەکەی پوختەو بە کوردییەکی پاراو پێشکەشی کردووە، ئاماژەی داوەتە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان، ئەتوانین بڵێن ئەم کتێبە تێکەڵەیەکە لە زانستە ئیسلامییەکان‌و تێیدا لە هەموو زانستە ئیسلامییەکانی دیکە دواوە، لەم ساڵانەی دواییدا واتە ساڵی (1998) سێ جزمی لێ چاپکراوە، بێئەنداز دەسخەتی خۆشبووە، کتێبانێکی زۆری بەدەستی خۆی نووسیوەتەوە، بۆ چەندینجار ماڵ‌و کتێبخانەکەی سووتاون‌و هیچی بۆ

دەرنەچــووە، هــەر لــە پێشــەکی جزمــی یەکەمــدا دەڵــێ (بــۆ دووجــار مــاڵ‌و کتێبخانەکەم سووتاون‌و تیاچوون، ئەوەی کە ماوەو تیانەچووە سی جزمی قورئانە کە بە زمانی کوردی تەفسیرم کردووە...)، دیوانێکی شیعری گەورەشی سووتاوە، چەندین بەرهەم‌و دەسنووسی حازر بەدەستی هەنە، لەوانە (ڕابەرانی ئیسلام، شەرحی عەوامیلی جورجانی، شەرحی صەمەدییە، تۆمارێکی گرنگی مێــژوویی ناوچــەی پێنجــوێن‌و دەوروبــەری)، ســەرەنجام لــە ڕەمــەزانی ســاڵی (2003) کۆچی دوایی کردو مامۆستایان‌و هاوڕێیان‌و ئەدەب دۆستانی خەمبار کرد، بەو بۆنەوەیەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چەندین بابەتی هەمە جۆر لە بارەیەوە بلاّوکراوەتەوە، ماوەتەوە بڵێین خاکی وەك نووسەرو کوردپەروەرێکی ڕاستەقینە لە نێو ئازارو خەمەکانی نەتەوەکەیدا ژیاو هەر لەم پێناوەشدا بەرهەمەکانی پێشکەش کردووە.

**گۆڤاری ڕوناکبیر/ ژمارە** 12
**ئایاری** 2005



(لەچەپەوە بۆ ڕاست) (كەڵەیمی شاعیر، مەلا شێخ موحەممەدی باوكی)

# كەڵەیم وەك شاعیرێكی
# مەژگ خەورەی هەورامان

(1)

(کەڵـەیم)ی شـاعیر یەکێکـە لـەو مامۆسـتاو شـاعیرە بەرزانـەی کەلـە لانکـەی هەورامانی جوانو ڕازاوەدا پەروەردە بووە، لەو شاعیرانەیە کە هەرگیز بە ئاواتو خۆزیاکـانی نەگەیشـتووە، نـاوی تـەواوی مـەلا ئەحمـەدی کـوڕی مـەلا شـێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عەبدوڵای کوڕی شێخ حەمە موڕادی) سەرگەتییە لە بنـاری هـەورامان، کەڵـەیمی شـاعیر لـە هـۆزێکی فراوانـی کوردسـتانە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی نیشـتەجێی هـەردوو هـەورامانی ئێـراقو ئێـرانن، لـە هەورامانی ئێراقدا نیشتەجێی گوندەکانی دەمەیەو بارام ئاوان، لە کوردستانی ئێـرانیش لـە گونـدەکانی دەرەی مـەڕو ئەحمـەد ئـاوا نیشـتەجێن، زۆرێکیـان بـە مەلایەتییـەوە سـەرقاڵن، منـاڵ بـووە بـابی ئاشـنای کـردووە بـە زانسـتە ئیسلامییەکانو لـەم پێناوەشـدا چۆتە حوجرە، تامـەزرۆو تاسووقی خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان بووە، ئیدی زۆرجاران گەڕاوەو گەلێ ناوچەی کوردستان گـەڕاوە بـە مەبەسـتی پـتر شـارەزا بـوون، لـە هەڵەبجـەو سـلێمانیو هـەولێرو ڕەوانـدزو پێنجـوێنو مـەریوانو کـەرەج ماوەتـەوە، لای زۆربـەی مامۆسـتا زانـاو نێودارەکـانی کوردسـتان دەرسـی خوێنـدووە، لەوانـە ( مـەلا شـێخ موحەممـەدی بابی، مەلا عەبدولکەرمی مودەڕیس، مەلا عەبدولعەزیزی پریس، سەید بابە شێخ ئەڵمانە، مەلا مەعروف خاویێ، مەلا باقری بالك..)، بە فەقێیەکی زیرەكو بەتوانا نێوی دەرکردووە، هەر زوو دەستی کردووە بە نووسینی شیعرو حاشیە نووسین لە سەر گەلێ لە کتێبەکانی حوجرەی ئەوکات، لە ساڵی 1965 یەکەم بەرهەمی شیعری بڵاوکردۆتەوە بە نێوی (پێشهاتی مەرگ)، حاشیەگەلێکی ئاستبەرزی لە سەر کتێبەکانی (**فرائض شرح المنهج، منطق التفتازاني، إيساغوجي، تصريف ملا علي، كفاية البيتوشي**) تۆمار کردووە، شارەزاییەکی ئێکجار زۆری لە زمانی عەرەبیو فارسیدا هەبووە، بە هەورامیش شیعری گووتووە، لە ڕۆژی نۆی دوازدەی 1996 مەرگ بۆتە یاوەریو لە ئەحمەد ئاوا عەمری خوای بەجێهێناوە.

(2)

## شیعرو شاعیرێتی کەڵەیم:

جگە لە نێوی (کەڵەیم) چەند نێوێکی دیکەی لە شیعرەکانیدا وەکارهێناوە، ئەوانیش (عەبداڵ، مەلای هەورامان)، لە شیعر نووسیندا فرە بە قەوەت بووەو دەستێکی باڵای هەبووە، خێرنەدیوو بەشمەینەت بووە، خاوەن بیرێکی کوردانەو بە شێوازێکی زێدە ڕەوان شیعری نووسیوە، هەست ناسکو دڵپاکو بە وێژدان بووە، شیعرەکانی مەبەسدارو فرەمانان، باس لە دیمەنەکانی سروشتو بەهاری ڕازاوەو چەندین بە سەرهاتی مێژوویی کردووە، دیوانە شیعری(پێشهاتی مەرگ) نمونەی شیعری ناسکو تەرو پاراوە، گەلێ لە بابەتەکانی وەك ئامۆژگاری، چیرۆكو پارانەوەی لە خۆگرتووە، زۆرێ لە وتەکانی غەزالی فەیلەسوفی بە شیعر هۆنیوەتەوە، دوان لە دیوانەکانی لە کیمیا بارانی هەڵەبجەدا بەر شەپۆلی فەوتان کەوتووەو تاقە دیوانێکی ماوە ئەویش چاپنەکراوە.

کەڵەیم لە بابەتانێکی زۆر دواوە:

**یەکەم: شیعری نەتەوایەتی.**

ئەمن کوردم نەوەی کوردم لە زاری کوردی عەلـــەم دارم
لە کوردی کوردی کورد خوازم بە قورئانیش کە دیندارم
فیـــدای ڕۆحی کەســــانێکم کە کورد بێژی بێـــــدارم
بە مـــاڵو ڕۆح سەرو گیـــانم هەتا مردن فیداکـــارم

**دووەم: ئامۆژگاری.**

بۆ گــــەلو خـــاكو نیشتمـــان بەدتـــر چی یە
هێرشی چەوتو خیـــانەت مەنبـەعێکی تر نی یە
لابەرن ڕێگەی خیانەت ئەی گەلی کوردی نەجیــب
بانەمێنێ نەگبەتی کورد بەس هەوە هۆی تر نی یە

**سێیەم: فەلسەفەی ژیان.**

زبد خویان کەنار گیری فرازە اســت
کسی عاقل بوو رایی نیازە اســـــت
نەدارد کس بە بد خویان أمیـــــدی
نە أز دنیـــــا نە أز عقبی بە بعـــدی
(کەڵەیما) فکر با بهوشت عمیق است
چ خلقتهـــــا زیکد یگر فریق اســت

( لە بەد ڕەفتاران پەرێز گرتن سەرفرازییە، بەڵام دەگەڵ ئاقڵاندا پەند وەرگرتن‌و بە نیاز گەیشتنە، هیچ کەس هومێدی بە بەد خوو بەد ڕەفتار نییە، نە لەم جیهانەدا وە نە لە پاشەڕۆژدا، ئەی کەڵەیم بیرکردنەوەکانت قووڵن‌و سرووشتەکان وەك یەك نین).

**چوارەم: موناجات.**

تۆ (**کریم العفو**)ی باری هەم خـــاوەنی لـــــوتف‌و عەتـــا
من (**کثیر الـــــذنب**)و گومـــڕاو بـــەد نەواو پڕ خەتـــا
سەد درێغ لەم عومرە پوچەم وا لە دەم کەل ڕۆی بەساڵ
وا کە گرتی ڕێی بەتـــاڵی‌و وا بوو ئیمـــڕۆ پـــایە ماڵ
چەندە جـــــار کردوومە تۆبە هەر لـــەسەر کرداری بەد
عـــــاقیبەت یەك یەك شکـــاندم (یاکـــریم) و (یاصمد)
حـــەقی پـــاکی (أحمد) خۆت بە (مختـــار) داوتە باز
تـــــۆ پەنــــامدە ڕۆژی مەحشەر هەم بدە پێم ڕێی نیـاز
تـــــا ببم یـــــارت یا وەکوو یـــاوەری یاری (صدیق)
ڕوو لە غەریب بم ڕێ گوزرە کەم تا بە قاپیت بم ڕەفیق
خــــۆ برینــــــدارە لاشـــــەم ناگەمـــە بێمــە حوزور
تـــــۆ ببەخشە گشت گونـــــاهم تا ببێ بۆم ڕێی عبور

**چوارەم: شینگێڕان.**

کەڵەیم کوڕێکی لە سەرچاوەی زەڵمدا خنکاوەو کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەرو بەم شێوەیە شینی بۆ گێڕاوە:

چەرخی سیا ڕەنگ چەرخی سیا ڕەنـگ
سیات کەر چارەم بێ ڕەنگو بێ دەنـگ
زیللەت بێ وەررات وەی ژیللەتی مــن
ررات نەبۆورە ررا هەر بوت ئـاهی مـن
چەرخێت ئاوردەن سۆزاش تازەو کۆن
زبرێوەت شـــانان نەیبەن غـــەبوون
کـــەردت وە نامم سیـــاچارەی وێـم
مـــــەغروقیت ئاوەر وە مەفروقی وێـم
نگینم بـــــەروت سیــات کەر وێنـەم
زەلیلـــت ئاوەر ئـــارای دوو بینـەم
دەرکەر جە دەستم نووری دوو وێنەم
ڕریشەی هۆشوو ژین لابەری کی نـەم
شۆڵـــــەی خەیاڵم وە جاخی بەرگم
یـــاریدەی هەواو ریشۆڵەی جەرگم
داوام کەر لای جەلای (رب العـالمین)
چـــەرخی باوەرۆ کە روت بێ نگین
خـــواوە چەرخێ چەرخت دو هەدەر
هەتـــا لای (کەڵەیم) نەمە نۆ کەدەر

نموونەیەك لە شیعرە بلاۆنەکراوەکانی کەڵەیمی شاعیر

چـاك بزانن مەردی کوردی دەعوەتی کـــوردان ئەکـــا
بۆ حقوقی قەومی کوردی چوون گـــەلی مەردان ئەکـــا
هەتا ئەڵێ فەرزەو وجوبە ڕووت بە ڕووی مەیدان ئەکـا
تا هـــەدەف نـــەهبی نهـــائی ڕۆستەمی پـەیمـــان ئەکا
خـوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکـــا
بـــۆ سبـووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـــا

شۆڕشت تیمسالی کوردە خۆ بە عەهدو پەیمان ئەکـــا
ڕۆڵــەکـــانی وان لە ڕیزا شــۆڕشی مـــەردان ئەکـــا
گێژەو و لـــوولی دوژمنی لاچوون مژی زوستـان ئەکـا
ڕۆژ بە ڕۆژ عیشقی بە سۆزی ڕوو بە ڕووی ئیمان ئەکا
خـــوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکـــا
بـــۆ سبـــووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـــا
وا گەلو هۆزی نەبەزمـــان ڕۆبەڕۆ پەیمـــان ئەکـــا
عـــالەمیٚ هەستی سەراسەر موعجبە دەوران ئەکـــا
شاهیدە یەکسەر بە جاریٚ لەو نەوشە حەیران ئەکـــا
بۆ نیزالی قەومی کوردان شۆڕشیٚ ســامان ئەکـــا
خـــوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکا
بـــۆ سبـــووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـــا
میللـــەتێکی وا جـــەسوورە شـــۆڕشی مەردان ئەکـــا
چەکی دەستی تاپڕو حسكو ساچ مەزەن شایان ئەکـا
ئەم جیهانە گشت بە یەکسەر سەر بەسام هەیجان ئەکا
وا بەرامبەر تۆپو هۆكو ئەسلـــەحەی عەسران ئەکـــا
خـــوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکـــا
بـــۆ سبـــووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـــا
وا نەزانن ئەم ووتـــارە سەربەخۆ نەبەزمـــان ئەکـــا
هێرشی شۆڕش بەبیٚ شك وێژەران نیشـــان ئەکـــا
شۆڕشی کوردان لە مێژە شەقلی چاوی دژمان ئەکـــا
ئەی گەلی نووحی پەیامبەر دژ لە تۆ ئەفغان ئەکـــا
خـــوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکا
بـــۆ سبـــووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـــا
چی نیـــزامی شەرقو غەربە، کۆنو تازەی هان ئەکـــا
بۆ نەمـــانی شۆڕشی تۆ داڵغـــەی فەوتـــان ئـــەکا
تۆ بە نانی وشکی بیٚ ئاو ڕووت بە ڕووی دوژمن ئەکا

چەن زەمـــانە چەند کـــاتە مەردی تۆ مەیدان ئەکـا
خـوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکا
بـۆ سبـووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکـا
عەسری ئەمڕۆ تەبعە ناوت لای گەلان باسان ئەکـــا
تۆ نەکەی لادەی لە شۆڕش گەل بە تۆ شایان ئەکـا
بەر نەدەی دەستت هەتا هەی فرسەتت ئامان ئەکـا
شەعبەکەت بیٚ شك بە مێژووە بەد گومـــان ئەکـــا
خـوێنی کوردان کاڵو سووری قورمزی نیشان ئەکا
بـۆ سبـووتی دەوری شۆڕش شاهدی کوردان ئەکا

**گۆڤاری سرووت ژمارە** 11/10
**بەهارو هاوینی** 2004.

# پێڕست


1. ئەدەبی فەلسەفی (موحەممەد ئیقباڵ - جوبران خەلیل جوبران) بەنمونە.
2. نازک ئەلمەلائیکە... فریشتەی شیعر.
3. مەحمود دەروێش... شاعیرێک گەورەتر لە فەلەستین.
4. ئێمی سیزێر... شاعیرو تێکۆشەر.
5. ئاڵۆزی شیعرو شیعری ئاڵۆز.
6. مەرگی ئەدەب.
7. مەرگی مەرگ.
8. تەکفیر کردنی ڕۆشنبیران یان کوشتنی هزر.
9. تایبەتمەندییەکانی کتێبی (یادی مەردان)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.
10. ئەحمەد هەردیو کتێبی (العروض فی الشعر الكردي).
11. نوربەخشی... شیعرەکانی مەلیکی کوردستان.
12. حەمەکەریم عارف... قەڵەمێکی بە ئەزموونو ڕەسەنی کوردستانی.
13. هەوڵێک لە پێناو بووژاندنەوەی شیعرەکانی شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی.
14. مەلا موحەممەدی خاکی...وەک زانایەکی گومناوو کوردپەروەرێکی ڕاستەقینە.
15. (کەڵەیم)... وەک شاعیرێکی مەژگ گەورەی هەورامان.